ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧١٩ ■ یەکشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ _ ٤ی فیورییەی ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## لە قەڵای دێموکراتدا، یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندان بە بۆنە ساڵیادی دامەزرانی یەکەمین کۆماری کوردستان بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی سەرەکیی دەفتەری سیاسیی حیزب، ڕێورەسمێکی بەشکۆ بەڕێوەچوو.

لەو ڕێورەسمەدا کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەم بۆنەیە خوێندەوە.

چەند سروودی پۆلێک لە کچان و کوڕانی دێموکرات، پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان و خوێندکاران، چەند گۆرانییەک بە دەنگی هونەرمەندانی پێشمەرگە و تابلۆیەک لە هەڵپەڕکێی لاوانی دیموکرات چەند بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوون.

# کۆماری کوردستان
# بەرهەمی قۆستنەوەی هەلێکی مێژوویی و بلیمەتیی پێشەوا بوو

سەروتار

### لە یادی شۆڕش و بەرەو ڕێبەندانێکی نوێ

**کەماڵ کەریمی**

ئەم ڕۆژانە ئێران لە ساڵیادی شۆڕشی ٢٢ی ڕێبەندان نزیک دەبێتەوە. ساڵی ١٣٥٧ گەلانی ئێران لەو ڕۆژەدا و بە دوای زیاتر لە ساڵێک خەباتی ئاشکرای خیابانی و دوای هەڵاتنی حەمە ڕەزا شا، کۆتاییان بە تەمەنی ڕێژیمێک هێنا کە لە ماوەی پێنج دەیەی لەدوای یەک، گوێی خۆی لە دەرد و ئازاری ئەو خەڵکە ئاخنیبوو و هاواری ئازادیخوازانەی ئەوانی بە گرتن و زیندان و ئەشکەنجە وەڵام دەدایەوە.

سەرەڕای بەرنامەکانی شا و دەست و پێوەندەکانی لە پێشکەوتنی ئابووری و سەنعەتیکردنی وڵات و پەرەسەندنی ئێران لە بواری فێرکاری و تەندروستی و بە گشتی چوونەسەرێی ئاستی ژیانی خەڵک کە تا ڕادەیەک سیمای ئێرانی گۆڕیبوو، دەسەڵاتی سەرمایەداری بەستراوە بە دەرەوە و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی تاکەکەسی کە خۆی لە دەسەڵاتی شادا دەدیتەوە، لەلایەک ڕۆژبەڕۆژ زیاتر چین و توێژی هەژار و مام ناوەندیی کۆمەڵگەی بەرەو فەقر و نەداری پاڵ پێوە دەنا و، لەلایەکی دیکەوە بۆ کپکردنی دەنگی نارەزایەتییەکان، ساڵ بە ساڵ زاڵبوونی فەزای پۆلیسی بەسەر ئێراندا پەرەی دەگرت و ئازادیخوازانی وڵات زیاتر دەکەوتنە بەر پەلامار و سەرکوتی ئەو ڕێژیمە. لە ئاکامی پێداگری و درێژەدانی ئەو سیاسەتانەدا بوو کە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ڕاپەڕیو، ڕێگەیەکیان لەبەر دەمدا نەمابوو جگە لەوەی کە کردیان و تێیدا سەرکەوتن.

ئەو ڕۆژە بوو بە ڕۆژی خۆشیی سەرکەوتنی گەل و زیندووبوونەوەی هیواکان بە داهاتوو و گەیشتنی هەموو ئێرانییەک بە ئازادی و ژیانێکی سەردەمیانەی شایانی مرۆڤی ئەم سەردەمە. هەرچەند زۆری پێ نەچوو کە، دەسەڵاتدارانی تازە و بە تایبەت ئاخوندەکانی تینووی دنیا و دەسەڵات بە خۆفەرزکردنیان لەسەر هێزی شۆڕش و خەڵکی ئێران بەرەبەرە چاوی هیوای ئەو خەڵکەیان کوێر کرد و ئەوانیش هەر جێ پێی خۆیان زیاتر قایم دیت، هەموو ئامانجەکانی خەڵک و شۆڕشەکەیان لەبیر کرد و پێش هەموو شتێک ئازادی ئەو خەڵکەیان لێ زەوت کردنەوە. لە بواری مافی مرۆڤیشدا ڕووی شا و یاسا و زیندانبانەکانیان سپی کردەوە و بۆ ژیانی خەڵکیش وایان کرد، خۆزگە بۆ ساڵانی ڕابردوو بخوازن.

ئێستا ٣٩ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ و وەک هەموو ساڵێک چاوەڕوان دەکرێ کە خەڵک یادی ئەو ڕۆژە بکەنەوە.

ل٢




٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ ٧٢ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان، یەکەم دەسەڵاتی سیاسیی کورد تێپەڕی. لە ٢ی ڕێبەندان و لە یادی کۆماری کوردستاندا هەر تەنیا کۆمەڵێک شانازی، کۆمەڵێک بەها و بایەخی دەوڵەتداریی پێشکەوتووی کورد بۆ ئەو نەتەوەیە بە میرات نەماوە؛ بەڵکوو شان و شکۆیەک بەجێ ماوە کە ڕۆڵەکانی کورد هەوڵی وەدیهاتنەوەی بۆ دەدەن. ٧٢ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان و یاد و بیرەوەریی ئەندازیارە بلیمەتەکەی، پێشەوا قازی محەممەد تێپەڕی؛ بەڵام ئاگردانی خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەروا ئیمان و باوەڕەکەی پێشەوایە بە ڕزگاریی نەتەوەیی و وەدیهێنانی مافی ڕەوا.


دوای ٧٢ ساڵ لە دامەزران و ڕووخانی دوور لە ئیرادە و دەسەڵاتی بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمارە، کورد لە هەموو شوێنێکی ئەم کوردستانە ئاڵای کۆماری هەروا بە دەستەوەیە و پێشمەرگە وەک یادگاری کۆمن چەکی شانازیی بەرگری لە کەرامەتی ئەو نەتەوەیەی هەروا لە شانە.

لە ساڵیادی دامەزرانی کۆمارەکەی کوردستاندا، بزووتنەوەی مافخوازیی کورد ڕێگەیەکی ڕژد و سەخت دەبڕێ و لە هەنگاوەکانی بەرەو لوتکەدا کۆمەڵێک کۆسپی لەبەردەم دایە، بەڵام وانەکانی پێشەوا قازی محەممەد و بیری ڕوونی پێشەوا هەروا ڕچەشکێنی ڕێبەندانی ئەو سەخڵەتە و نەسرەوتن و هەدانەدانن هەتا سەرکەوتن.


پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان/٢


مێژووی کۆماری کوردستان و چەند تایبەتمەندییەکی مێژوویی /٣


ئەم «قەڵا»یە لەبن نایە/٤


پانتۆمیمێکی پڕ «دەنگ و هەرا»/٦


ئاوابوونی خۆری بەختی کوردان/٩

کوردستان
ژمارە: ٧١٩
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ _ ٤ی فێوریەی ٢٠١٨

درێژەی:

## لە یادی شۆڕش و بەرەو ڕێبەندانێکی نوێ

ڕۆژێک کە خەڵک بە هی خۆیانی دەزانن نەک دەسەڵاتدارانی ڕێژیم. لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا ڕێژیم هەوڵی داوە بە وەڕێخستنی کارناڤاڵی میلیۆنی لە یادی شۆڕشدا، وا نیشان بدا کە ئەو خەڵکەی لەو ڕێپێوانانەدا بەشدار دەبن بۆ پشتگیری لە ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان و ڕێژیمەکەیانە و ڕێبەری ڕێژیم بە بەردەوامی ئەمەی بە چاوی نەیارانی نێوخۆیی و دەرەکیدا داوەتەوە. هەروەها ڕێژیم هەمیشە هەوڵی داوە نارەزایەتییەکانی خەڵک بە کاری کەمینەیەکی فریوخواردووی دەرەوە لە قەڵەم بدا، بەڵام خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٨٨ و ڕاپەڕینەکانی خەڵکی شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە پانتایی وڵاتدا لە مانگی بەفرانباری ڕابردوو، ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەی خستە بەر چاوی جیهان کە خەڵک ڕیزی خۆیان لەو دەسەڵاتدارە ئایینی و نیزامییانە جیا کردوەتەوە کە وەک حەمەڕەزاشا هەموو شتێک بۆ بەهێزکردن و پاراستنی دەسەڵاتەکەیان حەڵاڵ دەکەن.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئێران لەم ٣٩ ساڵەدا بەرەو کوێ ڕۆیشتوە و خەڵکەکەی بە کوێ گەیشتوون؟

ئەگەر ٣٩ ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ هەموو کێشەکانی ڕێژیمی شا لە نێوخۆدا ئێران وڵاتێکی جێی باوەڕ بوو بۆ وڵاتانی دیکە، لە سایەی دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا، ئێران ئێستا لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا یەکێک لە بێزراوترین ڕێژیمەکانی سەردەمە. ئاستی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بە تایبەت لە ناوچەدا، گەیوەتە جۆرێ لە بێ متمانەیی تەواو و زۆربەی وڵاتان بە گومانەوە دەڕواننە سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە. هەر ئەمە وای کردوە جگە لەو بێ متمانەییە، بۆ ڕاگرتن و پاشگەزکردنەوەی لەو سیاسەت و کردەوانەی کە دژ بە وڵاتانی دیکە گرتوویەتیە بەر، لە بواری دیپلۆماسی و ئابوورییەوە بە بەردەوامی بکەوێتە ژێر گوشاری وڵاتە زلهێزەکان. دیارە ئەم کارەش ڕاستەوخۆ شوێنی لەسەر ژیانی خەڵک داناوە و ئەو وەزعەی خوڵقاندوە کە هەموو خەڵکی ئێران لێی بێزارن و ڕاستەوخۆ بەرپرسانی ڕێژیم بە تایبەت کەسی یەکەم، ڕێبەر عەلی خامنەیی لێ بە بەرپرس دەزانن.

لە نێوخۆی ئێراندا، پێشکەوتنە ئابووری و سەنعەتییەکانی ٣٩ ساڵ لەمەوبەر ڕاوەستاون، کارخانەکان بەرەبەرە بەرەو لە کارکەوتن و داخران دەڕۆن، ئامارە ڕەسمییەکانی دەوڵەت کە زۆریش جێی باوەڕ نین، باری خراپی ژیانی کۆمەڵگەی ئێران دەخەنە بەرچاو. هەژاریی هەوسارپچڕاو، بێکاریی ڕوو لە زیادبوون، پەرەگرتنی نەخۆشییە درمەکان، پێڕانەگەیشتنی تەندروستی، چوونە سەرێی نەخوێندەواری بە هۆی فەقر و نەبوونی ئیمکاناتی خوێندن و پەرەگرتنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر بابەتی دیکە کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ژیانی خەڵک بە تایبەت چینە هەژار و کەم دەستڕۆیشتوەکانەوە هەیە، بەشێکن لەو کارەساتانەی لەو ٣٩ ساڵەدا و لە ژێر سێبەری کۆماری ئیسلامیدا نەسیبی خەڵکی ئێران بوون. ئەمە جگە لە زەوتکردن و بەربەست دانان بۆ هەر چەشنە ئازادییەک کە لە چوارچێوەی یاساکانی مافی مرۆڤدا بۆ هەموو ئینسانێک بە ڕەوا دەبیندرێ.

لە کوردستانیش، سەرباری هەموو ئەو بەڵایانەی کە وەک بەشێک لە دانیشتووانی ئێران ڕووبەڕوویان بوەتەوە، بە هۆی کوردبوون و خەباتیان لە پێناو وەدەست هێنانی ئامانجە ئینسانی و نەتەوەییەکانیان، بە بەردەوامی لە ژێر سزای قورسی ئابووری و ئەمنییەتیدا ڕاگیراون. پێشگرتنی بە پلانی پێشکەوتنی ئابوری لە بواری سەنعەتی و کشت و کاڵ و تەنانەت بازرگانییەوە کە هۆکارێکی بەرچاوە بۆ زیادبوونی بێکاری وەک لە کرماشان کە نرخی بێکاری لە ٥٠ لەسەدی تێپەڕاندوە، پەنابردنی خەڵک بۆ کۆڵبەری کە بە کار بە حیساب نایەت و بە نیزامیکردنی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان وەزعێکی نالەبارتری بۆ ژیانی خەڵک دروست کردوە. هەر بۆیە ئێستا خەڵکی ئێران بە گشتی بەدەرکی دروست و ناسینی ماهییەتی ڕێژیم، دوای ئەوە هەموو ڕێگەکانی بەرەو گۆڕانیان تاقی کردەوە و دەسکەوتێکیان نەبوو، ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمیان لە تەواوەتیی خۆیدا بە هەموو تاقم و دەستە جۆراوجۆرەکانییەوە هەڵبژاردوە و لە خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆژانەشدا دروشمی نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان بەرز کردەوە.

ئەوان دەیانەوێ و دەبێ لە ٢٢ی ڕێبەندانێکی نوێدا دوا پەیامی خۆیان بە گوێی دنیادا بدەنەوە کە، ئێرانێکی ئارام و ئازادیان دەوێ و وەک ساڵی ٥٧ کە جیلەکانی ئەودەم قسەی خۆیان بۆ لادانی حکوومەتی پاشایەتی بردە سەر، ئەمجارە و جیلی ئەم سەردەمە شەڕی حکوومەتی دینی خامنەیی و دارودەستەکەی لە کۆڵ خۆیان و جیهان بکەنەوە. هەنگاوێک کە نە تەنیا ئێران بەرەو ئارامی و پێشکەوتن دەبا، بەڵکوو وڵاتانی ناوچە و جیهانیش لە بەڵای سیاسەتی کۆنەپەرەستانە و تێرۆریزمی دەوڵەتی ڕزگار دەکا.

# پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان



**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**پێشمەرگە قارەمانەکان!**

٧٢ ساڵ لەمەوبەر لە هەلومەرجێکدا ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەنگاویان بۆ دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان هەڵێنایەوە کە، بە دوای تێکشکانی فاشیزمی هیتلێری و دەوڵەتە بە هێزەکانی هاوتەریبی لە لایەن هاوپەیمانییەتی جیهانییەوە، گۆڕانێکی زۆر لە سیستمی دەسەڵاتداری لە زۆر وڵاتانی ئورووپا و ئاسیادا پێک هات. ئەم گۆڕانکارییانە زۆر لەو وڵاتانە و دواتریش زۆر وڵاتی دیکەی جیهانی لە ژێر چنگی دەسەڵاتی سەرمایەداریی کۆن ڕزگار کرد و هیوای ڕزگاریی مرۆڤایەتی لە چنگ زوڵم و زۆرداری و گەیشتنی بە ئازادی و دنیایەکی دێموکراتی لە هەموو شوێنێک بڵاو کردەوە. ڕێبەرانی نەتەوەی کورد کە هەتا ئێستاش گەورەترین نەتەوەی بندەست و بێ دەوڵەتی جیهانە، بە سەرکردەیی پێشەوای نەمر قازی محەممەد بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی دروست و بەجێی ئەو بارودۆخە سیاسییە، لە حاڵێکدا کە ئێران بە هۆی پێخوست بوونی لەژێر باری قورسی هێزەکانی سۆڤییەت، ئینگلیس و ئەمریکا، کە هەر کام لە لایەکەوە بەشێک لە خاکەکەیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ و تەنیا چەند مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد و لەنێو ئاپۆرای جەماوەریی دەیان هەزارکەس لە هاونیشتمانیانی کوردستان کە لە شارەکانی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە ڕوویان لەو شارە کردبوو، دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستانیان ڕاگەیاند و بەمجۆرە خەونی لە مێژینەی ئەو نەتەوەیان کردە ڕاستی، کە لە پێناویدا بە هەزاران قوربانییان بۆ دابوو.

ئەم هەنگاوە بوێرانەی پێشەوای نەمری کورد، دوای ئەوەی کە زانییان حکوومەتی حەمەڕەزاشا و پشتیوانە دەرەکییەکانی ئەمریکا و ئینگلیس ئامادە نابن دان بە مافە ڕەوا نەتەوەیی و ئینسانییەکانی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئێران بە تایبەتی کورددا بنێن، نە تەنیا تاکە ڕێگەیەک بوو کە لەبەر دەمیاندا مابوو، بەڵکوو کارێک بوو کە غورووری نەتەوەیی کوردی بەرز ڕاگرت و ئەگەر هەموو دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێنا و هەوڵیان دەدا دەنگی کوردان کپ بکەن، پێشەوا و هاوڕێیانی کردیانە سەرەتایەکی نوێی مێژوویی حاشاهەڵنەگر بۆ نەتەوەی کورد. هەر بۆیە لە دوای تێپەڕینی ٧٢ ساڵ بەسەر ئەم ڕووداوە گرینگە مێژووییەدا، نە تەنیا حیزبەکەی پێشەوا حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یادی ئەم ڕۆژ و ڕووداوە مەزنە دەکەنەوە، بەڵکوو لە تەواوی نیشتمانی کوردستان و هەموو کوردێک لە پانتایی جیهاندا، بەڕێزەوە دەڕواننە ئەم ڕووداوە و بە سەربەرزییەوە یادی دەکەنەوە. بەداخەوە بە هۆی ناهاوسەنگی هێزوگۆڕانکارییە سیاسییە چاوەڕواننەکراوەکان و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی شا لە دوای ١١ مانگ کۆتایی بە تەمەنی ئەم کۆمارە هات.

٧٢ ساڵ تێدەپەڕێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان، داڕێژەر و پشتیوانی سەرەکیی ئەم پرۆژە نەتەوەییە هەتا ئێستاش بە بەردەوامی لە سەنگەری خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و ئاواتەکانی پێشەوا قازی تێ دەکۆشێ. لەم ماوەدا چەندین قۆناغی بە سەرکەوتن و پاشەکشە تێ پەڕاندوە، بەڵام هەمیشە بە چاوی ئومێدەوە ڕوانیویەتیە داهاتوو و ڕێبەریی خەباتی کردوە.

ئازادی و دێموکراسی و دابینکردنی مافە ئینسانی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەو دروشمانە بوون کە لە نێوەرۆکی بەرنامەکەی کۆماردا هاتبوون و ئێستاش داوای سەرەکی هەموو خەڵکی کوردستانە. داوایەک کە ئەم ڕۆژانە بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و لە هەر دەرفەتێکدا و بە هەر شێوازێک کە بۆیان کرابێ، ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی ئێرانیان کردوونەتەوە. ئەمانە لە هەلوومەرجێکدا بوون کە ٣٨ ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێران نە تەنیا وەڵامێکی بۆ ئەم خەڵکە ستەملێکراوە و داخوازییەکانیان نەبوە، بەڵکوو لە هەر شێوە و لە هەموو ئیمکاناتێکی لەبەر دەستیدا بوە بۆ کپکردنی دەنگی ئەوان لە ڕێگەی سەرکوتەوە کەڵکی وەرگرتووە، بەڵام نەیانتوانیوە پێش بە بەرەوپێشچوونی کاروانی پێشکەوتن و هەڵبڕینی دەنگی مافخوازانە و هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن بگرن.

**بەڕێزان!**

لە ٣٨ ساڵی ڕابردوودا خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان هاوشان لەگەڵ پێشمەرگە قارەمانەکانیان، لە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە خەباتی سەختی بەرەنگاری لە دژی کۆماری ئیسلامیدا بەشدارییان کردوە و لەو ڕێگەدا ئەم گەلە سەربەرزە قوربانیی زۆری داوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەش هیچ هەلێکی لەدەست نەداوە کە لە شار و گوندەکانی کوردستان لە دژی سیاسەتە دژی گەلییەکانی ئەم ڕێژیمە دەنگ هەڵبڕێ و دەنگی ئازادی و مافخوازانەی خۆی بە گوێی هەموو لایەک بگەیەنێ. بەڵام وەڵامی هەمیشەیی ڕێژیم بەم ناڕەزایی دەربڕینانە بەکارهێنانی هێز و سەرکوت بوە. سیاسەتێک کە نە تەنیا نەیتوانیوە مەبەستەکانی ڕێژیم وەدی بێنێ بەڵکوو ڕۆژبەڕۆژ بوەتە هۆی زیادبوونی ڕق و تووڕەیی خەڵک لەوان. لە درێژەی ئەم سیاسەتانەدا و گوێ نەدان بە داخوازییە بنەڕەتییەکانی خەڵک و گرینگی نەدان بە ژیان و داهاتووی خەڵکی ئێران بە گشتی، کە نە تەنیا کوردستان بەڵکوو هەموو وڵاتی ئێران و نەتەوە ژێردەستەکانی ئەو وڵاتەی گرتبوەوە، نزیک بە مانگێک لەمەوبەر ڕق و تووڕەیی پەنگخواردووی چەندین ساڵەی چین و توێژی هەژار و وەزاڵەهاتوو لە دەست ڕێژیم، خۆپیشاندانی هەزاران کەسی لە شار و شارۆچکە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی لێکەوتەوە.

لە ساڵانی ڕابردوودا و لە هێندێک لە دەورەکانی هەڵبژاردنی مەجلیس و سەرۆک کۆماریدا، بەشێک لە خەڵکی ئێران بە ئومێدی ڕاست دەرچوونی وادە و بەڵێنەکانی ئەم یا ئەو کاندید، لەم یا ئەو جێناحی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم، و لە چاوەڕوانی گۆڕانکارییەک کە بتوانێ لە جیاتی گرتن و زیندان و کوشتن لانیکەمی ئازادی و بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکا، هەوڵیان دەدا بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیان ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لەو هەموو نەهامەتییەی بەسەریاندا هێناون ببیننەوە. بەڵام کاتێ کە دەرکیان بەوە کرد کە دەنگی ئەوان لە پشت سەری هەر کاندیدێک تەنیا بۆ فریودان و ڕاگرتنییان لە ژێر باری قورسی زوڵم و ستەمی هەر ئەو ڕێژیمەدایە، و زانیان سات و سەوداکانی جێناحەکانی ڕێژیم بۆ قایم ڕاگرتنی بناخەکانی زوڵم و بێدادی و گرینگی نەدانە بە ژیان و داهاتووی ئەوان، هاتنە مەیدان و دروشمی دژی دەوڵەتی ڕۆحانیان گۆڕی بۆ دروشمە ڕاستەقینەکان و، دامەزرێنەر و ڕێبەر و نیزامی کۆماری ئیسلامییان کردە ئامانج. ئەوان بە دروشمەکانیان پەیامی زۆر ڕوونی بێزارییان لە درێژەکێشانی تەمەنی ئەو ڕێژیمە بە گوێی هەموو دنیادا دا.

ئەو خەڵکە لە نەبوونی ئازادی و بە زانیاری لەسەر بەهەدەردانی زۆرترین سەرمایەکانی وڵات لە لایەن ڕێژیم لە دەرەوە، ئەویش بۆ شەر بە مەبەستی پاراستنی دەسەڵاتە دژی گەلی و کۆنەپەرستەکانی هاوچەشنی خۆی و پەرەپێدان بە نفووزی ئیدئۆلۆژییە ئایینییەکەی خۆیان لە ناوچەدا لە ڕێگەی گرووپ و شەبەکە تێرۆریستییەکانیەوە، گەندەڵی ئیداری و دزینی پووڵی خەڵک لە لایەن کاربەدەست و دەست و پێوەندەکانیانەوە، کە ئەمڕۆژانە بەشێک لە نوێنەران و کاربەدەستانی دەوڵەت ئێعترافی پێدەکەن، گوێ نەدانی بە بەرنامە بۆ چارەسەری کێشەکانی ئەوان و پلانی زۆر بۆ بێبەشکردنی ئەو خەڵکە لە بەشداریکردنیان لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ڕێگەی شەقامیان گرتەبەر. ئەو خەڵکە کە نیزام و لەسەرووی هەموانەوە دەزگای ڕێبەری بە هۆکاری ئەو ستەم و نەهامەتییانە دەزانی، گۆڕانی نیزامیان وەک تاکە ڕێگەی بەردەمیان دەدیت. ئەمە لە حاڵێکدا بوو کە ڕێبەرانی نیزام سەرمەست لە پێداهەڵگوتنەکانیان بە سەرکەوتنەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکان و بێ ئاگا لە دەروونی پڕ خرۆشی خەڵک، تەنیا چاویان بڕیبوە توانای هێزە ئینتیزامییەکان و هێزی سپای پاسداران. ئەو هێزانەی کە دەرکەوت لە ڕۆژانی هاتنە سەر شەقامی خەڵک چەندە بەرامبەر، بە هێزی خرۆشاوی خەڵک دەستەوەستانە.

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

ساڵانێک بوو کە ڕێبەری نیزام دەیەویست بە بەهانەی دوژمنکارییەکانی خەیاڵیی دنیای دەرەوە چاوبەستی خەڵک بکا و لەو بەربەرەکانێدا کە هیچ بەرژەوەندییەکی گەلانی ئێرانی تێدا نەبوو، ئیدعای دەکرد کە خەڵک لە پشت سەری نیزامە و هیچ لایەنێک بە بوونی ئەو خەڵکە ناتوانی چاو لە ئێران بکا. ئەوان کە بە هۆی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی خۆیان و تەنیا بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دەسەڵاتی نیزامەکەیان ببوونە هۆکاری دروستبوونی فشارێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران کە هیچ خێرێکی بۆ خەڵک جگە لە چوونەسەری ڕێژەی بێکاری، فەقر ، پەرەسەندنی فەزای نائەمنی و بێ باوەڕی و لێکترازانی شیرازەی ژیانی کۆمەڵایەتی نەبوو، بە بەرەوپێش بردن و درێژەپێدان بەم سیاسەتانە، بە ڕوونی ئەو ڕاستییەیان دەردەخست کە ڕێبەرانی جۆراوجۆری نیزام هەست بە هیچ بەرپرسایەتییەک بەرامبەر بە ژیان و داهاتووی خەڵک ناکەن. پەسەندکردنی بوودجەی ساڵی ١٣٩٧ بە پێچەوانەی ئیدعا و بەڵێنەکانی سەرۆککۆمار لە کاتی هەڵبژاردنیدا لە لایەن دەوڵەتەکەیەوە، کە بەشە خزمەتگوزارییەکان و بە تایبەت بەشەکانی پەروەردە و لەشساغی کەمترین پشکیان بۆ دیاریکراوە لە حاڵێکدا لە وڵاتێکی قەیراناویی ئابووری وەک ئەمڕۆی ئێراندا دیسان بوودجەی دیفاع و سپای پاسداران زیاتر لە سی دەرسەد زیاد دەکرێ، نیشانەیەکی ڕوونە بۆ گوێ نەدانی ئەوان بە چاوەڕوانی و ویست و داخوازەکانی خەڵک تەنانەت ئەوانەش کە لە گەڵیانن.

**هاووڵاتیانی خۆشەویست!**

گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە و بەر لە هەموو خەڵکی ئێران، هەستی بە بێ کیفایەتی ئەو ڕێژیمە کردوە و بە بەشداری نەکردن لە ڕێفراندۆمدا لە بناغەدا ڕەوابوونی ڕەت کردوەتەوە و ئێستاش بەشێکن لەو لەشکرە میلیۆنییەی خەڵکی ئێران کە لەگەڵ ئەوەی بە زیادەوە باری قورسی ئەو زوڵم و بێدادییەیان لەسەر شان ڕاگرتوون، بە درێژایی ٣٨ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی خەبات دەکا. ئەم گەلە لەو ماوەدا هەوڵی داوە بە خەباتی خۆڕاگرانەی لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیم، بوون و مانی خۆی بە ئیسپات بگەیەنێ و ئەگەر لە سەنگەری بەرەنگاری پێشمەرگانەدا مێژوویەکی سەربەرزانەی بۆ خۆی تۆمار کردووە، لە بوارەکانی دیکەشدا چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی لە بواری تێکۆشانی مەدەنیدا کارنامەیەکی پڕشنگدارییان بۆ گەلەکەیان نەخشاندووە. ئەگەر دەوڵەت تا ئێستاش ئامادە نەبوە تەنانەت مادەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی نیزامەکەیان بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی لە ئێراندا جێبەجێ بکا، مامۆستایان و کوردی زانانی کوردستان، بە ماندووبوون و هەزینەی خۆیان هەوڵی فێرکاری زمانی کوردییان داوە و بە هەزاران منداڵ و لاوی کوردیان

ل ٣

# مێژووی کۆماری کوردستان و چەند تایبەتمەندییەکی مێژوویی



عومەر باڵەکی

دوای ئەوەی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆماری کوردستان ڕاگەیەندرا، دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی ناوچەکە کەوتە بەر دەستی بەڕێوەبەرانی کۆمار. لە هەلومەرجی ئەو کاتدا کە حکومەتی تاران بە کردەوە ناوچەکەی چۆڵ کردبوو، هەموو ئەرکێکی بەڕێوەبەریی ئەم ناوچەیە لە کاروباری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هەڵسوڕاندنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک کەوتبووە سەر شانی دامەزرێنەرانی کۆمار و بۆ ئەو مەبەستە دەبوایە دامودەزگای ئیداری پێک بێنن.

کۆماری کوردستان لە سەدەی بیستەمدا و لە دوای حکومەتی شێخ مەحموود دووهەمین ئەزموونی حوکمڕانیی کوردە و لە مێژووی کورددا یەکەم حکومەتی کۆمارییە و لەو سەردەمدا ڕەمز و نوێنگەی یەکیەتی و یەکپارچەیی نەتەوەی کورد بووە. لەهەمان حاڵدا دەتوانین بڵێن ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆمار، کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کورد بوو بەگشتی؛ چونکە نوێنەرانی هەر چوار پارچەی کوردستانی تیدا بەشدار بوون و تەنانەت هیندێکیان هەتا ڕووخانی کۆمار لە نێو دامودەزگای کۆماری کوردستاندا مانەوە و جێپەنجەی خۆیان لە بەڕێوەبردنی کۆماردا بە جێ هێشت. بێگومان هەتا ئێستا لە سەر کۆماری کوردستان زۆر وتار و کتێب لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە نوسراون، بەڵام ئەو بابەتە هەڵدەگرێ کە لێکۆڵینەوەی زیاتری لەسەر بکرێ و لە سەر تایبەتمەندییەکانی کۆماری کوردستان بنووسرێ.

ئەوەی لەو نوسینەدا بە کورتی دەخرێتە بەرچاو، چەند تایبەتمەندییەکی کۆماری کوردستانە کە هەرکام لەوانە دەکرێ بە جیا هەڵسەنگاندن ولێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێ.

## تایبەتمەندییەکانی کۆماری کوردستان:

کۆمار لە هەنگاوی یەکەمدا لە سەر بنچینەی کوردستانی بوون دامەزرا و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی باوەڕی بە دێموکراسی هەبوو. لە هەمان کاتدا لە نێو خۆیدا هەوڵی یەکڕیزیی نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی خۆی دەدا و لە دەرەوەی سنوورەکانی بەشوێن برایەتیی گەلان بە تایبەت گەلانی دراوسی لەگەڵ خۆی بوو. کۆماری کوردستان پێشکەوتنخوازبوو و هەموو هەوڵ و تەقەلای بۆ ئەوە بوو کوردستان لە قافڵەی پێشکەوتن دوا نەکەوێ و لە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی خۆی و تەنانەت دوژمنانی خاوەنی گیانی لێبوردەیی هەبوو.

### کوردستانیبوونی کۆمار

بۆ کوردستانیبوونی کۆمار دەتوانین بە کورتی تیشک بخەینە سەر چەند خاڵ:

ا. وتاری پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە تیدا باسی مێژووی کورد دەکا و هیوای ئەوە دەدا بە خەڵکی ئامادەبوو کە ئیدی سەردەمی شکان تەواو بووە و کورد ئێستا ئازادە و خاوەنی خاک ونیشتمانی خۆیەتی.

ب. لە دیواردان و هەڵاواسینی نەخشەی کوردستانی گەورە لە ژووری کاری پێشەوا.

ج. بە کردەوە بەشدارکردنی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ئیدارەدانی کۆماری کوردستان.

د. پەرەستاندن و گەشەکردنی بیر و هۆشی تاکی کورد لە خۆناسینەوەی وەک نەتەوەیەک.

ە. هێنانەخوارێی ئاڵای ئێران و هەڵدان و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان.

و. پێشەوا و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەچوونە ژێر ئەو فشار و زۆرییانەی تەورێز و باکوو کە کۆماری کوردستان بەشێک بێت لە کۆماری دێموکراتیکی ئازربایجان.

ز. ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا بەو شێوەیە باس لە هەڵویستی کوردستانیبوونی پێشەوا دەکا: «وادەردەکەوێ هەتا ئەو دەمەی کە بارودۆخ لە ئێران قائیم دەبێ دژ بە ئاڵۆزی و هەرای ئەو دیو سنووره، بەڵام بە لاینگرانی خۆی گوتوە لە دوارۆژدا دەبێ پشتگیری لە مەلا مستەفا بکرێ و دەگوترێ لە تورکیە و سووریە پێوەندی بە ڕێبەرانی خویبوونەوە هەیە.»

### باوەڕهەبوون بە دێموکراسی و مافی شارۆمەندی:

ا. بە قسەی دۆست و دوژمن پاراستنی دێموکراسی وای لە کۆماری کوردستان کردبوو کە لە ناوچەکەدا تاقانە خۆ بنوێنێ.

ب. پاراستنی مافی تاکەکان یەک لە بەهاکانی کۆمار بوو. بۆ نموونە هەموو کەس لە خۆی ڕادیوە کە لە هەموو ئۆرگان و دامودەزگای حکومەتی بەدوای مافی خۆیدا بڕوا و تەنانەت ئەگەر پێویست بووبێ توانیویەتی چاوت بە خودی پێشەوا بکەوێ.

ج. ڕەچاوکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان چ نەتەوەیی و چ ئایینی، بۆ نموونە خویندن بە زمانی زگماکیی خۆیان، بەشداربوون لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات و پەرەپێدانی کولتوور و فەرهەنگی خۆیان. بۆ نمونە: «ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٧٥، گەلاوێژی ١٣٢٥ باس لە کردنەوەی قوتابخانە بۆ هاونیشتیمانانی کەلیمی دەکا کە دەبێ بە زمانی کوردی و عیبری وانەی تیدا بگوترێتەوە و لە هەمان حاڵدا خوێندن بۆ کچ وکوریان ئیجباری بووە.»

د. بڕیارەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار بە ڕاوێژ بووە؛ بۆ نمونە پێشەوا لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ ڕۆژنامەی «کوردستان» لەبارەی بڕیاردان بەم شێوەیە دەدوێ: «ئەمن بەبێ تەسویبی کومیتەی مەرکەزی هیچ کارێک ناکەم، چونکە دێموکرات ئەوەیە کە شخص نەتوانێ مەسڵەحەتی میللی بێ موشاویرە بگرێتە دەستی خۆی.» ئەو بۆچوونەی پێشەوا سەرچاوەگرتوو لە باوەڕی قوول بە دیموکراسییە.

### یەکیەتیخوازی و باوەرمەندبوون بە برایەتیی گەلانی ئازادیخواز و ئازاد

ا. کۆماری کوردستان ئەو یەکیەتییەی بە کردەوە لە نێوخۆیدا دروست کردووە. بۆ نمونە: لابردنی دووبەرەکی لە نێوان خێڵ و عەشیرەتەکان، هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە نێوان شار و دی و هەموو بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبێ جیاوازی، لە هەمان کاتدا دامەزراندنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستاندا.

ب. هاوپێوەندی و هاوکاری لە نێوان کۆماری کوردستان و جمهوری دێموکراتیکی ئازەربایجان.

ج. پێوەندی لەگەڵ جمهوریی باکۆ و ئاڵوگۆری بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتە.

د. پێکهێنانی ئەو هاوپێوەندییە لە ڕاپۆرتی بێگانەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ نموونە لە ڕاپۆرتی کونسولی بریتانیا لە تەورێزدا هاتووە: « ... لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕزگاربوون لە زۆرداریی ڕەزاشادا پیاوانی وەک قازی محەممەد هەوڵیان داوە کوردەکان یەکگرتوو بکەن...»

ە. پێشوازیکردن لە بارزانییەکان و تەنانەت بەشدارکردنیان لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی کۆمار خۆی باشترین بەڵگەیە بۆ ئەو هەوڵەی پێشەوا و بەڕێوەبەرانی کۆمارە بۆ یەکیەتی و یەکگرتوویی خەڵکی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستان داویانە.

### پێشکەوتنخوازی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا

ا.هەولدان بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو.

ب. بایخدان بە بواری فەرهەنگی و لەشساغی.

ج. دەستەبەرکردنی بەستێنی ئەوە کە ژنان و لاوان بێنە نێو گۆرەپانی سیاسی و لەو پێناوەشدا دامەزراندنی ڕێکخراوی لاوان و حیزبی یایان کە لە دوایەدا بوو بە یەکیەتیی ژنان.

د. بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی و فسادی ئیداری.

ە. هاوڕەنگکردنی جلوبەرگی منداڵانەی قوتابخانەکان لە بەر ئەوەی هیچ منداڵیک هەست بە جیاوازیی چینایەتی نەکا.

و. کردنەوەی نەخۆشخانە بەناوی گوڵی سوور.

ز. هەڵمەتی کوتانی منداڵان بۆ پاراستنیان لەنەخۆشی.

ح. خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی جومعە بەکوردی و کەلکوەرگرتن لە خوتبە بۆ بەئاگاکردنەوەی خەڵک و دورکەوتنەوە لە خورافات و لە هەمان حاڵدا پەرەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەری لە نێو خەڵکدا.

ط. دامەزراندنی ڕادیۆ و سینەمای گەڕۆک.

ی. دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامەی «کوردستان» و بڵاوکراوەی دی.




### بایخدان بە پەروەردە و بواری خویندن

ا. بەڕەسمی کردنی زمانی کوردی.

ب. بە ئیجبارکردنی خویندن بۆ منداڵان بەبێ فەرق و جیاوازیدانانی ڕەگەزی.

ج. کردنەوەی قوتابخانەی شەوانە بۆ گەورەساڵان.

د. کردەنەوەی قوتابخانەی زمانە بێگانەکان.

### بایخدان بە قانوون و قانوون پارێزی

ا. دەرکردنی قانوون بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کە کاروباری کۆمەڵگەیان پێ ڕێک دەخرێ .

ب. دەرکردنی قانوونی سزادانی گشتی.

ج.دانانی وەزارەت یائیدارەیەک بەناوی وەزارەتی داد.

### گیانی لێبوردەیی و پێکەوە سازان

کۆماری کوردستان لەوسەردەمدا نموونەیەکی شازە لە پێکەوە ژیان. ئاماژە بە چەند خاڵ لەو پێوەندییەدا جێی خۆیەتی:

ا. کردنەوەی قوتابخانە بە زمانەکانی بێگانە (ڕووسی، فەرەنسی و ئینگلسی)

ب. ئازادبوونی ئایینە ئاسمانییەکان لە بەڕێوەبردنی هەموو بۆنەکانی خۆیاندا.

ج. ئەو پێکەوەسازان وگیانی لێبووردەیە بەڕادەیەک کاریگەری هەبووە کە کونسوولخانەی بریتانیا لە تەورێز لە ڕاپۆرتێکدا بەو شێوەیە باسی ئەو بابەتە دەکا: «ڕاپۆرتی زۆر سەبارەت بەکاری بەڕێ و جێ و دادپەروەرانەی کوردان دەگاتە دستمان... ئەو مەسەلەیە بە ڕادەیەک بۆ خەڵکی ورمێ گرینگە کە تەنانەت گوتراوە بازرگانە عەجەمەکانی نێوشار حکومەتی کوردییان دەوێ، هەروەها خاوە مولکەکانی ورمێش وا خۆ نیشان دەدەن کە لاینگری کوردانن...»

د. هەلسوکەوتی باش لەگەڵ دیلەکانی شەر. (تیمارکردنی بریندارەکان، پێدانی خواردنی باش، پێدانی ڕۆژانە ١٠ قڕان.)

ە. پێکهینانی ئەمنیەتێکی بەهێز بۆ پاراستنی سەروماڵی خەڵک. بۆ نموونە: لە حاڵێکدا هەموو یا زۆربەی خەڵک چەکدار بوون، بەڵام کەس هەڕەشەی لێ نەکرا. لە حاڵێکدا لە ئێران تیرۆر و ڕەشەکوژی هەرای نابۆوە و نائەمنی لە ئێراندا دروست کردبوو، خەڵک لە کۆماری کوردستاندا بە ئازادانە بیروڕای خۆیان دەردەبری و ئازادانە هاتووچۆیان دەکرد. خەڵک ئازادانە گوییان لە ڕادیو ئەستامبول و لەندەن دەگرت، لە حالێکدا هەر لە تەورێزی دراوسێ خەڵک تەنیا مافی ئەوەیان هەبوو گویی لە ڕادیۆ مسکۆ بگرن.

---

دریژەی:

## پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کۆردستان

بە خوێندنەوە و نووسینی زمانی شیرینی خۆیان ئاشنا کردوە. شاعێران و ئەدیبان بە بەردەوامی چرای کۆڕە ئەدەبییەکانیان ڕۆشن ڕاگرتووە و هەڕەشەکان نەیانتوانیوە پێش بە دەربڕینی هەستی ناسکی کوردانەیان بگرێ. ژینگەپارێزان، مامۆستایانی ئایینی نیشتمانپەروەر و تەنانەت ئەوانەش لە کاری خزمەتگوزاریدا بە یارمەتیدان بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەک یا بنکەیەکی پزیشکی بۆ شار و گوندەکەیان، بە تێکڕا نیشانیان داوە کورد نەتەوەیەکی خۆڕاگر و ئەرک وەخۆگرە و هیچ ڕێژیم و سیاسەتێک ناتوانێ بیری ئازادیخوازانە و مافخوازانەی ئەوان کە هەڵقوڵاو لە بیری نیشتمانپەروەرانانەیانە لە بن بێنێ. لەم ڕێگەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی بە پاڵپشت و یارمەتیدەری هەموو ئەو تێکۆشەرانە دەزانێ و هیواخوازین درێژەی ئەم تێکۆشانە لە بەرەبەیانی ئازادیدا یارمەتیدەر بێ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی ئازاد و دێموکراتیک، ئەوەی لە کۆماری کوردستاندا هەوڵی بۆ دەدرا.

### خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

ئێستا بە ڕوونی و بۆ هەموو لایەک دەرکەوتوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگەیەکی لە بەر دەمدا نەماوە بۆ چارەسەری و خۆڕزگارکردن لە چنگ ئەو هەموو قەیرانەی کە خۆی و بەرنامەکانی خولقێنەری بوون. ئەو ڕێژیمە یا دەبێ تەسلیمی ئیرادەی بە هێزی خەڵک بۆ گۆڕانێک بێ کە هەموو ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران و سەرجەم خەڵکی ئێران دابین بکا کە شتێکی چاوەڕواننەکراوە، یا جارێکی دیکە دەکەوێتە بەر ڕقی پڕ خرۆشی خەڵک و ئاواتی کۆتایی تەمەنی وەدی دێ. بۆیە پێویستە هەموو لایەک بە هەست بە بەرپرسایەتی زیاترەوە، لە هەر بوار و لە هەر فرسەتێک بۆ خەباتی یەکگرتوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئینسانی و نەتەوەییەکانمان کەڵک وەرگرین. دیارە لێرەدا بە گرینگییەوە دەبێ بڕوانینە ئەرکی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ یارمەتیدان بەم یەکگرتووییە. ئەرکێک کە هەموو خەڵکی کوردستان چاوی لێیەتی.

### بەڕێزان!

ئێمە لە بیرەوەریی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا، بە هیوا و گەشبینییەوە دەڕوانینە داهاتووی خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئێران بە گشتی. ئێمە ئێستا لە هەمووکات زیاتر بێزراویی کۆماری ئیسلامی لە نێو خەڵکی ئێران و لێبڕاویی گەلانی ئێران بۆ کۆتایی هێنان بە تەمەنی زۆرداری و دیکتاتۆری ئەو ڕێژیمە دەبینین. هەر بۆیە پەیاممان لەم ڕۆژەدا بۆ ئێوە ئەندامانی حیزب، هۆگرانی ڕێگە و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان و هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە، پێویستە یەکگرتوانە و شێلگیرانە لە قۆناغی ئیستای خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامیدا حوزوورمان هەبێ. جارێکی دیکە پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەتان لێدەکەین. بە هیوای وەدیهێنانی ئامانجە لە مێژینەکانمان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٩٦/ ١١/١**

---

## هەڵوێستمان بەرانبەر بە هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین لە ڕۆژاوای کوردستان

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئەرتەشی تورکیە هێرشی کردە سەر عەفرین لە ڕۆژاوای کوردستان و بە هۆی تۆپباران و موشەکبارانی سپای ئەم وڵاتەوە کۆمەڵێک لە دانیشتوانی مەدەنیی ئەم ناوچەیە و ژمارەیەک شەڕڤان شەهید کراون. ئەم هەڵوێستەی دەوڵەتی تورکیە بەرانبەر بە خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان بە بیانووی ئەوەیکە ئەو هێزەی کە لە ڕووی ئیداری و ئەمنییەتییەوە لە عەفرین دەسەڵاتدارە هێزێکی تێرۆریستییە، جیا لە ئیدیعایەکی بێ بنەما ناتوانێ شتێکی دیکە بێ.

کوردەکانی ڕۆژاوای کوردستان، لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان و ڕاوەستان بەرانبەر بە دیاردەیەکی ترسناک و تێرۆریستی وەک داعش، بە هەزاران کەسیان گیانیان لە پێناو شەڕی تێرۆردا بەخت کرد و چەند کارەساتێکی وەک وێرانکردنی کۆبانییان بەسەردا هات کە لە ئاکامی بەرەنگاری و مقاومەتی قارەمانانەی خۆیان دژ بە هێزەکانی داعش لە کۆبانی، ئەم شارەیان کرد بە سەمبوولی مقاومەت و نەکەوتن.

لەم قۆناغەدا کە هێشتا مەترسیی تێرۆر و سەرهەڵدانەوەی گرووپەکانی هاوچەشنی داعش هەڕەشەن بۆ سەر ناوچەکە، هێرشی تورکیە بۆ سەر عەفرین و هێزەکانی ڕۆژاوای کوردستان کە ڕۆڵێکی سەرەکیان لە کۆتایی هێنان بە تێرۆر لە بەشێکی بەرچاو لە خاکی سووریەدا گێڕا، جیا لە هەڵوێستێکی نابەرپرسانە و جیا لە دژایەتییەکی ڕوون لە گەڵ پێشکەوتنی پرسی کورد، ناکرێ ناوێکی دیکەی لە سەر دابندرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی هێرشی ئەرتەشی تورکیە بۆ سەر عەفرین و دەربڕینی هاوخەمی لە گەڵ گەلی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان، هاوکات داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی بەشدار لە هاوپەیمانیی دژ بە تێرۆر دەکات کە بە گوشار خستنە سەر ئەم وڵاتە، پێش بەم دەستدرێژییانە و ڕوودانی کارەساتی ئینسانیی دیکە بگرن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١ی ڕێبەندانی ١٣٩٦**

کوردستان
ژمارە: ٧١٩
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ _ ٤ی فێورییەی ٢٠١٨

# ڕوونکردنەوە لەسەر چەند باسێکی کاک مستەفا هیجری لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان

سایتی ئاوێنە ڕۆژی ٢٠١٨/١/٢٤ وتوویژێکی کاک مستەفا هیجریی بڵاو کردووەتەوە. لەم وتوویژەدا کاک مستەفا لە هێندێک شوێنیدا باس لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەسەلەی یەکگرتنەوە دەکا. بۆ ڕەواندنەوەی هێندێک گومان و دڵنیاکردنەوەی ئەو یەکگرتووخوازانەی کە لەوانەیە ئەم جۆرە باسانە نیگەرانیان بکا بە پێویستمان زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بدەین:

کاک مستەفا کە لە سەرەتای وەڵامدانەوەکەیدا زۆر بە باشی قسە لەسەر یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزب دەکا بەداخەوە، دواتر بەسەر هێندێک بابەتدا دەکەوێ کە بێگومان هەردوو لایەن دەبێ لەو هەلومەرجەدا زۆر بەرپرسیارانەتر لێیان ورد ببنەوە و قسەیان لەسەر بکەن:

* ئەوەی کە کاک مستەفا هیجری مەسەلەی ڕیفۆرم لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، لە هەوڵی سکرتێری پێشووی حیزب، بۆ وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران»دا، کورت دەکاتەوە و هیچ پێوەندییەکی بە ڕیفۆرم لە حیزبێکدا نیە و ناوی «هەوڵی نزیکبوونەوە لە ئێران»ی لێدەنێ، لەلایەک حاشاکردن لە سیاسەتێکە کە لە ٣٨ ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات هەم ئەو کاتەی یەکگرتوو بوو، هەم ئەو ساڵانەی دوایی کە بووە بە دوو لایەن، پێداگرییان لەسەر کردووە. ئەوەش کە کۆماری ئیسلامی چ وەڵامێکی بەم داوای ٣٨ ساڵەیە داوەتەوە، هیچ لە مەوزووعەکە ناگۆڕێ. لە لایەکی دیکەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شاهیدی هەموو بەڵگەنامەکانی و لەگەڵ هەموو کەم و کوورییەکانی، هەوڵی ڕیفۆرمی لە نێو تەشکیلات و ڕێکخراوەکانی خۆیدا داوە کە، تەنیا ئیشارە بە دەستاودەست کردنی دەسەڵات و پۆستە حیزبییەکان و گۆڕانی دوو سکرتێر لە ماوەی سێ کۆنگرەی ئەم حیزبەدا بە نموونە دێنینەوە. بە بێ ئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕانە بووبنە هۆی دروستبوونی کێشەیەکی ڕێکخراوەیی لەم حیزبەدا. ئێستا بەڕێز هیجری ڕیفۆرم بە چی دەزانێ ئەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

* لەسەر جیابوونەوە و لێکدابران کە دەڵێ «من دەڵێم هیچ مانایەکی نیە»، کاک مستەفا ئەگەر دەیهەوێ پەی بە مانا و هۆی ئەم ڕووداوانە ببا، حەق وایە بگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ڕابردووی بە یەکەوە بوونمان و لە چۆنیەتیی ڕوانینیان بۆ کاری ڕێکخراوەیی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ تاکەکانی حیزبدا ورد ببنەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر بە چاوی خەسارناسی و ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو ئەم ئاوڕە بدەنەوە، مانا و هۆکاری لێکدابڕان و جیابوونەوەکان دەدۆزنــەوە و دەگەنە ئەو ئاکامە ئەگەر بیهەوێ حیزبی دێموکرات یەک بگرێتەوە و بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، پێویستە ئەم جۆرە ڕوانینە گۆڕانی بە سەر دابێ. بێگومان بۆ ئەوەی « زەمینەیەکی هاوشێوەی ئەم چەند ساڵە دروست نەبێتەوە»، پێویستە بە مەسئوولییەتی زیاترەوە سەیری کێشەکان بکرێ و لێدوانیان لەسەر بدرێ.

* لەو شوێنەش کە باس دەکا «یەکگرتنەوە پێویستی بە دوو لایەن هەیە....ئەگەر تەنها یەک لایەن لێبووردنی هەبێ....یەکگرتنەوە سەخت دەبێ»، هەموو لایەک ئاگادارن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژە بۆ لابردنی یەکەم کۆسپی سەر ڕێگەی ئەوان، یەک لایەنە ڕایگەیاندووە کە لە پێناوی یەکگرتنەوەدا، کە ئەویش گرێدراوە بە ڕێککەوتنی کۆتایی و بە پەسندی هەردوولا، ئامادەیە «لە ژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە تێکۆشان بدەین».

* سەبارەت بە ڕێککەوتنەکانی تا ئێستاش، هەرچەند لەسەر زۆر بابەتی پێشنیاری هەردوولا لێک نزیک بووینەوە و هەیئەتەکان بە نیازپاکییەوە کاریان بۆ لێک تێگەیشتن کردوە، بەڵام لە سەر هیچ خاڵێک ڕێککەوتنی کۆتاییمان نەبووە و پۆستی سکرتێرییش یەک لەو خاڵانەیە کە هیچ ڕێککەوتنێکی لە سەر نەکراوە. بە تایبەت کە سکرتێر بە پێی پێڕەوی نێوخۆی ئێستای هەر دوولایەن، لە دوای کۆنگرە و لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە هەڵدەبژێردرێ و بڕیاری لەسەر دەدرێ.

سەرەڕای هەموو ئەوانە، ئێمە بە گەشبینییەوە دەڕوانینە ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی ڕێبەری و هەیئەتەکانی هەردوولا لە ئەستۆیان گرتووە و هیواداریـن، ئـەم جۆرە وتـوویـژ و لێدوانانـە کـار نـەکـەنـە سـەر ئـیـرادەی یـەکگرتووخـوازانی دێموکرات لە هـەر دوولا و وەک جـاران پاڵپشتی بـەرەو پێشچوونی ئـەو ڕەوتـە مێژووییە بن.

**کەماڵ کەریمی**

**بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پرسی یەکگرتنەوە**

**٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦**

## پەنێلی یادی ٢ی ڕێبەندان لە سلێمانی بەبەشداریی کاک کەماڵ کەریمی



یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستان لە سلێمانی سمینارێکی لە ژێرناوی «ئاستەنگەکانی بەردەم پرسی سەربەخۆیی لە کۆماری کوردستان ڕا تا ئێستا»دا بەڕێوەبرد.

لەو سمینارەدا کە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ٢ی ڕێبەندان بەڕێوەچوو، کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەژار هەورامی، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر لە سێ ڕەهەندی جیاوازەوە باسیان لە چۆنیەتیی دامەزران و هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و هۆکارەکانی شوێندانەر لەسەر ئەو ڕووداوە مێژووییەی کورد کرد.

تەیموور مستەفایی باسەکەی تایبەت کردبوو بە خەسارناسیی هۆکارەکانی هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان و مامۆستا هەژار هەورامی باسێکی پێشکێش کرد لە ژێرناوی «پرسی سەربەخۆیی لە کۆمار ڕا هەتا ڕاپرسییەکەی ٢٥ی ئەیلوول». کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش باسی لە «ململانێی زلهێزەکان لە ئێران و کاریگەریی لەسەر کۆماری کوردستان» کرد.

کەماڵ کەریمی لە باسەکەیدا تیشکی خستەسەر ئەوەی کە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان جیا لە بەستێنە نێوخۆییەکەی، بەرهەمی حزووری هێزەکانی هاوپەیمان لە ئێران بوو؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بریتانیا هیچ پشتیوانییەکی لە کۆماری کوردستان نەکرد و لەولاش یەکیەتیی سۆڤییەت قەت ئینتیمای بۆ سەربەخۆیی کورد نەبوو.

# ئەم «قەڵا»یە لەبن نایە



ناسر باباخانی

### ١) دوانەی ئاخوند_ پاسدار

لە یەک ڕستەدا دەکرێ بڵێین دوانەی «ئاخوند_پاسدار» لەسەر بنەمای خەرفاندن و بەلاڕێدا بردنی کۆمەڵگەی ئێران لە ڕێی شیعەگەری و دواجار بە زەبری چەک و زۆرەملی، لە ڕێگەی پاسدارەکانی ئەم سیستمەوە دامەزراوە. ئەمە تا هەنووکەش سەرەکیترین ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی بووە بۆ ڕاگرتن و پاراستنی ئەم دەسەڵاتە، چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەوە.

بەلاڕێدا چوونی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەم هەلەی بۆ ئاخوندکان ڕەخساند سواری لۆتکەی شۆڕش بن و بۆ گەیشتن بە ڕۆخی دەسەڵات، چینێکی گەنجی هەژاری نەخوێندەوار بکەن بە سەوڵی لۆتکەکەیان. چینێکی پەراوێزخراوی بێدەرەتان، کە بە نیسبەت حکوومەتی پاشایەتی پڕ بوون لە گرێوگۆڵی دەروونی. ئاخوندکان زۆر باش دەیانزانی ئەم ڕق و کینە پەنگخواردووە تەنیا و تەنیا بە کوشتن و قەتڵوبڕی دیتران دادەمرکێ و ئەوانیش بە ناوی خوا و ئیسلامەوە ئەوەی خواستی دڵیان بوو، پێیان کردن. بۆیە هەر لە سەرەتاوە ئەم گەنجانە کە زۆربەی هەرە زۆریان تەمەنیان لە نێوان ٢٠ بۆ ٢٥ ساڵ لانکەی دەکرد، بەرپرسیارێتی زۆر گەورەیان دەدرێتێ. ئەوان کە بە تەواوی گۆشکراوی ئاخوندی شیعە و ڕێبازەکەی بوون و تا ئێستاش کە لە ساڵانی ٦٠ی ژیانیاند ان وەفادارن بە ڕێچکە و ئایدۆلۆژیی شیعی و لە ڕاستیدا ئەوانن کە پارێزەری ڕێژیمن وەک پاسدار. تۆ کە ورد دەبییەوە هەرگیز فەرماندەیەکی پلەبەرزی ئەرتەش نابینی بەمجۆرەی کە فەرماندەرانی سپا لە میدیاکان دەردەکەون و هەڕەشەوگوڕەشە دەکەن لە خەڵک و وڵاتانی دەرەوە، لێدوان بدەن!

لە ڕاستیدا دراوی کۆماری ئیسلامی لایەکی ئاخوندە و لایەکی پاسدار، بەڵام ئەم خاڵە گرینگەش نابێ لە بیر بکرێ کە هەموو ئاخوند و پاسدارێک ئیزنی هاتنی نیە بۆ نێو ئەم بازنەیە، تەنیا ئەو کەسانە لەوێ دەبن کە لە چل ساڵ لەوەپێشەوە، سەفەرێکیان بەیەکەوە دەست پێکردوە بۆ دەستداگرتن بەسەر سەرجەم جومگەکانی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە! تەنانەت کەم نەبوون ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی گوماناوی لەم بازنەیە دوورخران و دواجار سەریان تێداچوو!

### ٢) گێڕانەوە ناڕاستەکە!

وەتەی کۆماری ئیسلامی هەیە هیچ ڕووداو و پێشهاتێک نەبووە کە پەردەیەکی تەمومژاوی بەسەردا نەکێشێ _ئەویش بە مەبەستی شاردنەوەی ڕاستییەکان و پەردەپۆشکردنی ناپاکی و جینایەتەکانیان لە هەموو بوارەکاندا_ کۆماری ئیسلامی هەرگیز لەگەڵ خەڵکی خۆی ڕاست نەبووە و دەرئەنجامی ئەم ناڕاستییە بۆتە هۆی ئەوە کە بچووکترین متمانە بەم سیستمە نەبێ و نەمێنێ.

ڕۆژی ٧ی گەلاوێژی ٧٥ی هەتاوی (٢٨ی جولای ١٩٩٦) هێزێکی زەبەلاحی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بە چەکی قورسەوە هێرش دەکەنە سەر قەڵا و بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و بە خەستی بە تۆپ و کاتیۆشا و خۆمپارە بۆ ماوەی نیزیک بە ١٢ ساعەت دەیکوتن. وەک باس دەکرێ ٣ تا ٤ هەزار گوللەی ئەم چەکە قورسانە وە ماڵەکان دەکەوێ و بەم هۆیە زیان و خەساری زۆر بەر دەیان ماڵی نێو بنکەکانی حیزب دەکەوێ. بەڵام بە پێی ئەوە کە هەر لەگەڵ جووڵەی ئەم هێزە لە نێوخۆوە، حیزب لە ڕێگەی شانەکانی خۆیەوە ئاگاداری هێرشەکە کرابوو، ماڵەکان چۆل دەکرێن و هیچ زیانێکی گیانی بە پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان ناگا و سەیر لەوەدایە وەک دەگوترێ قەڵای دێموکرات و دەوروبەری کە پڕ بووە لە پێشمەرگە بۆ بەرەبەرکانی لەگەڵ پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی، هێرشی نەکرایە سەر و ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە پاسدار تەنیا هاتبوون بۆ کوشتنی ژن و منداڵ! دیارە حیزب کومیتەیەکی مەیدانیش بە بەشداریی چەند فەرماندە هێز و ئەندامی کومیتەی ناوەندی پێک دێنێ بۆ ئەوەی هەم باری پاراستن و ئەمنیی دۆخەکە لەستۆ بگرن، هەم ئەگەر بێتوو پێویست بە قسەوباس هەبێ ئەوە حیزب لەسەر هەست بێ. ئەندامانی کۆمیتەکەش بریتی بوون لە مستەفا مەلوودی، برایم چوکەڵی، ئەحمەد پادگانی، ئەحمەد نستانی، سمایل بازیار و کاوە بەهرامی.

بەڵام ئەم عەمەلیاتە سەربازییەی سپا لەباری نیزامییەوە کە یەکێک لە ئەندامانی بازنەی ئاخوند_پاسدار، واتە پاسدار ئەحمەد کازمی فەرماندەیی دەکرد دواجار چیی دەست دەکەوێ؟

کاناڵی «مستند»ی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی بەڵگەفیلمێکی بڵاو کردۆتەوە بە ناوی «کوی سنجق» کە دەیەوێ ڕەوایەتی ڕەسمیی خۆی لەم ڕووداوەی وا بە کورتی لەسەرەوە باسم کرد دەربڕێ. پەیامی بەڵگەفیلمە گاڵتەجاڕییەکەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە:



«پاسدارێک بە خۆی و لەشکرەکەیەوە سنوور دەبەزێنێ بۆ ئەوەی پێشمەرگەی حیزب تەمبێ بکا. دەی، پاڵەوان بارەگا و مەقەڕەکانیان تۆپباران دەکا و پێشمەرگەش زۆر دەترسێن و دواتر لە لایەن یەکێتییەوە وەک نێوبژیوانکەر حیزب تەسلیم دەبێ و دەڵێ بە غەوس تازە نایەمەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵات! پاسدار کازمیش لەشکر هەڵدەگرێ و بە لای پارتیدا بڕواتەوە ئێران، کەچی پێشمەرگەی پارتی پێشیان پێدەگرن و دەمەقاڵە لە نێوانیاندا ساز دەبێ و کاک کازمی دەڵێ بۆ هەر زللەیەک کە لە لەشکرەکەم بدەن، سەد کەستان لێ دەکوژم. خۆلاسە کاکی پاسدار و لەشکرەکەی بە ڕێگایەکی دیکەدا دەگەڕێنەوە بۆ مۆڵگەکانی خۆیان! بەڵام ڕاویی بەڵگەفیلمەکە دەڵێ ئەو کارەی مەسعوود بارزانی کردی زۆر گرانی بۆ تەواو بوو!» ئەمە کۆی گێڕانەوەی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە لە ڕووداوەکە.

### ٣) ئەودیوی گێڕانەوەکە

بۆ ئەوەی ئامانجە سەرەکییەکان و پشتی پەردەی ئەم فیلمە بخەینە بەرچاو، پێویستە چەند خاڵێک شەنوکەو کەین بۆ ئەوەی دواجار بە دەرئەنجامێکی دروست بگەین:

_ ئەگەر سەرنج بدەنە بەشداربووانی فیلمەکە ئەوانەی خۆیان بەشداری هێرشەکەی کۆیە بوون، لە شێوەی قسەکردنیان ڕا بە تەواوی دیارە کە زۆربەیان تورکن! کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی لەم چەشنە کەلێنانە بۆ نانەوەی دووبەرەکی نەتەوەیی، ئایین و ئایینزایی، چینایەتی، جێندێری و... وەک «ستراتیژی کۆنترۆل» کەلکی وەرگرتوە، بەتایبەتی لەبەریەک ڕۆنانی کوردی سوننە و تورکی شیعە لە ناوچەکەدا! لە ڕاستیدا ئەم کەسانە بە مەبەست لە فیلمەکەدا خویا دەبن تا ئەوە بە بینەرەکەی بڵێن کە کورد وەک ڕابردوو هەر ئەوی ترە و جێی مەترسییە.

_ بە شێوەیەکی دەبنەوەبڕانە سازکردنی جۆرێ دڕدۆنگی لە نێوان ئەندامان و لایەنگرانی دوو باڵەکەی دێموکرات کە ڕێککەوتنامەکە کاک مستەفا هیجری، جێگری سکرتێری ئەوکات ئیمزای کردوە نەک سکرتێر. لەلایەک ئەو ڕێککەوتنە درۆیینەی ئەوان ڕێککەوتنێکە حیزب لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانی کردوویەتی و لەلایەکی دیکەشەوە شەخسی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئاماژە بەمە دەکا کە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پرنسیپێکی پرۆتۆکۆڵی. واتە بە پێی ئەوە کە دوکتور فوئاد مەعسووم وەک نوێنەری یەکیەتیی نیشتمانی تەرەفێکی ڕێکەوتنەکە بوو، بۆیە حیزبی دیمۆکراتیش کاک مستەفا هیجریی وەک جێگری سکرتێر بۆ ئەم کارە دەسنیشان کرد. لە کتێبی ئەزموونی خەبات (ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئامادە کردنی هەیاس کاردۆ، ٢٠١٢، چاپی دووەم، چاپخانەی ئەرزان، سوئێد) لاپەڕەی ٣٦٧ تا ٣٧٢دا بە تەسەلی باسی ئەم پەلامارە کراوە و باس لەوە دەکرێ کە ڕێکەوتنەکە بە ئاگاداریی دەفتەری سیاسی کراوە.

_ بەڵام ئەوەی زۆر گرینگە هەر لەم کتێبەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بەسەراحەتەوە دەڵێ: «ئێمە ماوەیەکی زۆر بوو لە ڕێگەی سەرچاوەی زانیارییەکانی خۆمانەوە دەمانزانی کە ئێران بەتەمایە هێرشێک بۆ ئێرە بکا. ئەو خەبەرەمان هەبوو.» هەرچەند ئاماژە بەمەش دەکرێ کە دواتر لە لایەن یەکیەتییەوە حیزب ئاگاداری پەلامارەکە دەکرێتەوە، بەڵام حیزب بەتەواوی خۆی ئاگادار بوو. باس لە گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر یەکیەتی و هێزە زەبەلاحەکەی سپا کە لە سنوور ئاودیو دەبێ و بەرەو کۆیە دەچێ بۆ تۆپبارانی ژن و منداڵ، ڕەنگە لە تاقەتی ئەم کورتەوتارەدا نەبێ، بەڵام دیسانیش دەیانەوێ یەکیەتیی پێ تۆمەتبار بکەن.

_ لەم بەڵگەفیلمەدا پارتی لە کوێ وەستاوە؟ سەرەتای بەڵگەفیلمەکە کە لە ڕاستیدا کۆتایی فیلمەکەشە، بە گەمارۆی پاسدارەکان لە لایەن پارتییەوە دەست پێ دەکا و بە فلاش بەک بۆ ڕابردوو و قسەی چەند پاسدار و جاشێک درێژە پەیدا دەکا. لە پاش «فتح الفتوح»ی پاسدار کازمی و تەواو بوونی مەئموورییەت، لەشکر دەگەڕێتەوە بەرەو ئێران بەڵام بە ناوچەی پارتیدا. لێرە چیرۆکەکە هەندێ دەشەمزێ. پێشمەرگەی پارتی، لەشکری کۆماری ئیسلامی گەمارۆ دەدا و بە دیلیان دەگرێ و وەک «برهان عەبدی، خەڵکی جوانرۆ»؛ جاشەکەی نێو بەڵگەفیلمەکە باس دەکا، چەند قونەشەقێکیشیان وێدەکەوێ. بەڵام سرنجڕاکێش ئەوەیە کە بە قسەی خودی پاسدار سەحراڕوودی، دیپلۆمات تیرۆریستی تیمی تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو، بارزانییەکان بەڕەڵڵایان دەکەن، بەڵام ئیزن نادەن بە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا تێپەڕن. هەردوا بەدوای ئەودا، گێڕەوەی فیلمەکە دەڵێ ئیتر لەو ڕۆژەوە سیاسەتەکانی قەرارگای هەمزە و قەرارگای ڕەمەزان بە قازانجی یەکیەتیی نیشتمانی ئاراستەکەی دەگۆڕدرێ و ئەم وەرچەرخانە بۆ مەسعوود بارزانی زۆر گران تەواو دەبێ!

لە دوابەشی فیلمەکە، گێڕەوە باس لەوە دەکا کە پاش ئەم ئۆپراسیۆنە ئاسایش و ئارامییەکی سەقامگیر بەسەر ناوچەدا حاکم دەبێ و خەڵکی کورد بە گۆشت و پێستەوە ...

ل٥

کوردستان
ژمارە:٧١٩
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ _ ٤ی فێورییەی ٢٠١٨

# کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمان لە دروستبوونی کۆماری کوردستاندا*




لەگەڵ دەسپێکی شەڕی دووهەمی جیهانی و سەرەڕای ڕاگەیاندنی بێلایەنیی ئێران، ئەو وڵاتە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانەوە داگیر کرا.

یەکیەتیی سۆڤییەت لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و لە دەریای خەزەرەوە لە ڕێگای تورکەمەنستانەوە هێزەکانیان دەگەیننە ئێران و لە ڕاستیدا بەشی هەرە زۆری باکووری ئێران داگیر دەکەن و هێزەکانیان لە ئازەربایجان و بەشێک لە ڕەشت و گیلان جێگیر دەکەن و تەنانەت لەوبەر دەریای خەزەریشەوە هەتا سمنان هێزەکانیان جێگیر دەبن. هاوکات بریتانیاش کە لە بەغدا جێگیر ببوو، لە ڕێگای خانقینەوە هێزیک بەرێ دەکاتە ئێران لە کرماشان، هەمەدان و قەزوێن جێگیر دەبێ و ئەوە ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ ئەوەی هێزەکانی بریتانیا بتوانن دەست بەسەر بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەقز، سنە هەتا کرماشان و خوارتر دابگرن. بریتانیا هەروەها لە ڕێگەی بەسرەشەوە هێزێک دەنیرنە نێو ئێران بۆ ئەوەی دەست بەسەر کوردستاندا بگرن کە گرینگترین چاڵە نەوتەکانی ئەو دەمی ئێران و ئێستای ئێرانیشی تێدایە تا بەو جۆرە کۆنترۆڵی تەواوی ئەو ناوچانە بکەن. دیارە ئەوە لایەنی سەربازیی کارتێکەریی هێزەکانی هاوپەیمانەکە بڵێین لە کوێوە هاتوون و لە کوێ جێگیر بوون، بەڵام گرینگتر لەوە کاریگەریی هاتن و جێگیربوونیانە لەسەر دۆخ و هەلومەرجی ناوچەکە.

لەو کاتەدا ئەمریکاش کە لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانییەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ هاتبووە نێو هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە، بەدوای قایمکردنی پێگەی خۆی لە ئێران و شوێنەکانی دیکەی ناوچەوە بوو.

لەو هەلومەرجەدا سۆڤیەتییەکان بەشێکی زۆر لە خاکی ئێرانیان بەدەستەوە گرتبوو. ئەوان شانسی زۆر زیاتریان هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەرییان لەسەر داهاتووی ئەو وڵاتە هەبێ. ئەوان لە هەلومەرجێکدا هێزەکانیان لەو بەشە گرینگەی خاکی ئێراندا مابوو، کە بەهۆی شەڕی دووهەمی جیهانییەوە توانیبوویان بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵات ڕزگار بکەن و حکومەتی سۆسیالیستیی لێ دابمەزرێنن. لە بارودۆخێکدا کە قسەی ئازادیخوازی و دێموکراسی لەسەر ناوی ئەوان تاپۆ ببوو و لە دنیادا وەردەگیرا، لە هەلومەرجێکدا کە لانیکەم دوو نەتەوە لە نێو خاکی ئێران، واتە نەتەوەی کورد و ئازەری لە کوردستان و ئازەربایجان پێشوازییان لە هاتنی ئەوان کردبوو، بۆیە یەکیەتیی سۆڤییەت دەیانتوانی ببنە پێگەیەکی باش بۆ درێژەدانی سیاسەتەکانیان لە ئێراندا. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەوە بریتانیاییەکان بوون کە توانیان گرەوی یارییەکە لە ئەوان ببەنەوە و بە تەئسیردانان لەسەر تاران و لەسەر پیاوانی سیاسیی ئێران، سیاسەتەکانی خۆیان ببەنە پێش هەتا ئەو جێیەی کە دوای چوار ساڵ بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی گەورەیان بۆ ساز بێ، سۆڤیەت ناچار بکەن بە بڕیاری ستالین هێزەکانی لە ئێران بەرێتە دەر. ئەوەش بووە هۆی ئەوە کە دوو نەتەوەی کورد و ئازەری کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا پشتیان بەستبوو بە بوونی ئەو هێزانە، لە ڕاستیدا بە تەنیا بمێننەوە. مەبەستی هاتنی ئەو سپا و هێزانە بۆ ئێران دیارە. سروشتییە هەر سپایەکی بێگانە کە دێتە وڵاتێک بۆ داگیرکارییە و بە مەبەستی دانانی کارتێکەریی سیاسییە لەسەر وڵاتەکە بۆ ئەوەی سیاسەت و ستراتیژییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا جێگیر بکەن. سەرەتای ئەو کارە لەلایەن بریتانیاییەکان بە پاڵپشتی ئەمریکا و بە لادانی ڕەزاشا دەستی پێکرد. ڕەزاشا کە لە ماوەی ١٦_ ١٧ ساڵ دەسەڵاتداریی خۆیدا وەزعی ئێرانی وا لێکردبوو کە ناسەقامگیری لە هەموو جێیەک دەبیندرا. مەعلووم بوو کە بریتانیاییەکان نیزامێکی سیاسیی ئەوتۆیان لە ئێران دەویست کە سەقامگیر بێ بۆ ئەوەی بتوانن بەرژەوەندییە درێژماوەکانیان لە ئێراندا دەستەبەر بکەن. ئەوان دەیانزانی لە وڵاتێکی ناسەقامگیری وەک ئەوکاتەی کە ڕەزاشا حکومەتی بەسەردا دەکرد بۆ ئەوەی مەبەستیان بوو دەستی نەدەدا، هەر بۆیە پیش هەموو شتێک ڕەزاشایان لادا و کوڕەکەی کە تازە پێ دەگەیشت لە جێگە دانا. بەڵام سەرۆک وەزیرێک ئەودەم دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت_محەممەدعەلی فروغی_ کە لە ڕاستیدا هەم بۆ ئێرانییەکان کەسێکی وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەر بوو، هەم بۆ سیاسەتکردن کەسێکی شارەزا و لەکل دەرهاتوو بوو. ئەو توانی لە ژێر سەرپەرستیی بریتانیاییەکاندا ئیدارەی دۆخی ئەو کاتی ئێران بکا کە بەدەست قەیرانێکی گەورەی وەک هاتنی هێزەکانی هاوپەیمانەوە گرفتار ببوو. دیارە ئەوەمان لەبیر نەچێ کە یەکێک لە هۆکارەکانی لادانی ڕەزاشا جیا لە ناسەقامگیربوونی وڵاتەکەی بەشێکیشی بەهۆی بوونی ئاڵمانییەکان بوو لە ئێراندا. پێوەندی ژێر بە ژێری ڕەزاشا لەگەڵ ئاڵمانییەکان و بوونی زیاتر لە سەدان کەس لە جاسووسەکانی ئاڵمانی لە ئێران کە بەردەوام هەوڵیان دەدا لە سەر سۆڤیەت_ کە بەرەی ڕاستەوخۆی شەڕ لەگەڵ ئاڵمانییەکان بوو لە باکووری ئێران_ زانیاری کۆبکەنەوە؛ کە ئەوەش بۆ سۆڤییەت و بۆ بریتانیا و ئەمریکاش زۆر گرینگ بوو کە پێشی پێ بگرن.

یەکێک لەو بابەتانەی کە دواتر کاریگەریی دانا لەسەر دۆخی سیاسیی ئێران کۆبوونەوەیەک بوو بە ناوی «پەیمانی ئیتحادی» کە لە تاران بەسترا. ئەو کۆبوونەوەیە لە نێوان کۆنسوولی بریتانیا و کونسوولی سۆڤیەت و سەرۆک وەزیرانی ئێران بەسترا و ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە هێزەکانی هاوپەیمان ٦ مانگ دوای کۆتایی هاتنی شەڕ وڵاتی ئێران جێ بهێڵن. لە ساڵی ١٩٤٣دا کە بۆ یەکەمجار ڕۆزڤێلت و چرچیل و ئیستالین لە تاران کۆ دەبنەوە، ئێران پێداگری لەسەر وەگەڕخستنەوەی ئەو خاڵەی پەیمانی ئیتیحادی دەکا کە لەوێشدا موافقەتی لەسەر دەکرێ و هەر ئەوەش بیانووی بەهێزی دایە دەستی ئەمریکا و بریتانیا کە دواتر فشاری زیاتر بخەنە سەر سۆڤیەت بۆ ئەوەی هێزەکانی لە ئێران بکێشێتەوە.

لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەریی هێزەکانی هاوپەیمان لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێران و ناوچە دەست بەسەرداگیراوەکان دەبێ بڵێین کە سروشتییە هاتنی ئەوان لە سەرەتادا بۆ ئەوە بوو کە ئێرانیان بەدەستەوە بێ. چونکی سۆڤیەت لە بەرەی ڕۆژئاوای شەڕی خۆیدا لەگەڵ ئالمان بە تەنیا بوو و پێویست بوو ئەمریکا و بریتانیاییەکان یارمەتیی پێ بگەیەنن. ئێرانیان وەک پردێک دیتەوە کە بتوانن پێیدا بپەڕنەوە بۆ سۆڤییەت و یارمەتییە نیزامییەکانیان بگەیەننە ئەو وڵاتە. ئەمە بیانووی سەرەکیی هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان بۆ ئێران بوو. بەڵام لەسەر کاریگەرییەکانی؛ ئەگەر باسی کاریگەرییە کاتییەکانی بکەین کە هیندێک لایەنی پۆزیتیڤی لێ کەوتەوە؛ هاتنی ئەو هێزانە بۆ نێو ئێران وەزعێکی لە ئێراندا خولقاند کە دوای نیزیک دوو دەیە دەسەڵاتی پۆلیسیی ڕەزاشا خەڵک هەستیان بە بوونی ئازادی و جۆرێک دێموکراسی لە وڵاتدا دەکرد. هەر ئەوەش وایکرد کە کۆمەڵیک حیزبی باش لە ئێراندا دروست ببن و ئەو حیزبانەی پێشووش کە هەبوون بە جۆرێک زیندوو ببنەوە و ئەمە یارمەتیدەر بوو بۆ کرانەوەیەکی سیاسی لە ئێراندا.

ئەگەر لە ناوچەی کوردستان بڕوانین، هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان لە کوردستانیش کاریگەریی خۆی لەسەر هەلومەرجەکەدا دانا. بوونی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئازەربایجان و دواتر کشانەوەی لەو بەشەی کوردستان سەر بە پارێزگای ورمێ، لە موکریان کاریگەریی زۆری هەبوو. بریتانیاییەکان نەیانتوانی هێزەکانیان بێننە ئەو شوێنانە لەبەر ئەوەی کە لە ڕووسەکان نزیک نەبنەوە و ئەوە دەرفەتێکی لەباری ڕەخساند تا هەم ئازەرییەکان و هەم کوردەکان لەو ناوچانە بیر لەوە بکەنەوە کە زیاتر لەو دۆخەکە کەڵک وەر بگرن.

بە سەرنجدان بە کێشە و ئاستەنگەکانی ئەو دەم و تایبەتمەندیی دۆخەکە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێبەرانی کورد لەو سەردەمەدا زۆر زیاتر لەوەی کە دەیانتوانی هەنگاویان هەڵێناوەتەوە و زۆر زیاتر لەوەی کە دەکرا دەسکەوتیان وەدەست هێنا. لەو هەلومەرجە نالەبارە و لە کۆمەڵگەیەکی عەشایری و دەرەبەگایەتی و نەخوێندەواردا کە سیستمی ئیداری، پشتیوانیی ماڵی، هێزی تۆکمەی چەکداری نیە و لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین کوردستان هەر هیچی نیە؛ بەڵام قازی محەممەد دەکەوێتە پیش کۆمەڵە کەسێکی تێکۆشەر و لەو بێ دەرەتانییەدا ئەو هەنگاوە پیرۆزەی هەڵێناوە و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە هەتا ئێستاش بۆ ئێمە سەرکەوتن و دەسکەوتێکی یەکجار زۆر و گەورەیە. دەسکەوتێک کە دەتوانین بڵێین لەژێر کاریگەریی بوونی کاتیی هاوپەیمانان لە ناوچەدا وەدەست هاتووە و لە ڕاستیدا بۆ ئێمە بۆتە مێژوو. بەڵام جیاواز لە کارتێکەریی بوونی هێزەکانی هاوپەیمان، ڕۆڵی خودی ئەو هێزانە شتێکی دیکەیە.

بریتانیاییەکان نە ئەو کات و نە دواتر و نە تا ئێستاش قەت نەهاتوونەتە پشت سەری پرسی کورد و بابەتی دەوڵەت_نەتەوەی کورد لە ستراتیژیی ئەو وڵاتەدا نەبووە. لە سەردەمی کۆماردا بریتانیاییەکان سیاسەتێکیان هەڵبژارد کە لەگەڵ ئەوەی هەوڵیان دەدا لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ئەو ناوچانەی خوارووی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان دابوو بە ئارامی بجولێنەوە، لەولاوە بەبەردەوامی یارمەتییان دەدا بە، بەهێزکردنی ئەرتەشی دەوڵەتی ناوەندی.

یەکیەتیی سۆڤییەتیش لە ڕاستیدا بە هیچ جۆرێک بەرنامەی سەربەخۆیی دەوڵەتی کوردستانیان نەبوو. ئەوان لەسەرەتاوە دەیانویست کوردستان بەشێک بێ لە دەوڵەتی سەربەخۆی ئازەربایجان، دواتر کە دەوڵەتی سەربەخۆش لە بەرنامەیان چووە دەروە هاتن باسی سیستمی ئەیالەتیی ئازەربایجانیان کرد کە لەوێشدا کوردستان بەشێک بێ لە ئازەربایجان. بەڵام ئەوە قازی محەممەد بوو کە لە بەرامبەریاندا وەستا و پێیانی ڕایگەیاند کە ویست و داخوازی ئێمە گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆیە. بۆیە سۆڤییەتەکانیش لە ڕاستیدا بەو جۆرە نەهاتوونەتە پشتی پرسی کوردەوە تا کورد وەک پاڵپشتێک حسێبیان بۆ بکا. کورد چاوەڕوانی ئەوە بوو کە بوونی هێزەکانی هاوپەیمان ببێتە هۆی ئەوە کە سۆڤییەتەکان لە ناوچەدا بمێننەوە و لە مانەوەی ئەواندا بتوانن زیاتر درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن و کارەکانی خۆیان بەرنە پێشێ. دیارە بەداخەوە ئەو دەمیش کە سۆڤیەت لە ژێر هەڕەشەکانی ئەمریکادا لە ئێران کشایەوە، ئیتر دەرکەوت کە لە ڕاستیدا مەسەلەی ئازەربایجانیشی بەلاوە گرینگ نەبوو، چ بگا بە کوردستان.

* ئەم باسە لە پەنێلێکدا پێشکێش کرا کە یەکیەتیی لاوانی پارتی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە شاری سلێمانی پێکی هێنابوو

درێژەی:

# ئەم «قەڵا»یە لەبن نایە

هەست بە تەناهی و ئاسایش دەکەن! شابەیتی داکیۆمێنتەکەش هەر ئەوەیە، واتە دەسەڵات دەیەوێ ئەوە بە بینەرەکەی بڵێ ئیتر ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ کێشە و گرفتێکی ئەمنی و سیاسی نیە و شامی شەریفە. بەڵام ئەمە باس ناکا کە دوای ئەو ڕێکەوتەش دەیان جووڵەی نیزامی و سیاسیی پێشمەرگە لە کوردستاندا کراون و لە ناوچەکانی سنە و سەردەشت و مەهاباد و پیرانشار و شنۆ و ... دەیان عەمەلیات کراون، هەروەها هەر لەم کوردستانە چەند سەد چالاکی سیاسیی کورد، هەر لە پاش پەلامارەکەی کۆیە ئێعدام کراون، ئەشکەنجە کراون، زیندانی کراون، پەڕیوەی هەندەران بوون و... باس لەوە ناکا کە خەڵک لە بچووکترین دەرفەت کەڵکی وەرگرتووە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و دژایەتی کۆماری ئیسلامی. کورد گوتەنی ئەوەی لەم بەڵگە فیلمەدا بڵاوبۆوە درۆی حزووری بوو کە تەواوی گەلی کوردستان دەزانێ فڕی بەسەر ڕاستییەوە نەبووە.

### ٤) ترسی کۆماری ئیسلامی

پەیوەندیی نێوان ترس و سازکردنی کەشوهەوای دیکتاتۆری، پەیوەندییەکی ئەم ئەوێتییە، واتە هەر ڕادە دەسەڵاتی حاکم ترسی زیاتر بێ، گوشارێکی زیاتر دەخاتە سەر خەڵک و ئۆپۆزیسیۆن و زۆر بێ ڕەحمتر دەجووڵێتەوە. کۆماری ئیسلامی بۆ شەرعییەتدان بەم زەبر و گوشارانە کە هەر وەک باسم کرد بەرهەمی ترسە لە وریایی گشتی خەڵک، دینێ کڵاو و پاساوێکی شەرعیشی بۆ ساز دەکا و لەڕاستیدا مرۆڤێکی مکانیکی سازدەکا وەک مەئموور کە ئەرکەکانی ئاخوند جێبەجێ بکا و ئەم مەئمووره دەبێتە پاسدار. پاسدارێک کە لەم ماوەی ئەم ساڵانەدا کاری کوشتن و سەرکوت بووە و نازناوێکی وەهای پێ بەخشراوە کە هیچ هێزێکی ڕەسمیی هیچ وڵاتێک لە دنیادا بەدرێژایی مێژوو وەها نازناوێکی شەرمەزارانەی نەدراوەتێ: ئەم نازناوە تیرۆریستە، واتە سپای تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئەو تیرۆریستانەی وەک دایناسۆرە بێ مێشکەکانی چاخی بەردین، بوون بە هێمای تۆقاندن و کوشتن. سەیر نیە کە سیاسەتوانانی ئەمریکایی لەبەر گوێڕایەڵی و بێ ڕەحمی وەک هێزێکی گێشتاپۆیی وەسفیان دەکەن.

لێرەدا چەمکێکی هانا ئارێنتی دەتوانێ هۆکاری گوێ لە مستی پاسدار بۆ ئاخوند، دەربخا. ئەویش ئەمەیە کە لە ڕاستیدا پاسدار «مەئموور»ی بەڕێوەبردنی ئەمری ئاخوندە، ئەو ئاخوندەی کە وادەی بەهەشتی پێداوە و تەنانەت کلیلەکەشی خستۆتە ملی، بۆ ئەوەی لەبەر دەرگای بەهەشت ماتڵ نەبێ! لەم ڕوانگەیەوە پاسدارەکان وەک مەئمووری خودا لە سەر عەرز، بۆ ئەنجامی ڕاسپاردەی نوێنەری خودا بە وڵاتدا وەردەبن و لە ئەنجامی هیچ جینایەتێک خۆ نابوێرن، جینایەتێک کە لە باری شەرعییەوە ئیزن پێدراوە و ئاخوند فتوای لەسەر داوە.

ترسەکەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، لەبەر ئاستی بەرزی شعووری سیاسیی گەلی کورد بەنیسبەت شوێنەکانی تری ئێران، چەندقات زیاترە. بۆیە هەڕەشە و سەرکوت و کوشتنیش بەهەمان شێوە فرەترە. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا حکوومەت تێچوویەکی یەکجار زۆری لەباری سیاسی، چەکداری، ئەمنی و فەرهەنگی بۆ کوردستان سەرف کردوە کە ئەم بزووتنەوەیە پێمل بکا بە ویستەکانی خۆی، تەنانەت خۆ ئەگەر لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو بزووتنەوەی کورد لە بواری چەکدارییەکەی بە بەربڵاویی پێشووتری خۆی نەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی لەناخداهەڵگر، ئەم بزووتنەوەیە لە نێو زەین و مێشکی گەلی کورددا خۆی مات کردوە و زۆر جاران بە بۆنەی جۆراوجۆر ئەم وزەیە ڕەها بووە، ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێ و لێی تۆقیوە. بۆیە دەیەوێ بە زەبری هێزی نەرم (بۆ وێنە لە چەشنی ئەم بەڵگەفیلمانە) چەمکی نەتەوەخوازی کاڵ کاتەوە یان بیسڕێتەوە، کارێک کە چوار دەیەیە دەیکا و نەک هیچی بۆ کۆماری ئیسلامی لێ شین نەبۆتەوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە خەڵکی کورد زیاتر بێزراوە و بێ متمانە بووە بە سیستم.

### ٥) ئاکام

چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە زبری سەرنێزە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بەربەرەکانی دەکا و لە هیچ کردەوەیەکی دژەئینسانی بەرامبەر بە کورد خۆی نەبواردووە، کەچی نەیتوانیوە سیاسەتی هۆمۆژێن سازی و تواندنەوەی ئەم نەتەوەیە بخاتە واری جێبەجێ کردنەوە، بۆیە هێزی نەرمی (soft power) بۆ لەبار بردنی بیری نەتەوەیی بە هەموو شێوەکان لە شەڕی ڕەوانی و سایبێرییەوە بگرە تا پڕوپاگەندا و دەنگۆ هێناوەتە گۆڕێ. هێزی نەرمی کۆماری ئیسلامی بە دژی بزووتنەوەی کورد، هەرچەند دەمێکە ساڵە لە فۆرم و شێوازی جۆراجۆردا بەردەوامە و سەرەڕای تەواوی هەوڵ و دەولەکانی نەیتوانیوە «قەڵا»ی بیری نەتەوەیی داگیر بکا. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی هێزی نەرم بە ئاکامی دڵخوازیان بگا، هاتوون ئەو دەستەواژەیەی جۆزێف نای، تیۆریسیەنی ئەمریکایی بەم شێوەیە گۆڕیوە: «هێزی نەرمی ئاوێتەی سەبر» (soft power accompanied with patience) . ئەوان پێیان وایە کەلکوەرگرتن لە هێزی نەرم، وەک هێزی سەخت (hard power) نیە کە لە کورتماوەدا وڵام بداتەوە، بەڵکوو ڕەنگە چەندین ساڵ بخایەنێ، ڕێک ئەو کارەی لە زۆر شوێنی نێوخۆی ئێران یان تەنانەت لە جوغرافیای هیلالی شیعی کردوویانە. بەڵام لە کوردستان هەرچەند هێزی نەرمی ئاوێتەی سەبر، زۆر دەمێکە وەگەڕ خراوە، تا هەنووکە نەیتوانیوە ئامانجە سەرەکییەکەی بپێکێ، کە ئەویش داماڵینی چەمکی ناسیۆنالیزم بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

سازکردنی ئەم جۆرە بەڵگەفیلمانەش هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتانەدا، بۆتە بەشێکی سەرەکی لە کارەکانی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی. بۆ وێنە زنجیرە بەڵگەفیلمی «پیشمرگان»یش لە کاناڵی موستەنەدی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی هەر لە پێناو ئەم مەبەستەدا بڵاودەکرێتەوە.

لە دواسێکانسی فیلمی بەناوبانگی بژی زاپاتا (Viva Zapata) لە دەرهێنەری ئێلیا کازان، کاتێ بە فێڵ و تەڵەکە زاپاتا، ڕێبەری شۆڕشی مەکزیک دەکەوێتە بۆسەی سەربازەکانەوە و دەیکوژن، ئەسپەکەی بە یاڵ ڕاوەشاندن ڕادەکا. فەرماندەی سەربازەکان یەک بە خۆی دەگوڕێنێ ئەسپەکە... ئەسپەکە بگرن! فەرماندە دەیزانی خەڵک باوەڕ بە مردنی کەسێک ناکا کە ڕووحی شۆڕشی تێدا زیندوو کردوونەوە، بۆیە هاواری گرتن و کوشتنی ئەسپەکەی زاپاتای دەکرد. ڕێک لە کۆماری ئیسلامی قەوماوە، شۆڕشی کورد لێوڕێژە لەم قەڵایانە، قەڵا وەک هێمای سەرکەشی و شۆڕش، وەک هێمای بەرخۆدانی نەتەوەیی، وەک ڕەمزی نیشتمانپەروەری...

دوێنێ قەڵای دمدم، قەڵای سارم، قەڵای هەولێر، قەڵای وان... ئەمڕۆش قەڵای کۆیە... قەڵای کوردی هەرگیز لەبن نایە!

کوردستان
ژمارە: ٧١٩
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ _ ٤ی فێورییەی ٢٠١٨

## کۆبوونەوەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ ڕاوێژکارانی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سەنای ئەمریکا

ڕۆژی سێشەممە، ٣ی ڕێبەندان د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بۆ هێندێک کاروباری سیاسی و حیزبی سەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردبوو، سەردانی مەجلسی سەنای ئەو وڵاتەی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی سێ کەسی پێکهاتوو لە ئێریک تراگەر، ڕاوێژکاری باب کۆرکەر سەرۆکی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سەنا؛ ئالێکس ئێبلین، یاریدەدەری سیاسی و کریس هاڤل یاریدەدەری یاسایی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی سەنا پێشوازیی لێ کرا. لەو کۆبوونەوەیەدا، سەرەتا د. ئاسۆ حەسەن زادە وێڕای خستنەڕووی پاشخانی مەسەلەی کورد لە ئێران و بارودۆخی ئێستای بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سەرباری گوتار و ئاقارێکی نوێ کە بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆک ترامپ سەبارەت بە ئێران گرتوویەتەبەر، هەروەک ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و بەگشتی ناوچە دەری خستووە، کۆماری ئیسلامی لە بردنەپێشی سیاسەت و ستراتژییەکانی پێشووی بەردەوامە. ئەمەش بێگومان نەک هەر بە زیانی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک و گەلانی ئێران بەڵکوو بە زیانی ئایندەی ئاشتی و تەناهی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەرژەوەندی و ئەمنیەتی ڕۆژئاوا تەواو بووە. هەربۆیە ناوبراو ئاماژەی بە پێویستیی گرتنەبەری ستراتژییەکی ڕوونتر و کاراتری ئەمریکا لە مامەڵە لەگەڵ دۆخی ناوچە و نفوز و پەلکێشانی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی کرد. دواتر هەیئەتی ڕاوێژکارانی کۆمیتەی کاروباری سەنای ئەمریکا وێڕای خستنەڕووی کۆمەڵێک پرسیار و وەرگرتنەوەی وڵام لە هەیئەتی حیزبی دێموکڕات سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆی ئێران و خەباتی کورد لە ئێران، هۆکارەکانی ئەم ناڕوونی و نالێکییانەیان باس کرد کە لە سیاسەت و مامەڵەی ڕۆژئاواییەکان و ئەمریکا سەبارەت بە ئێران بەدی دەکرێ و خستیانە خانەی فراوانتری کێشە و ململانە ناوچەیی و جیهانییەکان و جیاوازیی بۆچوون نەک هەر لەنێوان ڕۆژئاواییەکان بەڵکوو لەنێو خودی دامودەزگاکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

## پێکهاتنی مێزگردێک بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حدک لە «واشینگتۆن ئینستیتوت»



ڕۆژی سێشەممە، ٣ی ڕێبەندان ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ناوەندێکی سەرەکیی توێژینەوە و سیاسەتسازی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و یەکێک لە گرینگترین تینک تانکەکانی ئەمریکایە، مێزگردێکی تایبەتی بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێک خست. لەو کۆبوونەوەیەدا کە ژمارەیەک توێژەری ئەکادیمی و ڕاوێژکاری سیاسی تێیدا بەشدار بوون، سەرەتا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب باسێکی سیاسیی پێشکێش کرد. بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەدا کە لە ساڵانی ڕابردوودا فاکتەری کوردی وەک عونسورێکی گرینگی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیندوو بۆتەوە و سەرنجی پێ دەدرێ، بەڵام ئەو سەرنج پێدانە کەمتر کوردەکانی ئێرانی گرتۆتەوە. ناوبراو دانی بەوەدا نا کە ڕیال پۆلیتیک هەروا بەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا زاڵە و سیاسەتی هەر دەوڵەتێک لەگەڵ کوردی هەر پارچەیەکی کوردستان پاشکۆی سیاسەتی لەگەڵ دەوڵەتی حاکم بەسەر ئەو بەشە لە کوردستان دایە. باس لە پاشخانی خەباتی کورد لە ئێران، ئاستەنگ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای بردنەپێش و سەرخستنی خەباتی کورد لە ئێران و لێکدانەوەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران و بەشی خەڵکی کوردستان لەم بزوتنەوەیەدا چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بوو.

## کۆبوونەوەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ یاریدەدەری دێسکی عێراق و ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی ئەمریکا

ڕۆژی هەینی، ٦ی ڕێبەندان د. ئاسۆ حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ بەڕێز کریستۆفەر کلارک یاریدەدەری بەرپرسی دێسکی عیراق و ئێران لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کۆبۆوە. لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پاش وەبیرهێنانەوەی پاشخان و ئامانج و بەستێنی خەباتی کوردەکانی ئێران و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئیشارەی بە کاریگەریی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بەتایبەتی هەلومەرجی پاش ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و بەگشتی جموجۆڵ و مانۆڕەکانی کۆماری ئیسلامی لە عیراق و ناوچە لەسەر ئەو خەباتە کرد. د. ئاسۆ حەسەن زادە ئینجا قامکی خستە سەر نالێکی و ناڕوونییەکانی ستراتژیی ڕۆژئاواییەکان و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مامەڵە لەگەڵ هاوکێشەکانی ناوچە و نەخش و نفوزی کۆماری ئیسلامیدا و کاریگەریی ئەم مامەڵەیە هەم لەسەر بزوتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران و هەم لەسەر سەقامگیریی ناوچە و ئەمنیەتی جیهانی. جێگری سکرتێری حیزب ئینجا بۆچوون و ڕوانگەکانی حیزبی دێموکڕاتی لەمەڕ ئایندەی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی ئێران و ڕێگاکانی بەهێزکردنی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵک و گەلانی ئێران شی کردەوە. دواتر کریستۆفەر کلارک ڕوانگەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئەولەوییەتەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و عیراق و ئێران بەتایبەتی، و پێوەندی و کاریگەریی نێوان کێشە و ململانێکانی ناوچە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە خستەڕوو.


## بەڕیوەچوونی ڕیوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە وڵاتی سوئیس

ڕۆژی شەممە، ١ی ڕێبەندان لە شاری زووریخی وڵاتی سویس لە ڕێورەسمێکی بەشکۆدا یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بەشداری نوێنەرانی چەند حیزبی سیاسی بەرزڕاگیرا. لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی میوان خوێندرانەوە و دوای پێشکێشکردنی پەیامی کۆمیتەی حیزب، چەند برگەیەکی ئەدەبی و هونەری پێشکێش کران.



# پانتۆمیمێکی پڕ «دەنگ و هەرا»

## (خوێندنەوەیەک بۆ وێنەیەک لە خۆپیشاندانەکەی ئەم دواییانە لە ئێران)



د. کوێستان گادانی

خۆپیشاندانە جیاواز و بەربڵاوەکەی مانگی بەفرانباری ٩٦ لە ئێران دوایین ناڕەزایەتیدەربرین نابێ لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا. لە نیزیک بە چوار دەیەی ڕابردوودا ئێمە شاهیدی دۆخی ئاڵۆزی نێوخۆیی ئێران بووین و هاوکات دیتمان کە ئەم ڕێژیمە بە مەبەستی پەرەسەندن و سەپاندنی ئیدۆلۆژیی سیاسیی خۆی ئەم ئاڵۆزییەی بۆ وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گواستۆتەوە، بێ خەبەر لەوەی ئەم چاڵەی بۆ دەراوسێکانی هەڵکەندبوو خۆی و ئیدۆلۆژییەکەی خەریکن تێیدا نقووم دەبن و حوکمی مەرگ و نەمانی بە دەستی خەڵکی نێوخۆی ئێران بۆ واژۆ دەکرێ.

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا بە نێوەرۆک، پێکهاتە و دروشم و بەربڵاویی خۆپیشاندانەکانی بەفرانبار بدەینەوە، دەبینین کە سێ هۆکاری گرێدراو و بنەڕەتیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری تێدا زەق و بەرچاو بوو. دیارە جێگای پرسیار نیە کە لە وڵاتێکی وەک ئێران کە لە سەر سیستمێکی ئیدۆلۆژیک دامەزراوە و سیاسەتی خۆی لە سەر پەرەپێدانی ئەم ئیدۆلۆژییە دادەڕێژێ، جیاکردنەوەی کەرتی ئابووری و سیاسی بۆ ئەم حکومەتە لە توانا و خواستی ئەو دوورە. دارشتنی هەر بەرنامەیەکی تۆکمە و پوختی سیاسی و ئابووری لە هەر حکومەتێکدا، ئەمنیەت و خۆشبژیویی بۆ کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە، شتێک کە خەڵکی ئێران بە گشتی لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لێ بێبەش بوون. بۆیە ئەو ناڕەزایەتییانە نە چاوەڕەواننەکراو بوون و نە ناسروشتی، ئەوەش کە سەرنجی ڕاکێشام و بوو بە هۆکاری نووسینی ئەم چەند دێرە، ڕۆڵ و شێوەی دەربرینی ناڕەزایەتیی ژنان بوو لە خۆپیشاندانەکاندا.

ژنانی ئێران لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا کەم و زۆر هەمیشە پشک و ڕۆڵیان لە ئاڵوگۆڕەکاندا هەبووە. لێرەدا باس لە باشی یان خراپی دەسکەوتەکان نیە، ڕەنگبێ لە ڕوانگەی هیندێک کەس ڕۆڵی ژنان لە خۆپیشاندانەکانی پێش شۆڕشی مەشرووتە، دوای شۆڕشی مەشرووتە و هەروەها لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٣٥٧دا جێگەی ڕەخنە یان بەرزنرخاندن بێ، ئەوەی لێرەدا مەبەستی باسکردنە هاتنە سەر شەقام و دەربرینی ناڕەزایەتی بۆ گەیشتن بە خواستەکانە لە ڕێگەی کەلکوەرگرتن لە مێتودی نوێ.

ناکرێ و ناگونجێ لە نووسینێکی ئاوا کورتدا هەموو نموونەکان بێنینەوە و شەن و کەویان بکەین، بۆیە تەنیا باسی وێنەیەک دەکەم کە بە قەرا بێدەنگیی وێنەکە پەیامی پێ بوو. وێنەی سەرنجڕاکێش، وێنەیەکی نامۆ نیە، وێنەیەکی نەدیتراو نیە و هەمان وێنەیە کە سێ ئێلێمێنتی چاوترسێن و تۆقاندنی بۆ کۆماری ئیسلامی لە خۆی گرتووە کە ئەویش بریتین لە: ژن، شەقام و شۆڕش. سێ وشە کە هەر وشەیەی خۆی بە دەیان پەیام و سیمبولی تایبەت بە خۆی پێیە.

ڕۆژی ٧ی بەفرانبار ڕاست لە گەرمەی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان ژنێکی لاوی ٣١ساڵە، هەم دایک، هەم کچ و هەم نەسلی پێگەیشتووی دوای ئینقلابی ئێران بە ناوی «ویدا موحد» بە هەڵاوەسینی سەرپۆشی سپی، لە سەر شەقام، ئەویش لە شەقامی پڕ لە هاتوچۆی «ئینقلاب»ی شاری تاران بە نیشانەی ناڕەزایەتی بە حیجابی ئیجباری بۆ ماوەیەکی کەم بە خۆنواندنێکی «پانتۆمیمی» واتە بە بێدەنگی پەیامی خۆی و بە میلیۆن ژنی نارازیی دیکەی وڵاتی گەیاندە دەسەڵات و دنیای دەرەوە. بە هاتنی پیاوانی حکومەت بۆ سەر شەقام و دەستبەسەرکردنی ویدا پەردەی ئەم شانۆیە بە ڕواڵەت دادرایەوە، ناخافڵ لەوەی ویداکان لە شوێنێکی دیکە خەریکی نووسینەوەی شانویەکی دی بۆ نواندنن.

ئەم جۆرە هەڵوێستە هەڵگری چەند جۆر ئاماژە و پەیامی ڕوون و شاراوەی تایبەتییە:

یەکەم؛ ویدا دەیزانی چ چارەنووسێک و چ دژکردەوەیەک چاوەڕێیەتی، بەڵام دیسان دێتە سەر شەقام. ئەو ساغ بۆتەوە کۆرپەی ١٩ مانگەی خۆی بەجێ بێڵێ و بەرەوپیری مەرگ بچێ بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باشتر بۆ نەوەی نوێ دەستەبەر بکا، یان لانیکەم بەو هیوایە گیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە.

دووهەم؛ ویدا بە هەڵاوەسینی سەرپۆشەکەی، ئەو سەرپۆشەی کە لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە شوناس و کەسایەتیی ڕەگەزیی دەستنیشان دەکا، ئەو بە وەلانان و هەڵاوەسینی ئەویش لە سەر شەقامی «ئینقلاب» بە بێدەنگی ئەو دەنگە هەڵدەبڕێ: کە سەرپۆش ناتوانێ کەسایەتی و شوناسی ئەمنی ژن دیاری بکا، کە بە کپکردنی دەنگی ئێمە ناتوانن درێژە بە سیاسەتی بێزارکەرانەی خۆتان بدەن، کە ژنان چیدی فریوی دروشمەکانی ئێوە وەک عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی سەردەمی شۆڕشی ٥٧ی سەر شەقامی «ئینقلاب»ی ئێوە ناخۆن، کە ئێمەی ژن، ئەمن وەک ژن ئەمرۆ لە سەر شەقامێک کە تۆ شانازی بە ناوەکەی دەکەی؛ ڕاست لە سەر ئەم شەقامە بەم شێوەیە ئینقلابت دەگەڵ دەکەم کە بزانی بۆ منی ژن هەموو سوچ و پەنایەکی ا وڵاتە پڕە لە نەفرەت و بێزاری. بە بێدەنگی ناڕەزایەتیی خۆم دەردەبڕم کە تابۆی نیزامەکەتم شکاندبێ، کە پێت بڵێم پێکهاتە و ڕوانگەی تۆ لە ئێران کۆتایی تەمەنێتی. هاتوومە سەر شەقام کە بە بێدەنگی و بێ هەست و خوست پێت بڵێم: نە بە بیانووی ئاژاوەگێری، نە بە بیانووی خەڵک کۆکردنەوە، نە بە تۆمەتی لایەنگریی سیاسی، نە بە تۆمەتی دەسکیسیی خەڵکی بیانی ناتوانی لە ناوم بەری؛ هاتووم پێت بڵێم کە تەنیا بە بێدەنگییەکی چەند دەقەیی دەتوانم ترس و زەندەق لە تۆدا ببینم، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە تۆ لە بەر هێزی خەڵک خۆ ناگری و تەنانەت لە بێدەنگیی من دەترسی؛ چونکە باشتر لە هەموو کەس دەزانی کە بنەمای نیزامەکەت وەها هەرەسی هێناوە و هڵۆڵ بووە کە بە شەکانەوەی سەرپۆشی سەرم وەلەرزین دەکەوێ. هاتووم بڵێم کە ئێمە نە چی دیکە دەترسین و نە هیچی زیاترمان هەیە تا لە دەستی بدەین، بۆیە هاتووم بە بێدەنگی پێت بڵێم کە ئیدی بەسە، چونکە بە میلیۆن ژنی پەراوێزخراوی ئەم نیشتمانە لێ بڕاون کۆتایی بە نەهامەتییەکانی خۆیان و تەمەنی تۆ بێنن.



خوێندنەوە و ئاماژەدان بە هیندێک پەیام و هۆکاری ئەم جۆرە هەڵوێستگرتنە تەنیا بەم وێنەیە سنووردار ناکرێ، هاوکات دەبێ چاوەڕوانی زیان و دەسکەوتەکانی ئەم جۆرە هەڵوێستانەش بین. لە مێژووی تۆمارکراوی بزووتنەوەی ژنانی ئێران و بەشدارییان، بۆ نموونە هەر لە ڕووداوی گریبایدوف و بزووتنەوەی تەنباکو ڕا بگرە تا ئەم خۆپێشاندانەی مانگی بەفرانبار؛ دەبینین کە ژنان زۆر جار لە پیش پیاواندا هەڵوێست دەگرن ئەگەرچی مێتۆد و شێوەی ناڕەزایەتیدەربڕینیان جیاواز بێ؛ بەڵام گرینگتر لە بەشداربوون و هەڵوێستگرتن، هەبوونی بەرنامەو پلانێکی تۆکمەیە بۆ داهاتوو. ئەگەر باس لە سەرکەوتنی بزووتنەوەیەک بکەین، دەبێ سێ قۆناغی سەرەتایی خۆی تێپەڕێنێ کە ئەویش دەتوانێ بریتی بێ لە: هۆکار، دەربرین و بەردەوامی ناڕەزایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانج.

خەڵکی ئێران بە گشتی و بزووتنەی ژنان بە تایبەتی قۆناغی یەکەم و دووهەمیان تێپەڕاندوە، بەڵام بۆ قۆناغی سێهەم (واتە بەردەوامی) تا ئێستاش بەرنامەدانانێکی باش، یان پلان و ئالترناتیوێک دیار نیە. ڕاستە دەزانین ئەم دەسەڵات و شێوە حکومەتکردنە جێگای پەسند نیە و قبول ناکرێ، بەڵام دەبێ لەسەر ئەوەش ساغ بووبیتنەوە کە بە دوای چیدا دەگەڕێین و چمان دەوێ و چۆنی بە دەست دێنین. کەواتە ئەگەر ویدا بە بێدەنگی خۆی سەدی بێدەنگیی شکاند و تابۆی پێناسەی ئۆلگۆی سێهەمی ژن (ژنێک نە شەرقی بێ نە غەربی، بەڵکوو ژنی موسلمانی ئێرانی) شکاند و بگرە بە سەدان ژنی دیکە گیانی خۆیان فیدای مسۆگەرکردنی ئازادیی نەوەی داهاتوو دەکەن، حەق وا نیە ژنانی دیکە لە پەراوێزدا بن و سەیرکەری گەمەکە بن. لەم هەلومەرجەدا ئەرکی ژن بە گشتی ئەوەیە کە پشتیوانی لەم جۆرە هەلوێستانە بکا، بەشدار بێ لە دارشتنەوەی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و سیکۆلار، بەرژەوەندیی تاک وەلا بنێ و کار بۆ هەموو کۆمەڵگە و بەتایبەتی چینی زوڵملێکراو بکا، بۆ ئەوەش کە لە ئاڵوگۆڕێکی دیکەدا کەس خۆی لە پەراوێزدا نەبینێتەوە و هەموو پێکەوە ئەرکی بەڕێوبردنی وڵاتیان لە سەر شان بێ، دەبێ لە ئێستادا هەموو هەنگاوی بۆ هەڵبێننەوە و هەست بە بەرپرسایەتی بکەن.

شۆڕشێکی ژنانە تەنیا ژنی شۆڕشگێری چەک لە شانی پێویست نیە، بەڵکوو بەشداریی بەرین و پشتیوانیی هەمەڕەهەندی ژنانی دەوێ. لە ئێستادا هەمووومان دەبێ لە دەرفەتەکان بە باشترین شێوە کەلک وەرگرین و هەوڵ بدەین لە نموونەی «ویدا موحد» و ویداکان پەروەردە بکەین کە کۆمەڵگا شانازیی پێوە بکا و نەهێڵین سەرلەنوێ کەسانی فورسەتتەلەبی وەک طاهرە دباغ (مرضیە حدیدچی) نوێنەرایەتیی ژن بکا کە بە سزادان و ئیدیۆلۆژی ئیسلامگەرایی خۆی، ژن بوون و مرۆڤبوونی لە زاتیدا نەمابوو. ئەگەر شانۆی «پانتۆمیمی» ویدا کۆمەڵگەی هەژاند و لە بێدەنگی وەخەبەری هێنان، بەڵام زەبر و سزای «طاهرە دەباغ» دەنگی ژن، واتە دەنگی کۆمەڵگەی بۆ ماوەیەکی زۆر خەواند و کپ کرد.

لە کۆتاییدا ماوە بڵێم کە چاوەڕێ نەبین کەسێکی دی بێ و داهاتووی ئێمە چێ بکا، با هەر لە ئێستاشدا نەژین و بە ئەزموون لە وانەکانی ڕابردوو بۆ داهاتوو بنوارین و دادێی خۆمان بە دەستی خۆمان دابڕێژین، بۆ ئەوەش تەنیا ڕێگا هاوبەشی و بەشداریکردنە لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا، کەواتە ئەگەر تا ئێستا وەخەبەر نەهاتووین با بە شانۆ بێدەنگە پڕ لە پەیامەکەی ویدا و ویداکانی دوایە وەخەبەر بێین و تا لەوە درەنگتر نەبووە لەم قافلەیەش جێ نەمێنین؛ ئەگینا ڕێگای کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ نەوەی داهاتووشمان دەبێتە خەون.

کوردستان
ژمارە:٧١٩
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ _ ٤ی فێورییەی ٢٠١٨

# مەرجەکانی سەرکەوتنی جووڵەی جەماوەریی ئەمجارە لە ئێران

**(دەقی قسەکانی د. ئاسۆ حەسەن زادە, جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە سیمیناری «مێراو» لە واشینگتۆن)**

**(٢-١)**

لەگەڵ سڵاو لە دۆستانی خۆشەویست و سوپاس و دەسخۆشی لە «مێراو» بۆ پێکهێنانی ئەم سیمینارە کە بەلەبەرچاوگرتنی ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی ئێران تەواو بەوەخت و بەجێیە. پێش هەموو شتێک پێم خۆشە بڵێم ئەوە کە منیش باسەکەم لێرەدا بە زمانی فارسی پێشکەش دەکەم، ئەوە تەنیا هۆکاری عەمەلیی هەیە و بۆ ئاسانکارییە، واتە ئەوە کە فارسی تەنیا زمانە کە هەموو بەشدارانی ئەو سیمینارە لێی تێدەگەن، دەنا بە باوەڕی من هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە فەرزتر نیە و باوەڕم بە داهاتوویەکە کە لەودا تێگەیشتنی هاوبەش و دوولایەنە لە ڕوانگەکانمان پێش هەموو شتێک بە فێربوون و بەکاربردنی زمانەکانمان نیشان بدەین.

وەک ڕاگەیەندراوە، تەوەری ئەم سیمینارە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕەهەندە نوێیەکانی جووڵە و هەستانی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێرانە. لەگەڵ ئەوەدا کە لەگەڵ سەردێڕی سیمینارەکە تەواو کۆکم چونکە جۆش و خرۆشی ئەم دواییانە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی نوێ و جێگای هیوای هەیە کە پێویستە زەق بکرێنەوە، بەڵام لەو باوەڕەدام کە نابێ تەنیا بە شرۆڤەکردن قەناعەت بکەین، بەڵکوو پێویستە هەوڵیش بدەین سەبارەت بە دەکارخستن و باشترکردنی ئەم ڕەهەندە نوێیانە بە چەشنێک کە ئەم حەرەکەتە یا حەرەکەتەکانی لەم جۆرە درێژە بکێشن و سەرەنجام سەرکەون، بۆچوونی خۆمان بڵێین، بەتایبەتی کە پانێلیستەکانی ئەم سیمینارە هەموومان سەر بە کۆمەڵێک لایەن و ڕێکخراوین کە لەم دواییانەدا لە چوارچێوەی شووڕای دێموکڕاسیخوازانی ئێراندا لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ و بنەمای هاوبەش بۆ لەمەودوای خەبات و ئایندەی ئێران ڕێک کەوتووین، و هەلومەرجی ئێستا باشترین دەرفەتە بۆ ئەوەی بزانین بەڕاستی ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە چەندە قابلیەت و کەیفیەتیان هەیە.

هەروەک گوتم جوڵە و جۆش و خرۆشی ئەم دواییانەی ناوخۆی ئێران کۆمەڵێک ڕەهەندی نوێی هەیە کە خاڵی بەهێزی ئەم حەرەکەتەیە، بەڵام هێندێک تایبەتمەندیشی هەن کە لە حەرەکەتەکانی پێشووشدا بوون و خاڵی لاواز و پانیەی ئاشیلی حەرەکەتەکەش هەر ئەم تایبەتمەندییە دووبارەبووانەن. ئەمن لە باسەکەمدا وێڕای هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی حەرەکەتەکە، ئاماژە بە خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دەکەم و بەو کارە لەڕاستیدا تێدەکۆشم پێویستییەکانی گۆڕینی ئەم حەرەکەتە بۆ بزوتنەوە یا ڕەوتێکی گۆڕان ساز دەستنیشان بکەم.

ئەگەر تا ئێستا لە دەستەواژەی جووڵە و جۆش و خرۆش کەڵکم وەرگرت لەبەر ئەوەیە کە ئەم دەستەواژانە نۆترال و ناڕوونن و کانسێپت یان چەمک نین. بەپێچەوانەی دەستەواژەگەلی وەک بزوتنەوە، ڕاپەڕین یا ئینقلاب کە ئەوانە هەم لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا چەمکی دیار و پێناسەکراون و هەم لە مێژووی ئێراندا هەڵگری بارێکی واتایی تاقیکراوەن. بەپێی گۆشەنیگا یان ئەو چوارچێوە تیئۆریکەی هەڵی دەبژێرین هەڵسەنگاندن و ئاکامگیرییەکان دەتوانن زۆر جیاواز بن، بەڵام ئەگەر لەڕادەبەر بەدوای تیئۆری سازی و جۆرناسیدا نەڕۆین و شتەکە سادە بکەینەوە، دەتوانین بڵێین کە بۆ ئەوەی حەرەکەتی ئێستای خەلکی ئێران ببێتە بزوتنەوە یان کارزارێک کە گۆڕان دروست بکا (جا ئەو گۆڕانە لەڕێگای پاشەکشەی هەنگاو بە هەنگاوی ڕێژیم بێ یا لە ڕێگای ئینقلابێکی دیکەوە)، پێویستە ئەو حەرەکەتە بە هێندێک تایبەتمەندی تەیار بکەین. بەپێچەوانەی حەرەکەتەکانی پێشوو، حەرەکەتی ئەمجارەی خەڵک لە ئێران کاکڵ و جەوهەری زۆربەی ئەو تایبەتمەندییە پێویستانەی تێدایە بەڵام بەشێوەی سەقەت و زەفەرهەڵگر. کەوابوو داهاتووی ئەم حەرەکەتە و حەرەکەتەکانی لەمەودوا بەستراوەتەوە بە هاوهەنگاوی و لێهاتوویی هەموو ئازادیخوازانی ئێران بۆ دروستکردن، باشترکردن و قووڵکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییانە و لە بەرامبەردا کەمکردنەوە و نەهێشتنی لاوازی و کەموکوڕییەکان.

نموونەکانی ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتانی جیهاندا یەکجار زۆر و جیاوازن و لەبەرهەڵگرتنەوە و بەگشتی کردنی هیچ مۆدێلێکی گۆڕانی بنەڕەتیش نە مومکینە و نە بە قازانجیشە. دیارە ئەزموونی گەلانی دیکە بۆ نموونە سێ چوار شەپۆلی دێموکڕاتیزاسیۆن لە دنیادا بەبێ شک دەتوانێ بەسوود و ئیلهامبەخش بێ، بەڵام لە هەمووی گرینگتر لە ڕوانگەی منەوە واقعیاتی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئێران و ئەزموونی سەد ساڵەی چەرخەی بێ ڕاوەستانی سەرەڕۆیی-گۆڕان-سەرەڕۆییە. ئێستا ئایا ئەم تایبەتمەندییانەی ئەمن هێندەی پێ لەسەر دادەگرم کامانەن؟ مادام هەموومان لەسەر ئەوە هاوڕاین کە نە درێژەکێشانی وەزعیەتی مەوجوودمان قبووڵە و نە دەشمانەوێ جارێکی دیکە تاقمێک (چ لەنێو نیزام چ لە دەرەوەی نیزام) سەرلەنوێ بەرهەمی ناڕەزایەتی و فیداکاریی خەڵک بۆخۆیان ببەن، دەبێ سەرنج بدەینە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و پێویستی کە لە ڕوانگەی منەوە لانیکەم شەش دەستەن:

مەرجی یەکەمی هەر بزوتنەوەیەک کە گۆڕانی بنەڕەتیی لە وڵاتێکدا لێ بکەوێتەوە، ڕەسەنایەتی و خۆجێی بوونی سەرچاوە و هۆکارەکەیەتی، واتە ئەوە کە بەستێن و پاڵنەری ڕاستەقینەی ناڕەزایەتی و ویستی گۆڕان لە قووڵایی کۆمەڵگادا و لەسەر بنەمای کێشەی خەڵک و دەسەڵات هەبێ بەدەر لە کێشە و مشت و مڕە دەرەکی و نێونەتەوەییەکانی نێوان حکومەتەکان. بەباوەڕی من ئەم یەکەمین تایبەتمەندییە لە هەمووان کەمتر جێگای باسە و تەنانەت دەتوانین بڵێین موناقشە هەڵناگرێ. ڕاستە کە لە حاڵەتی لەمجۆرەدا هەمیشە کێشەکان ڕەهەندێکی نێونەتەوەییش بە خۆوە دەگرن و لەهەرحاڵدا کۆماری ئیسلامی هەموو بزوتنەوەیەکی ئێعترازی بە بێگانەکان نیسبەت دەدا، بەڵام بۆ هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە کە پاڵنەری ئەوەڵ و ئاخری ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانە هەروەک هی ئەوانەی پێشوو پڕبوونی کاسەی سەبری خەڵک و وەزاڵە هاتنیان لەو هەموو زوڵم و ستەم و ناکارامەییەی ڕێژیمە. ئەم حەرەکەتە نەک تەنیا ئاکامی کەڵەکە بوونی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی وڵات لەبواری هەژاری، بێکاری، ئیختلاس، ڕانتخۆری، بەرزبوونەوەی نرخەکان، نەمانی یارمەتییەکان و شتی لەم بابەتەیە و بزوێنەری دەسپێکی حەرەکەتەکەش هەر ویستی مەعیشەتییە، بەڵام هەروەک لە ئاقارەکانی دواتری حەرەکەتەکە و دروشمەکان ڕا وەدەرکەوت خەڵک زۆر چاک ئاگاداری ڕەهەندی سیاسی و ریشەی سەرەکیی کێشەکانیش هەن و لێیان غافڵ نین، واتە بوونی ئیستبدادێکی مەزهەبی کە بەپێچەوانەی زەرفییەتە ڕواڵەتییەکانی لەبواری ڕکابەری بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا، ئەمن دووپات بوونەوەی وەها سیناریۆیەک بۆ جارێکی دیکەش لە ئێران بەدوور نازانم. بەڵام ئەگەر دەمانەوێ ئەو نیگەرانییە وەدی نەیە، دەبێ بزانین کە تەنیا کاتێک لە ئێران بزوتنەوەیەکی گۆڕانساز سەردەکەوێ و بەرهەمی دڵخوازی دەبێ کە هەموو یا لانیکەم زۆربەی چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە تێیدا چالاک بن. حەرەکەتی ئێستا لەڕووی بەربڵاوییەوە لە سی و نۆ ساڵی ڕابردوودا بێ وێنە بووە. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا ئەم بەربڵاوییە تەنیا بەربڵاوییەکی جوغرافییە هەروەک کە هەیە، یان لەپاڵ ئەوەش، لەڕووی پێکهاتەی سۆسیۆلۆژیی حەرەکەتەکەشەوە زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەتایبەتی ئەوانەی کە لە بزوتنەوەکانی پێشوودا بەشدار بوون، یان بەهەرحاڵ هەڵگری ناسنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین بەشدارن و ڕەنگدانەوەیان لە پێکهاتەی خۆپێشاندەران و خواستە دەربڕدراوەکانیاندا هەیە؟ ئەگەر قەرار بێ (وەک دەردەکەوێ) کۆڵەکەی سەرەکیی حەرەکەتی ئێستا زۆرتر لاوانی چینی هەژاری کۆمەڵگە بن، ئەودەم دەبێ هەوڵ بدرێ کە چین و توێژەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگە بۆ نموونە چینی مامناوەندی، کارمەندەکان، تێکۆشەرانی بزوتنەوەکانی پێشوو (بزوتنەوەی خوێندکاری، بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی ٨٨) سەرەڕای هەموو ئەو زەبرانەی لەلایەن ڕێژیمەوە لە قابلیەتی خۆڕێکخستنیان دراوە، لە حەرەکەتی ئێستاشدا زۆرتر ڕۆڵ و بەشداریان بێ.

لێرەدایە کە وەک کوردێک دەمەوێ پێداگری لەسەر ڕۆڵی نەتەوەکانی نێو ئێران بەتایبەتی کوردەکان بکەم. ئەمن کە تا ئێستا چەمکی خەڵکی ئێرانم بەکاربرد، لەبەر ئەوەیە کە هەم لەڕووی حقووقی و هەم بەهۆی هاوبەشی لە وەزعیەت و چارەنووسدا، ئەو چەمکە بە دروست دەزانم، و بەمجۆرە دەمەوێ نیشانیش بدەم کە کێشەی ئێمە لەگەڵ یەکتر نابێ هەمیشە هەر لەسەر وشەکان بێ. بەڵام ئەوەم تەنیا بە مەرجێک قبووڵە کە لایەکەی دیکە و لەڕوانگەی منەوە گرینگتری مەسەلەکەش ببینین کە ئەویش




بە زۆر شێوە هەموو ڕێگاکانی ئاڵوگۆڕ و تەنانەت دەرفەتی دەربڕینی خواستی ئاڵوگۆڕ لەو نیزامەیدا بەستووە، نیزامێک کە لەودا گرینگترین نیهادی بەرپرس لەبواری عەداڵەت و لێپرسینەوە واتە دەسەڵاتی قەزایی بووە بە ترسناکترین و گەندەڵترین و باوەڕپێنەکراوترین دەزگای دەوڵەتی، نیزامێک کە بۆ نموونە بەجێگای بەڕێوەبردنی دروستی بنیاتە داراییەکان یا بردنەسەری ئاستی وڵامدەریی دامودەزگاکانی حکومەت لە کاتی کارەساتە سروشتییەکاندا، هێشتا هەر ئەولەوییەت بە بەرنامە تێکدەرە پڕتێچووەکانی لە ئاستی ناوچەیی دەدا و بەمجۆرە خەڵکی ئێرانی نەک هەر لە ئازادی بەڵکوو لە پێداویستیی ژیانیش بێبەش کردووە. ئەم حەرەکەتە لەپڕ دروست نەبووە و بە چەشنێک نەک هەر درێژەی ناڕەزایەتییەکانی پێشوویە بەڵکوو ریشەی لە مێژووی ئێرانیشدا هەیە چونکە هەموو ئەو خەفەقان و فەرق و جیاوازییانە و نائومێدی لە ئیسلاحی نیزام کە نزیک بە چل ساڵ پێش ئێستا خەڵکی هێنایە سەر ئینقلاب کردن، ئەمڕۆش هەمان ئەو هۆکارانە خەڵکیان ڕژاندۆتە سەر شەقامەکان.

تایبەتمەندی و پێویستیی دووەمی بزوتنەوەیەکی گۆڕانساز بەربڵاوی و فراوانیی لەسەر ئاستی سەرجەم وڵات و کۆمەڵگادایە. دیارە دەکرێ لە وڵاتێکدا گرووپێکی زۆر بچووکیش کوودێتا بکا، لە زۆربەی ئینقلابەکانی دنیاشدا چین و توێژێکی دیاریکراوی نێو کۆمەڵگە ڕۆڵی بڕیاردەری گێڕاوە. بۆ نموونە ئینقلابی فەڕانسە بە ئینقلابی بۆرژواکان ناسراوە، ئینقلابی ئۆکتۆبر لەسەر دەستی کرێکارانی پێترۆگراد بە ئەنجام گەیشت، دەزانین کە لە ئینقلابی ١٣٥٧ ی ئێرانیشدا تەنیا توێخێکی کۆمەڵگە، واتە رووحانییەتی شیعە بە ڕێبەرایەتیی ئایەتوڵلا خومەینی حاسڵی تێکۆشان و فیداکاریی خەڵکی ڕفاند.

بریتییە لە فرەیی و ڕەنگاوڕەنگیی دێموگرافیی ئێتنیکیی ئێران واتە بوونی میللییەتە جیاوازەکان. تا ئەو جێگایەش کە دەگەڕێتەوە سەر خودی کوردەکان، سەرەڕای فەزای ئەمنیەتیی یەکجار نائاسایی کە هەمیشە بەسەر کوردستاندا زاڵ بووە، خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی شارە گەورەکانی ئێران نەبوون بۆ ئەوەی حەرەکەتی ناڕەزایەتی وەڕێ بخەن. ئەگەر لە ئاستی وڵاتدا هەر چەند ساڵ جارێک حەرەکەتی لەو جۆرە دەبینرێ، لە ساڵانی ڕابردوودا لە کوردستان هەر ساڵ چەند جار خەڵک بە ئێعتراز لە سەرکوت و تەبعیز بزوتنەوەی ناڕەزایەتیی لەم چەشنەیان وەڕێ خستووە. لە هەلومەرجی ئێستاشدا لەگەڵ ئەوە کە تێچووی ئەم جۆرە حەرەکەتانە لە کوردستان زۆر لەسەرترە و زەمینەکەشی لە هەموو شارەکانی کوردستان وەکیەک نیە، بەڵام گەورەترین شارەکانی کوردستان لە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییەدا بەشدار بوون، دەیان کەس لە خۆپێشاندەرانی کورد هەر ئێستا لە زیندانن و بەشێک لەوانەش کە لە زیندان گیانیان لێ ئەستێندراوە کوردن.

بەهەرحاڵ دەمەوێ بڵێم کە بەبێ دیتن و دروستکردنی پێوەندی و ڕایەڵە لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و دەکارخستنی پۆتانسیەلی خەباتی هەموو ئەو چین و توێژانە، هیچ بەشێک لە کۆمەڵگا بەتەنیایی ناتوانێ سەرکەوتوو بێ. بۆ ئەمەش، پێویستە بژاردە سیاسی و ڕووناکبیرییەکان لەسەر ساز و کار و گوتارێک ڕێک بکەون کە هەموو هێزەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران بەتایبەتی نەتەوەکانی ئەم وڵاتە خۆی تێدا ببیننەوە.

## پەنێلی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە سمیناری دەزگای مێراو لە ئەمریکا




ڕۆژی سێشەممە، ٣ی ڕێبەندان ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ناوەندێکی سەرەکیی توێژینەوە و سیاسەتسازی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و یەکێک لە گرینگترین تینک تانکەکانی ئەمریکایە، مێزگردێکی تایبەتی بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێک خست. لەو کۆبوونەوەیەدا کە ژمارەیەک توێژەری ئەکادیمی و ڕاوێژکاری سیاسی تێیدا بەشدار بوون، سەرەتا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب باسێکی سیاسیی پێشکێش کرد. بەڕێزیان ئاماژەی بەوە کرد کە لەگەڵ ئەوەدا کە لە ساڵانی ڕابردوودا فاکتەری کوردی وەک عونسورێکی گرینگی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیندوو بۆتەوە و سەرنجی پێ دەدرێ، بەڵام ئەو سەرنج پێدانە کەمتر کوردەکانی ئێرانی گرتۆتەوە. ناوبراو دانی بەوەدا نا کە ڕیال پۆلیتیک هەروا بەسەر پێوەندییە نێونەتەوەییەکاندا زاڵە و سیاسەتی هەر دەوڵەتێک لەگەڵ کوردی هەر پارچەیەکی کوردستان پاشکۆی سیاسەتی لەگەڵ دەوڵەتی حاکم بەسەر ئەو بەشە لە کوردستان دایە. باس لە پاشخانی خەباتی کورد لە ئێران، ئاستەنگ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای بردنەپێش و سەرخستنی خەباتی کورد لە ئێران و لێکدانەوەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی ئێران و بەشی خەڵکی کوردستان لەم بزوتنەوەیەدا چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بوو.

## کۆبوونەوەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکانی ئەمریکا



لەسەر بانگهێشتنی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا، ڕۆژی ٧ی ڕێبەندان کۆبوونەوەیەک بۆ جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و هەروەها چەند کەسایەتییەکی سەربەخۆ لە وڵاتی ئەمریکا ڕێک خرا. ئەو کۆبوونەوەیە بۆ تاوتوێکردنی دۆخی ئێستای کوردستان و ناوچە و هەروەها پێویستی و چۆنیەتیی تێگەیشتن و هاوکاریی زیاتری لایەنە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو. حیزب و لایەنە بەشداربووەکانی ئەم کۆبوونەوەیە کە سەر بە هەر چوار پارچەی کوردستان بوون بریتی بوون لە: پارتی دێموکڕاتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی دێموکڕاتیکی گەلان (هەدەپە)، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، یەکێتی دێموکڕاتی کورد لە سوریە، خۆسەریی دێموکراتی لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەنجومەنی سوریەی دێموکراتیک لە ڕۆژئاوای کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، لە قسەکانیدا ئیشارەی بەوە کرد کە دەمەساتی ئێستا بۆیە لە مێژووی نەتەوەی کورددا گرینگ و هەستیارە چونکە بە شێوەیەکی کەمتر دیتراو هەر چوار پارچەی کوردستان بەیەک ئەندازە و بەشێوەی هاوکات و هەماهەنگ لەلایەن دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا کە سەرەڕای کێشەکانی خۆیان لە هەمبەر پرسی کورددا یەکگرتوون، لەژێر هێرش و پەلامار و گوشاردایە. د. ئاسۆ حەسەنزادە وێڕای ئیشارە بەوە کە بەداخەوە ئەو هەمووە پەلامار و مەترسییە هاوبەشە بۆ سەر نەتەوەی کورد نەک هەر ڕیزەکانی کوردی یەکگرتوو نەکردووە بەڵکوو درز و دابەشبوونی زیاتریشی لەنێو بزوتنەوەی کورددا لێ کەوتۆتەوە، جەختی لەوە کردەوە کە بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو درز و دابەشبوونانە و پەرەپێدانی یەکگرتوویی هێزە کوردییەکان، پێویستیمان بە ئەقڵ و بەرپرسیارێتیی نەتەوەیی و دوور ڕوانین و یەکتر قبووڵ کردنی زیاتر هەیە. بۆ ئەوەش پێویستە پێشدا لەسەر ئاستی هەر پارچەیەکی کوردستان و پاشان لەسەر ئاستی هەموو پارچەکان، ئەگەر نەشتوانین هەر ئێستا هەموو لایەک لەژێر چەترێکی هاوبەشدا یەک بخەین، لانیکەم کۆمەڵێک پرەنسیپ بۆ داڕشتنی نەخشەڕێگایەک بۆ پرسە نەتەوەییەکان، دەستێوەرنەدانی کاروباری پارچەکانی دیکە، و کاری هاوبەش لەو شوێن و کاتانەدا کە پێویستە هەموو کورد بە هانا و یارمەتیی یەکترەوە بێن پەسند بکەین و کاریان پێ بکەین.

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢ی ڕێبەندان لە وڵاتی ئۆتریش

کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی ئۆتریش و ڕێکخستنی حیزبی شیوعی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ٧٢یەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لە شاری ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش سیمینارێکیان پێک هێنا.

لەم سیمینارەدا کە بەشێک لە کوردانی دانیشتیووی شاری ڤییەن و دەوروبەر بەشداریان تێداکرد، سەرەتا ئومید بابان باسێکی لەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەلومەرجی ئەوکات و هەروەها تێکڕمانەکەی کرد. ناوبراو لە بەشیکی دیکەی قسەکانیدا چووە سەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لە کوردستان بە گشتی و باشوری کوردستان بە تایبەتی و لەوبارەوە ڕوانگە و خوێندنەوەی خۆی خستەڕوو.

بە دوای ئەودا کاک محەممەدی فەقێ عەلی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، باسێکی لە ژێرسەردێڕی " کارە ئەرێنی و نەتەوایەتییەکانی کۆماری کوردستان" پێشکەش کرد. لەم بەشەدا کۆڕگێڕ ئیشارەی بە چەند خاڵی گرینگ کرد کە شانازییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆماری کوردستان.





حەسەن حاتەمی

ئیسلامی سیاسی
[و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

(٣٧)

## کاردانەوەکانی هێرش بە باڵوێزخانەی ئەمریکا و بارمتەگری

دوکتور عەبباس میلانی دەڵێ: زۆربەی ئۆپۆزیسیون چ چەپەکان و چ جەبهەی میللی، گەرەکیان بوو لە ئا. خومەینی ڕێبەرێکی ڕواڵەتی دروست بکەن! وەک؛ کێرێنسکی لە ڕووسیەی پێش شۆڕشدا. ئەوان هەوڵیان دا، یەکیەتییەک لە دەوری ئەو دروست بکەن و بە چوماغی وی لە شای بدەن. دوایی پێی بە جێی بێڵن. ئەوان لەوەی غافڵ بوون کە، ئا. خومەینی لە هەمووان زیرەکترە و بەرنامەی بۆ هەمووانیش هەبوو. ئەو بەهیچ جۆر تەمای بە لای ڕێبەرێکی ڕواڵەتیدا، نەبوو. (١)
دکتور فەرهەنگ هولاکوویی دەڵێ: ئەوە خەڵک نەبوو کە باڵوێزخانەیان داگیر کرد. ڕادەیەکی زۆری خەڵک نیگەران بوون کە چی لێدێتەوە. ئەمریکاییەکان زۆریان هەوڵ دا، وەزعەکە بەو جۆرەی لێ نەیە. ئەمریکا دوو بۆمبی هەستەیی لە ژاپون دا و ٢٠٠ هەزار کەسی کردە تۆز. بەڵام ژاپۆنییەکان ئەو کاریان نەکرد[کە دەسەڵاتی ئیسلامی کردی]. ئێستا ژاپۆنییەکان دوژمنی ئەمریکا نین و ١٠ ساڵی دوای بۆمبارانەکەش نەبوون. دەخاڵەت و کارتێکەری دوو لایەنەیە. ئەگەر پێش نوامبری ١٩٨٠ بارمتەکانی ئەمریکایی ئازاد کرابان، لەوانە بوو کارتێر براوەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بایە. ئەو کات دونیا بەو جۆرەی ئێستا نەدەبوو. بێشک ڕووداوی داگیرکردنی باڵوێزخانە و ڕاگرتنی بارمتەکان سیمای هەڵبژاردنی ئەمریکای گۆڕی. کەوابوو ئێران هەڵبژاردنی لەدەست دیموکراتەکان دەرهێنا و دایە دەست کۆماریخوازەکان. نەخشە ڕێگەی ئابووری «کینز» کە دوولایەنی داوا و خستنەڕوو (عرضە و تقاضا) کە لە ئەمریکادا، جێی گرتبوو، گۆڕا. پاشان ئەو سیاسەتە بە جۆرێک لە هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوودا، کاریگەری تایبەتی هەبوو، کە بزووتنەوەی مارکسیستیشی لە جیهاندا، ئاڵوگۆر کرد. (٢)
ئاماژەکردن بە دوو ڕووداوی دیکە کە لە ماوەی سێ حەوتوو، دوای هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا ڕوویان دا، پتر دەتوانێ لەگەڵ بۆچوونەکانی د. هولاکوویی بەجۆرێک هاوتەریب بن. یەکەم، هێرشی ژمارەیەک خوێندکار بە باڵوێزخانەی بریتانیا لە تاران، کە ئێزن بە داگیرکردنی پتر لە ٦ کاتژمێر نەدرا. ئەو هێرشە لە ڕۆژی ١٤ ی گەلاڕێزانی ١٣٥٨ (١٩٧٩) ئەنجام درا. ئەو خوێندکارە هێرشبەرانە بە هۆی سپای پاسداران دەرکران. فەخرئاور هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا بە جۆرێک بە پیلانی ڕێکخراوی ئەمنییەتی سۆڤیەتیی و تیمی عەلیی خامنەیی دەزانێ.(٣)
دوویەم، ژمارەیەک لە خوێندکارە ئیسلامییە توندئاژۆکان لە بەشێک لە زانکۆکان، پێیان وابوو کێشەی سەرەکی گرووپەکانی چەپ و مارکسیستین. مەحموود ئەحمەدینیژاد و ژمارەیەک لە حیزبوڵلاهییەکانی زانکۆی «علم و صنعت» لەوبەشە بوون کە بەتەمای هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی شووڕەوی بوون. بۆ ئەو کردەوەیە لەگەڵ «بیت امام» یش پێوەندیان گرتبوو. دەفتەری ئا. خومەینی بۆ ئەوەی ناڕەزایەتیی خۆی لەو تەمایە دەربڕێ، ٣ حەوتوو دواتر لە ٢ی سەرماوەزی ١٣٥٨ دا، ئاگادارییەکی بڵاوکردوە. لە بەشێکیدا نووسرابوو: خەڵکی شەریفی ئێران! سیخوڕەکانی ئەمریکا بۆ بە لاڕێدابردنی بیروڕای گشتی جیهان لە هەڵوێستی لیبڕاوی ئێوە، خەریکی پیلانێکی نوێن. ئەو جار بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوگەلێک خەڵک هان دەدەن بۆ داگیرکردنی باڵوێزخانەی شووڕەوی. ئەوە لە حالێکدا بوو کە، خوێندکارانی هێڵی «ئیمام» هەموو ڕۆژێ کۆنفرانسێکی هەواڵ یان دادەنا و هەڕەشەیان دەکرد کە بارمتەکان دەکوژن!؟ لەو سەروبەندەدا، موحسین میردامادی هوشداری دا کە: بە دەوڵەتی ئەمریکامان گوتوە، ئەگەر بیر لە ڕێگەی بەربەرەکانی نیزامی بکاتەوە، هەموو بارمتەکان دەکوژین.(٤)
یەکێک لە کاردانەوە نەرێنییەکانی ئەو ڕووداوە داگیرکارانەیە، دەست لەکار کێشانەوەی دەوڵەتی کاتیی موهەندیس بازرگان بوو. کابینەی دەوڵەت لەو کارە زۆر نارەحەت بوو. بەڵام میردامادی پاساوەکەی ئەوە بوو کە: «امام و امت» لە بەرانبەر ئامریکا دا، هەڵویستێکی توند و نا ئاشتییانەی هەبوو و ئەوە شەپۆلێکی توندی لە کۆمەڵگەدا، دروست کرد کە دەوڵەت ئەو زەرفیەتەی نەبوو و نەیدەتوانی لەگەڵ خەڵک هاوهەنگاو بێ.(٥)
بەڵام عەلیڕەزا ناموری حەقیقی لە دوو گۆشە نیگای دیکەوە بۆ ئەو بابەتە دەڕوانێ. یەکەم: ئەو سیاسەتەی خوێندکاران لەبواری دەرەوییدا بوو بە هۆی ئەوە کە، ڕەوتەکانی دژی شەڕ و ئاشتیخواز، دوای شکستی ئەمریکا لە ڤیتنام، هێزێکی نوێیان لەو وڵاتە دروست کردبوو کە بەرهەمەکەی هاتنە سەرکاری جیمی کارتێر بوو. دوای ئەو کارە [داگیرکرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران] ئەو ڕەوتە لاواز بوو، و دەستکەوتەکانی ١٠_ ١٥ ساڵەی ئەوان لەدەست چوون. ڕەوتێکی ڕاست و ترسناکی وەک ڕەیگان_ کە لە ڕاستیدا شێوەیەکی نوێ و وچە و نەسلێکی نوێ لە پاوانخوازی و توندئاژۆیی بوون_ بە دەسەڵات گەیشتن.
دوویەم: لە بواری نێوخۆییشدا، گرینگترین مەسەلە ئەوە بوو کە بارمتەگری سیاسەتی هێنا سەر شەقامەکان. یانی شەقامەکان بوون بە شوێنی سیاسەت. ئەو جۆرە سیاسەتە پۆپۆلیستی و بەسیجییە بوو بە هۆی ئەوە کە لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، قوربانیەکی زۆری هەبوو. بەشێکی هەمان خویندکارانی هێڵی «ئیمام» بوون. (٦)
ئەو ڕووداوە تاڵە سەناریۆ گەلێکی لی درووست بوو، کە بۆ یەکدەستکردنی دەسەڵات و جێ خستنی ئیسلامی سیاسی لە زانکۆکان و کۆمەڵگە ڕا بگرە، هەتا یاسای بنەڕەتی کە ویلایەتیی فەقیە و دەسەڵاتەکانی زاڵ کرد و داسەپاندن. بەشی جمهووریەتی نیزام لاواز کرا، و بەشی ویلایەت بەهێزتر و زۆربەی جومگەکانی دەسەڵات بە پێچەوانەی پەسندکراوی پێشووی شووڕای شۆڕش، هێزی نیزامی و نا ئەرتەشی برەویان پێدرا، وەک کۆمیتەکانی شۆڕش و سپا کە دواتر هەوڵدان، بۆ ئاژاوەگێری لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، بە ناوی نیهزەتەکانی ئازادیخوازی ئیسلامی کە دواتر ناوی «صدور انقلاب» ی لەسەر دانرا و...

### سەرچاوەکان

١_ اورونیوز، ٣٦ سال پس از اشغال سفارت آمریکا، چرا دیوار اعتمادی بین دو کشور فرو نمی‌ریزد؟
٢_ یوتییوب، اشغال سفارت آمریکا- دیموکراسی در خاورمیانە، دکتر هولاکویی.
٣_ یوتیوب، اشغال سفارت آمریکا در تهران، فصل ششم کتاب رفیق آیت‌الله، ص ٦٢.
٤ و ٥_ یوتیوب، صفحەی آخر، مهدی فلاحتی، محسن میردامادی از گروگانگیری تا زندان.
٦_ یوتیوب، علیرضا نامور حقیقی، تحلیلگر مسایل سیاسی، ایران از نگاه دوم.

# عەفرین؛ کرۆکیی تەنگەژەکە چیە؟



مامەند ڕۆژە

قەیرانی عەفرین بە هێرشی سوپای تورکیە لە چوارلاوە بۆ سەر عەفرین بەردەوامە. لەگەڵ ئەوەی تەکنۆلۆژیای هەرە مۆدڕێن لەم جەنگەدا بەکاردەهێنرێ، لەگەڵ ئەوەی بە هێزەکانی سوپای تورک و هێزەکانی سوپای ئازادەوە تێکڕا ٤٥ هەزار سەرباز لەم جەنگەدا بەشدارن، لەگەڵ ئەوەی تورکیە بە ٣٠٠ تانک و ٨٠٠ نەفەربەر و زرێپۆش، ١٠٠٠ کامیۆنی سەربازی، ٧٢ فڕۆکەی جەنگی جۆری ئێف ١٦، ٨ تۆپخانەی هاوچەرخ کە لە سێلاوە ناوچەکە تۆپباران دەکا، لەگەڵ ئەوەی بە چەندین مووشەکی زەوی بۆ هەوا و هەوا بۆ زەوی، عەفرین دەکوتێ، بەڵام لە ڕووی پێشڕەویی زەمینییەوە ئامانجەکان ئەوە نەبوون کە چاوەڕێ دەکران. واتە: جەنگەکە خەریکە دەبێتە جەنگێکی فەرسایشیی درێژخایەن!
لێرە پرسیارێک لە زەینماندا گلۆلە دەبێ: گەلۆ قەیرانی عەفرین بەرەو کوێ دەچێ؟ وەکوو گریمانەش دەشێ بڵێین تەنگژەی عەفرین ڕەهەندی دیکەی لێ دەکەوێتەوە.

## عەفرین؛ ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیە

عەفرین ئەو پوازەیە کە پسپۆڕەکانی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیە بە پردی پەڕینەوەی کورد لەوبەری فرات بۆ کەنارەکانی دەریای سپی نێوەڕاست ناوی دەبەن. بەڵام ئەمە تەنیا دیدە کلاسیکەکەیە. مەسەلەی عەفرین لەدیدی تورکەکانەوە ڕەهەندی دیکەیشی هەیە: ئەگەر عەفرین وەکوو ئیدارەیەکی کوردی بەتایبەت بەدەست پەیەدەوە وەمێنێ، ئەوە ئاسایشی ستراتیژیی ویلایەتی هاتای (ئەسەکەندەروون) دەکەوێتە مەترسییەوە. چونکە هاتای پێکهاتەیەکی تێکەڵی تورکمان، عەرەب، کورد و سوننی _ عەلەوی هەیە و ئیدیعای زۆری لەسەرە.
ڕەهەندێکی دیکەش ئەمەیە: عەفرین بە نەیاری ستراتیژیی تورکیە (کەجەکە) لە باشورەوە گەمارۆ دەدرێ. جگە لەوە عەفرین سنووری زەمینیی تورکیە و جیهانی عەرەبی سوننە لەیەک دادەبڕێ. هەروەها عەفرین ئەگەر وەکوو خۆی وەمێنێ، ئەوە دەبێتە هۆی تەکامولی ژێئۆسیاسیی کوردی. لەبەر ئەم پێگە ژێئۆسیاسییە، تورکیە دەیەوێ هەرچی زووە پێش ئەوەی زیاتر کات لەدست بدا، مەسەلەی عەفرین لە ڕووی سەربازییەوە یەکلایی بکاتەوە. لە ڕووی سیاسیشەوە بە ناوی سوپای ئازاد و بەناوی حکومەتی کاتی سەربە ئیتیلافی ئۆپۆزیسیۆن چەند میلیۆنێک ئاوارەی عەرەب و تورکمانی بۆ وەگوێزێ و نیشتەجێیان بکا. بەمەش پێکهاتەی مرۆیی عەفرین بە یەکجارەکی دەگۆڕێ و ناهێڵێ کورد بگەنە ئەوبەری فرات.




پەیەدە نەیتوانی خوێندنەوەیەکی وردتر بۆ پێگەی ژێئۆسیاسیی ئەم ناوچەیە بکا، چونکە قوولایی نیە و بەر ناوچەی نفوزی ڕووسیە کەوتووە کە بەئاسانی دەتوانێ بیکاتە قوربانی. بۆیە بەهەوای ناوچەی جزیرە گوتار و ڕەفتاری سیاسی خۆی دارشت؛ لەکاتێکدا دۆخی جزیرە جیاوازە و لەوێ ئەمریکا باڵادەستە کە چی عەفرین بەر نفوزی ڕووسیە کەوتووە و هەردوو زلهێز لە ژنێڤ لەسەر ئەم دابەشکارییە ڕێککەوتوون

## عەفرین؛ بێدەنگیی گوماناوی ئێران و سووریە

ڕێژیمی بەشار ئەسەد هەرچەند بەفەرمی ئەم مەسەلەیەی بە داگیرکردنی خاک و پێشێلکردنی سەروەریی سووریە ناو بردوە، بەڵام هیچ پەرچەکردارێکی جیاوازی نەبووە. ئێران واوەترە، چونکە ئەم پرۆژەیە بەشێکە لە بۆندێکی گەورەتر کە پێشتر لە ئۆپەراسیۆنی کەرکووک و مەسەلەی ڕێفراندۆمەوە لەگەڵ تورکیە لەسەری ڕێکەوتبوون. کاتێک سەردار باقری سەردانی ئەنکەرەی کرد، لەسەر ئۆپەراسیۆنی کەرکووک یەکلایی بوونەوە.
کاتێکیش خلوسی ئاکار ڕۆیشتە ئێران و دواتریش باقری سەردانی سووریەی کرد، لەسەر پرسی ئەسڵیی «عەفرین بۆ تۆ، ئیدلب بۆ من» لەگەڵ یەک ڕێکەوتن و ئێرانییەکان لایەنی شامیان ئیقناع کردووە. بۆیە ئەم پرسە لە نەکاو نیە، بەڵکوو بەردەوامبووی ستراتیژییەکە کە لە مۆسکۆ_ ئەنکەرە_ تاران لەسەری ڕێکەوتوون. کرۆکی ئەم ستراتیژیەش ئەمەیە: مۆسکۆ_ تاران_ ئەنکەرە و شام پێیانوایە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەتەمای دابەشکردنی ناوچەکەن. کوردەکانیش داردەستی ئەم سیاسەتەن و بەبیانووی قەڵاچۆکردنی داعش دەسەڵات و قەڵەمڕەوی کوردەکان گەلێک بەرفراوان بووە. بۆیە دەبێ ئەمە مەقەست بکرێ و ئەگەریش بکرێ لەباربڕی.




کاتێک خلوسی ئاکار ڕۆیشتە ئێران و دواتریش باقری سەردانی سووریەی کرد، لەسەر پرسی ئەسڵیی «عەفرین بۆ تۆ، ئیدلب بۆ من» لەگەڵ یەک ڕێکەوتن و ئێرانییەکان لایەنی شامیان ئیقناع کردووە. بۆیە ئەم پرسە لە نەکاو نیە، بەڵکوو بەردەوامبووی ستراتیژییەکە کە لە مۆسکۆ_ئەنکەرە_تاران لەسەری ڕێکەوتوون

## عەفرین: خیانەت یان ستراتیژی ڕووسیە؟

هێزە کوردییەکان پێیانوایە کەوا ڕووسیە خیانەتی لە عەفرین کردووە و ئیزندانی ئەوان نەبوایە تورکیە بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی هێرش بکا. بەڵام ڕووسەکان لە دیپلۆماسیی ئاشکرادا تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی ئەمریکا کە هێزە کوردییەکانی پڕچەک کردوە. لەو لاوەش بەشێوەی پاڵەکی دەڵێن: دەبوا هێزە کوردییەکان ناوچەکەیان ڕادەستی هێزەکانی ئەسەد بکردایەتەوە بۆ ئەوەی ئەم تەنگژەیە ڕوونەدا.
لەگەڵ ئەمەش ستراتیژیی ڕاستەقینەی ڕووسەکان ئەمەیە: تا ڕادەیەک بە جڵەو شلکردن بۆ تورکەکان دەیانەوێ درزەکانی نێوان تورکیە و ناتۆ گەورەتر بکەن و تورکیە بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. هەروەها پرۆژەی گازی سروشتی ترانس _ بلاک سیی لەگەڵ تورکەکان بەسوودی ڕووسیە واژۆکراوە. ڕووس دەیانەوێ تورک لە عەفرین تووشی جەنگی فەرسایشی ببێ. هەروەها دەیانەوێ لەم ڕێگەیەشەوە هەڕەشەی هیزە کوردییەکان کە هاوپەیمانی ئەمریکان، لەسەر ڕێژیمی ئەسەد کەم بکەن. بۆیە ئەم جەنگە خزمەت بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیان دەکا.
واتە: ئەم هێزانە دەیانەوێ بە لێدانی کورد، ئەمریکا ناچاربکەن ئەم ناوچەیە چۆڵ بکا.

## عەفرین؛ هەڵەی سیاسی کوردەکان

عەفرین پوازێکە کە لە سێ و بگرە چوار لاوە بە تورکیە و سوپای ئازاد گەمارۆدراوە. پەیەدە نەیتوانی خوێندنەوەیەکی وردتر بۆ پێگەی ژێئۆسیاسی ئەم ناوچەیە بکا، چونکە قوولایی نیە و بەر ناوچەی نفوزی ڕووسیە کەوتووە کە بەئاسانی دەتوانێ بیکاتە قوربانی. بۆیە بەهەوای ناوچەی جزیرە گوتار و ڕەفتاری سیاسی خۆی دارشت. لەکاتێکدا دۆخی جزیرە جیاوازە و لەوێ ئەمریکا باڵادەستە کە چی عەفرین بەر نفوزی ڕووسیە کەوتووە و هەردوو زلهێز لە ژنێڤ لەسەر ئەم دابەشکارییە ڕێککەوتوون.
پەیەدە دەکرا لە عەفرین ناوی خۆی و سیاسەتی خۆی بگۆڕایە و سیاسەتێکی فرەڕەهەندی بگرتایەتەبەر. بەڵام ئێستا ئەم شرۆڤەیە دادی هیچ نادا، چونکە عەفرین لەناو ئاگردا دەسووتێ و فاکتەری کوردیش تەنها «مقاوەمە»ی بەدەستەوە ماوە. بەڵام ئایا مقاوەمە زۆر شت یەکلایی دەکاتەوە؟ تارادەیەک وایە و ئەگەر فاکتەری بەرخۆدانی کوردی بۆ مانگێک و زیاتر بکشێ، ئەوسا ئەم جەنگە دەچێتە ناو کێشمەکێشی ناوچەییەوە و تانوپۆی تری لێدەبێتەوە و دەستی دیکەی تێ وەردەدرێ.

## ئەنجام؛ سیناریۆکان چین؟

لە ئاکامدا دەتوانین بێژین:
یەک: عەفرین دەتوانێ ماوەیەک مقاوەمەت بکا، بەڵام بەهۆی فشارەکان لەسەر تورکیە و بەهۆی کارەساتی مرۆیی، تورکیە هێرشەکان کەم دەکاتەوە، شریتی سنوور هەر لە شێراوە تاوەکوو بولبول، ڕاجۆ، شیێ و جندرێس داگیر دەکا و ناوچەیەکی تامپۆنی بۆ ئاسایشی خۆی داگیر دەکا، بەڵام جەنگەکە دەبێتە جەنگی ئیستنزافی واتە فەرسایشی و بەشێوەی جەنگی ئاسیمەتریک دەخایەنێ بەڵام ئیدارە کوردییەکە بە لاوازی دەمێنێتەوە.
دوو: ئەگەر هەیە تورکیە و هاوپەیمانەکانی لەسەر ئەم جەنگە جەخت بکەنەوە و بیانەوێ تا دەرپەڕاندنی پەیەدە لە عەفرین درێژەی پێبدەن. لەم کاتەدا داگیرکردنی عەفرین و جێگیرکردنی سوپای ئازاد (کە لە سەلەفیە جیهادییەکان پێکدێن) بەزیانی ڕووسیە، ئێران و سووریەیە و پێدەچێ پەرچەکرداری ئەوانی لێ بکەوێتەوە.
سێ: ئەگەر هەیە ئەمریکا لەگەڵ تورکیە ڕێک بکەوێ بۆ ئەوەی بەشێک لە خواستەکانی تورکیە بێنەدی و تورکیە هێرشەکان ڕابگرێ، بەڵام پێدەچێ لەم حاڵەتەدا ئیدارەی کوردی لە عەفرین ڕەنگ و بەرامەکەی گۆڕانی بەسەردا بێ.
بەگشتی: قەیرانی عەفرین دەرگای وەرزێکی نوێ لەبەردەم کورد دەکاتەوە کە هەم بە هەڕەشە و هەم بە هەلیش دووگیانە.

# ئاوابوونی خۆری بەختی کوردان

## بەشی یەکەم – باشووری کوردستان



فارین پاڵیسی – جوست هیلتەرمەن
و: کەماڵ حەسەنپوور

تەنیا چەند مانگ پێش ئێستا، وێدەچوو کوردەکانی عێراق و سورییە گەورەترین براوەی شەڕ لە دژی داعش بن. بەهێز لە هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە خۆرئاواییەکان، کە سەردەمێک خیانەتیان پێکردبوون و لێکیان جیا کردبوونەوە، وێڕایان خەونی قەرەبووکردنەوەی ئەوشتەی کە لە ڕوانگەی ئەمانەوە هەڵەیەکی مێژوویی لە کاتێکدا کە مانۆڕە ژێئۆپۆلیتییەکان، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، پێشیان بە دروستبوونی کیانی سەربەخۆی خۆیان گرت، ببینن.

بەڵام لەجیات ئەوەی کە شاهیدی دروستبوونی وڵاتێکی سەربەخۆ بن، کوردەکان تووشی نسکۆیەکی مەزن بوون. لە کاتێکدا کە هەڵمەتە سەربازییەکەی دژی داعش بەرەو کۆتایی دەچێ، حەزی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بۆ بەکارهێنانی کوردان وەک نوێنەری ئەوان دژی ڕێکخراوە جیهادییەکان نەبۆتە هۆی پشتیوانیی درێژخایەنی سەربازیی و سیاسی و بێگومان نەشبۆتە پشتیوانیی لە کیانی سەربەخۆ.

ڕێبەرانی کورد هەمیشە ئاگاداری ئەم مەترسییانە بوون بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییە، بە هیوای دەستخۆشانەی قوربانیدانییەکانیان، ڕەزامەندییان دەربڕیوە: گیانی هەزاران کەس و تێچوویەکی بەرچاو کە لە جیات ئەوەی کە خەرجی گەشەکردنی کوردستان بکرێ سەرفی گرتنەوەی ئەم شوێنانە کرا کە ڕەنگبێ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی زۆر گرینگ بن بەڵام بۆ خودی کوردەکان گرینگ نەبن. ئەم مەئمورییەتانە بوونە هۆی نارەزایەتیی قووڵی شەقامی کوردی. پارێزەرێکی کورد لە شاری قامیشلو دەڵێ هێزە کوردییەکان خەریکی ئازادکردنی ژمارەیەکی زۆر لە شارە عەرەبەکانن لە کاتێکدا کە ناوچە کوردییەکان بە دەست نەبوونی ژێرخانی ئابووری وەک قوتابخانە و کارەباوە دەناڵێنن.

ئەوەی کە دۆخەکەی هێندەی تر خراپ کردووە، تێکەڵاوێک لە دەستلێبەردانی وڵاتە خۆرئاواییەکان و ناکارامەیی سیاسەتی نێوخۆیە کە کوردەکانی تووشی خراپترین دۆخی تا ئێستا کردووە. لە ساڵی ڕابردوو دا، کاربەدەستانی کورد لە عێراق وازیان لە ستراتێژییە هۆشیارانەکەیان هێنا تا بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لە ڕێگەی هیوادارابوون بە پشتیوانیی ئامریکا بۆ ئەوەی کە ڕێگایان بدا بەرەو هێڵی کۆتایی بەسەر تەنگوچەڵەمەکاندا بازدەن و ئەمە دەرکەوت کە هەڵە بوو. بڕیاری ئەوان بۆ بەڕێوەبردنی گشتپرسی سەربەخۆیی کە دەمەقاڵەی لەسەر بوو و پێچەوانەی ویستی دەوڵەتانی بەهێزتر بوو، نسکۆیەکی مێژوویی لێ کەوتەوە.

گشتپرسی سێپتامبری ٢٠١٧ قەرار بوو دەستپێکی چنینەوەی دەستخۆشانە لەلایەن کوردانی عێراق بۆ ڕۆڵی ئەوان لە شەڕ دژی داعش بێ. مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پانتایی ناوچەی گشتپرسی بۆ ئەم شوێنانە زیاد کرد کە بە ناوچە جێناکۆکەکان، لە سنووری نێوان بەشە کوردی و عەرەبییەکانی عێراق، کە هەردوو لا ئیدیعای خاوەندارێتی دەکەن هەڵکەوتوە و پڕە لە سەرچاوەی نەوت. دەوڵەتی بەغدا بە سەرۆکایەتیی سەرۆک وەزیران حەیدەر ئەلعەبادی بەتایبەتی دژی ئەم بڕیارە بوو، کە وەک یەکەم هەنگاوی هەرێمی کوردستان بۆ دەستبەسەر داگرتنی ئەم ناوچەیانە سەیری دەکرد.

کاردانەوەی عێراق خێرا و بێبەزەییانە بوو: دوای گشتپرسییەکە، عەبادی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بەغدا، هێزی سەربازیی فیدراڵی نارد بۆ ناوچە جێناکۆکەکان. ئەم ناوچانە پتر لە سێ ساڵ پێشتر کەوتبوونە دەست هێزی پێشمەرگە، کاتێک کە سوپای عێراق لە بەرامبەر هێرشی سەرەتایی داعش شکستی هێنا. لە ئۆکتۆبر، دوای گرتنەوەی چاڵە نەوتەکانی کەرکوک هێزە ئەمنییەکانی عێراق درێژەیان بە مارشەکەیان دا و پانتاییەکی بەربڵاویان لە ناوچە جێناکۆکەکان لە باکوور و خۆرهەڵاتی عێراق گرتەوە کە لەو ناوچانەی کە ساڵی ٢٠١٤ کوردەکان دەستیان بەسەردا گرتبوون زۆرتر بوو.

بارزانی زوو تێگەیشت کە هاوپەیمانەکانی پشتیان تێکردووە و دوژمنەکانی دژی ئەو یەکتریان گرتووە. ئێران، کە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو دژایەتیی خۆی بەرامبەر بە گشت هەوڵێک بۆ پارچەپارچە کردنی عێراق دەربڕیبوو، کەڵکی لە تاقمێک شیعە کە بۆخۆی ڕاهێنانی پێکردبوون و بەچەک پۆشتەی کردبوون، دژی هێزە کوردییەکان کە دوای سوپای هێرشبەری عەبادی پاشەکشەیان کردبوو وەرگرت. تورکیە، هاوپەیمانی بارزانی، نیگەرانی تەشەنەکردنی خولیای جیاییخوازیی لە نێو کوردەکانی خۆی بوو. تورکیە هەڕەشەی کرد کە سنوورە هەستیارەکانی بەرەوڕووی هەرێمی کوردستان دابخا و چاوی لە بەرامبەر ئەو مامەڵەیەی ئێران نووقاند کە ئیزنی پاشەکشەکردن بە کوردەکان لە لایەن بەغداوە دەدا.

لە پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەوان دەمێک بوو دژی هەرچەشنە ئاڵوگۆڕ لە سنوورەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لە ترسی ئەوەی کە ئەمکارە ببێتە هۆی کاردانەوەی دۆمینەیی کە نەکرێ پێشی پێ بگیرێ و دژی هەر هەوڵێک کە ببێتە هۆی لاواز کردنی دەوڵەتی ناوەندیی عێراق، بوون و بە ئاشکرا چەند حەوتوو پێشتر بە بارزانییان گوت کە گشتپرسییەکە نەکا. کاتێک کە واشینگتۆن بۆی دەرکەوت کە عەبادی لە گەڵ یەکێک لە گروپە کوردییەکان، لایەنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان سەر بە تاڵەبانی، ساغ بۆتەوە کە بێ خوێنڕێژیی کەرکوک بگرێتەوە، هیچ کارێکی نەکرد. وێدەچێ کە ئێران دەڵاڵی ئەم مامەڵەیە بووبێ.

دەستبەسەرداگرتنی چاڵە نەوتییەکانی کەرکوک لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە وێدەچێ شکستێکی مەزنتر لە لەکیس چوونی خودی شارەکە بۆ ئاواتەکانی کوردان بێ. نەوت بۆ خەونی سەربەخۆیی ئەوان یەکلاکەرەوەیە: نەوت دەبێتە سەرچاوەی داهات و وەک کارتێکی فشار بەرامبەر بە جیرانەکانیان. لەکیس چوونی



کۆنترۆڵ بەسەر ئەم چاڵە نەوتانە، بە مانای گەڕانەوە بۆ سەردەمێکە کە ئەوان بەستراوەی عێراق و داهاتی چاڵە نەوتەکانی باشوور کە گەلێک مزنترن بوون. هەڵسوکەوتی بەغدا پاش گرتنەوەی کەرکوک لە نێوەڕاستەکانی ئۆکتۆبر نیشاندەری ئەمەیە کە ئەوان دەقاودەق مەبەستیان گەڕانەوە بۆ ئەم دۆخەیە: بەستراوەیی تەواوی هەرێمی کوردستان بە بەغدا.

سەرۆکایەتیی کورد دوو هەڵەی لێکدانەوەی کردن کە بووە هۆی دۆخی ترسناکی ئێستا. یەکەمیان چاوڕوانیی بارزانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پشتیوانیی لە هەوڵەکانی ناوبراو بۆ سەربەخۆیی، کە بناخەکەی لەسەر ئەم شتەی کە لە ڕوانگەی ئەوەوە پێویستیی خۆرئاوا بە کوردان و هاوسۆزی خۆرئاواییەکان بۆ کوردان دامەزرابوو. ڕێبەرانی کورد لەسەر ئەم بڕوایەن کە ئەوان جار لە دوای جار سەلماندوویانە کە شایانی هاوپەیمانیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانن و باسی ئەمەیان کردووە کە کوردستان هاوبەشێکی جێگای مەتمانە بۆ بەرپەرچدانەوەی خولیاکانی ئێران لە ناوچەیە.

بەهەمان شێوە ڕێبەرانی کورد دەمێکە پشتیوانییان لە پرەنسیپە دێموکراتیکەکان کردووە و ئیددیعا دەکەن کە ئەوان مودێلێکی نموونەیین بۆ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دوای ٢٠٠٣. ئەوان قەت لەبیر ناکەن کە باسی پاراستنی گروپە کەمینەنەتەوەکان بکەن و کە ئەوان پتر لە میلیۆنێک ئاوارەی عێراقییان لە هەرێمی کوردستان حاواندۆتەوە. ئەوان هەروەها باس لەوە دەکەن کە ڕەوایی هەوڵەکانیان بۆ سەربەخۆیی لە شەڕی ئامریکا بۆ سەربەخۆیی کەمتر نیە و کە پرەنسیپەکانی سەربەخۆیی لە یاسای نێونەتەوەییدا پشتیوانییان لێدەکرێ.

ئەوەی کە ئەم هەڵمەتە دڵڕفێنانە سەرکەوتوو نەبوون دەگەڕێتەوە بۆ بەشی دووهەمی هەڵەی لێکدانەوە لە لای بارزانی، کە گەلێک لەماڵەوە نزیکترە. بەڵگە ناخۆشەکە ئەمەیە کە ڕێبەرانی کورد بانگەشەی ئەمە دەکەن کە ئەوان خەریکی دامەزراندنی قەڵایەکی دێموکراسی لە خۆرهەڵاتێکی نێوەڕاستن کە بەدەست دەسەڵاتی ئایینییەوە دەناڵێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوان قەت ئەم کارەیان نەکرد. دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سەددام حوسێن، دوو حیزبی سەرەکیی کوردیی، پارتی دێموکراتی کوردستان (پدک) سەر بە بارزانی و یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان (ینک) سەر بە جەلال تاڵەبانی وزەی خۆیان بۆ دامەزراندنی پێکهاتەی یاسایی و فرەلایەن کردنی ئابووری تەرخان نەکرد. لە جیاتان، ئەوان پارەی نەوتیان بۆ دەوڵەمەندترکردنی خۆیان، بنەماڵەکانیان و کادرەکانی حیزبەکانیان تەرخان کرد.

هێرشە بێبەزەییانەکەی داعش لە باکووری عێراق لە ٢٠١٤ دۆخەکەی خراپتر کرد. خەبات دژی دوژمنی هاوبەش مەیدانی بۆ بارزانی چۆڵ کرد تا ڕەوایی بە داخستنی پارلمان و درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتیی بدا. دەسەڵاتی حیزبی جێگای دەسەڵاتی لێهاتووی گرتەوە. سەرۆکایەتیی بەرەکانی شەڕ دژی داعش هەم لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی و هەمیش لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی، درایە دەست ڕایەڵەیەک لە خەڵکی سیاسی، سەربازی و بازرگان کە بەشی سەرەکییان پەیوەندیی کەسیی و خزمایەتییان بە ڕیبەرانی حیزبەکانەوە هەبوو.

دەستبەسەر داگرتنی خێروبێری شەڕ لە لایەن چەند ڕێبەرێک کە دەسەڵاتیان هەر لە زیادبوون بوو، بنکۆڵ کرانی سیستەمی سیاسی لێکەوتەوە. وەزیرانی دەوڵەت کە سەر بە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکان بوون دەسەڵاتیان لە کارمەندەکەنیان لە هەمان وەزارەتخانانەدا کە سەر بە پارتی یا یەکیەتی بوون کەمتر بوو و ئەمە بووە سەرچاوەی سەرەکیی خزمخزمێنە لە هەرێمی کوردستان. مەسرور بارزانی، کوڕی مەسعود، دەسەڵاتی خۆی بەسەر دەزگای ئەمنییەتی پارتییەوە، لە کێبڕکێ لەگەڵ ئامۆزاکەی نێچیرڤان بارزانی، کە سەرۆک وەزیرانی هەرێمە و پراگماتیستێکە کە جەخت لەسەر بەهێز کردنی ئابووری دەکا، بەهێز کرد.

پشتیوانیی بێمەرجی سەربازیی لە لایەن خۆرئاواوە ئەم ڕەوتەی بەهێزتر کرد. ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئوروپا ڕێژەیەکی بەرچاو چەکوچۆڵیان دایە هێزە کوردەکان، لە قسان بۆ حکومەتی هەرێم بەڵام بە کردوە بەشی سەرەکیی کەوتە دەست پارتی. هێزە ئەمنییەتییەکانی پارتی و یەکیەتی چوونە قووڵایی ناوچە جێناکۆکەکان و هەندێک ناوچەی غەیرە کوردییان لە پرۆسەی شەڕ دژی داعش وێران کردوە و پێشیان بە خەڵکی مەدەنیی گرتوە کە بگەڕێنەوە مەگەر ئەوەی کە بەڵێنی وەفاداریی بە حیزبە کوردییەکان بدەن.

لە شەڕی ئازاد کردنی موسڵ لە دەستی داعش لە کۆتاییەکانی ٢٠١٦، تێکەڵاوێک لە دەوڵەتداریی خراپ، نایەکگرتوویی سیاسی و ناڕەزایەتیی جەماوەیی سەری هەڵدا. هەندێک کەس لەسەر ئەم بڕوایە بوون کە شەڕ دژی داعش لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان لە لایەن ڕێبەرانی کورد وەک ئامرازێک بۆ دەوڵەمەند کردنی خۆیانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ کە هیچ قازانجێکی بۆ کوردی ئاسایی نیە. لە سەرەتای هەڵمەتی شەڕی موسڵ پێشمەرگەیەک پرسیاری دەکرد، « بۆچی ئێمە بۆ چینی سیاسەتمەدار بجەنگێین؟ بۆچی ئێمە بۆ شەڕ بچینە موسڵ کاتێک کە موسڵ بەشیک لە کوردستان نیە؟»

لێکترازانی نێوان پارتی و یەکیەتی قووڵتر بۆتەوە و بۆتە هۆی کەلێنی ناوچەیی لە کوردستان، چوون لە سلێمانی کە لە ژێر دەسەڵاتی یەکیەتییە بۆ هەولێر کە لە ژێر دەسەڵاتی پارتییە وەک تێپەڕ بوون لە سنوور دەچێ. بە شێوەیەک، گشتپرسی و نسکۆیەکەی هەردووکیان ئاکامی هەوڵی ئەم دوو حیزبە بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەویتر دابوو: بۆ ڕاکێشانی پشتیوانیی جەماوەری بۆ گشتپرسی، پارتی دێموکراتی مەسعود بارزانی ئاشتییەکی لەرزۆکی لەگەڵ ئەو ڕێبەرانەی نێو یەکیەتی کە لە تەریکخرانەوە لەلایەن فراکسیۆنی تاڵەبانی دەترسان، پێکهێنا. ئەم هەنگاوە تاقمی تاڵەبانی، بە نێوەندگیریی ئێران، هان دا کە لەگەڵ بەغدا بۆ کشاندنەوەی هێزەکانیان لە کەرکوک ڕێکبکەوێ.

دەوری تاڵەبانییەکان هەستیار بوو. ئەوان تەنیا پشتیوانیی شلوێ و درەنگ وەختیان لە نەخشەکانی گشتپرسی بارزانی کردبوو. کاتێک کە دیتیان سەرۆک بەرەوڕووی ڕەخنەی بەربڵاوی ناوچەیی و نێونەتەوەیی لە بەر پێداگریی لەسەر گشتپرسی بۆتەوە، هەلێکیان بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی ناوبراو بەدیکرد. لە ئەنجامی کشاندنەوەی هێزەکانیان لە کەرکوک، سوپای عێراق، بە پشتیوانیی میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە کاتی بەرەوپێشچوونیان بەرەوڕووی نزیکەی هیچ بەرهەڵستکارییەک نەبوونەوە.

وێدەچوو بارزانی بەم ڕووداوانە تووشی شۆک بووبێ، ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە پێی وابووە کە پشتیوانیی خۆرئاوا و داهاتی نەوت ئەمی دژی پێویستیی سازش واکسینە کردووە. حیزبەکەی بە شێوەیەکی پەرەئەستێن تووشی هەڵوێستی یەکلایەنە ببوو: پێش ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بە ئاماژە کردن بەم ناوچانەی کە پارتی لەوێ دەسەڵاتی تاقانەی هەیە، بازرگانێک کە بۆتە پێشمەرگە گوتی « ئەگەر سلێمانی لەگەڵ ئێمە نەبێ، ئێمە کوردستان لە دهۆک، هەولێر و دەشتی نەینەوا دروست دەکەین.»


لە ئاکامی ئەم غرورەوە، ئێستا جێگای گومانە کە بتوانن کوردستان لە هیچ شوێنێک دروست بکەن.

# لە حوجرەوە



عادل مەحموودی

## مەلا عەبدوڕەحمان لاهیجانی



لەساڵی ١٢٩٩ی هەتاوی، لە گوندی عەلیاوای سەربە شاری مەهاباد، منداڵێک لە بنەماڵەیەکی ڕەنجکێش و نیشتمانپەروەر یەکەم هەناسەکانی ژیانی هەڵمژی و لەسەر نەریتی کوردەواری دوای حەوتوویەک لە کۆڕێکی هەژارانەدا ناویان نایە ڕەحمان. مام ئەحمەد دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر بەدنیاهاتنی منداڵەکەیان، ماڵی گواستەوە شاری شنۆ. مام ئەحمەد وەک هەموو باوکە ڕەنجکێشەکانی گەلی چەوساوەی کورد، ئاواتی ئەوە بوو کە منداڵەکەی لانیکەم لەخۆی باشتر بژی و بە خوێندن و زانیاری خزمەت بە خۆی و گەل و نیشتمانەکەی بکا، بەڵام تاکە ڕێگەی فێربوونی زانست لەو سەردەمەدا بۆ چینی هەژاری وڵاتێکی داگیرکراوی وەک کوردستان تەنیا حوجرە و مزگەوتەکان بوون کە زۆربەی ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی ئەم گەلە چەوساوەیە لە حوجرەکان و لە خزمەتی مامۆستایانی ئایینیدا پێدەگەیشتن و دەبوون بە ئەفسانەی جەنگاوەرانی خۆرەتاوێکی پارچەپارچەکراو. ڕەحمان، دوای تەمەنی ٦_٧ ساڵی نرایە بەر خوێندن و خرایە حوجرەی فەقێکان لە مزگەوتی جامیعەی شاری شنۆ و بە ڕەسمی بووبە فەقێ. فەقێ ڕەحمان پلە سەرەتاییەکانی مەلایی هەر لەو حوجرەیەدا دەبڕێ و دواتر وەک نەریتی مامۆستایان بە حوجرەی زۆرێک لە شار و گوندەکانی دیکەی کوردستاندا دەگەڕێ و درێژە بە خوێندنەکەی دەدا. لە ئاکامدا لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا لە حوجرەکەی مامۆستا مەلا محەممەد ماوەرانی لە مهاباد، دوایین پلەکانی مەلایی دەبڕێ و هەر لە خزمەتی ئەویشدا بڕوانامەی مەلایەتی وەردەگرێ و بە ڕەسمی دەبێتە مامۆستای ئایینی. مامۆستا مەلا ڕەحمان لاجانی، ناسراو بە مەلا ڕەحمان (کاڕەش)، دوای ئەوەی کە بڕوانامەی مەلایەتی وەرگرت لەگەڵ کیژۆڵە کوردێک بە ناوی سەیزادە زوڵەیخا ژیانی هاوبەش پێک دێنێ و بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشە، کچ و کوڕێک دەبن، کە کوڕەکەی بەناوی موراد دوای ٥ساڵ لە شانکردنی چەکی شەرەف، لە سەنگەری پارێزگاری کردن لە گەل و نیشتمانەکەی شەهید دەبێ و دەچێتە ڕیزی کاروانی شەهیدانی گەلەوە. مامۆستا، وەک کوڕە هەژاری کۆمەڵگەیەکی سەرکوتکراوی ژێرچەپۆک، لەمێژ بوو کە ژانی گەلەکەی وەک زامێکی بەسۆ ئازاری ناخی دەدا و ئوقرەی لێبڕیبو، هەتا ئەوکاتەی کە ک_ژکاف دامەزرا و پەرەی سەند. مامۆستا لە تەمەنی ٢٢ساڵیدا بە ڕەسمی بوو بە ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە و بە نازناوی «زرێ» و هەر لەو سەرەتاوە شانازیی پلەی کادری ئەو کۆمەڵەیەی پێبڕا و وەک ئەندامێکی چالاکی ئەو کۆمەڵەیە قۆڵی لێ هەڵماڵی و بە ئەوپەڕی توانا و لێهاتووییەوە شانی دایە ژێر ئەو ئەرکانەی کە پێی دەسپێردران. بە گۆڕینی ناوی ئەو کۆمەڵەیە بە حیزبی دیموکرات، بەبێ هیچ دوودڵییەک و گۆڕانێک لە بیروباوەڕیدا درێژەیان بە خەبات دا.

کۆماری کوردستان بەرهەمی ڕاستبێژی و پتەوی ئەو بیروباوەڕانە بوو، کە گیان لەسەردەست و پێشمەرگەی بەرژەوەندییەکانی گەل بوون. دوای ئەوەش کە کۆماری کوردستان لە مهاباد، کرایە قوربانی بازرگانە زلهێزەکان و جوانەمەرگ کرا و هیوای گەلێک لە سێدارەی تاریکپەرەستەکان درا، هەرچەند کە بێ هیواییەک باڵی کێشابوو بەسەر ورەی نیشتمانپەروەراندا، بەڵام مامۆستا یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ورەی زۆر لەوە بەهێزتر و پۆڵایینتر بوو کە کۆڵ بدا و دەستەوئەژنۆ ڕاوەستێ، بەڵکوو مامۆستا هەر درێژەی بە خەباتی نهێنی و تەشکیلاتی خۆی دا، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە، هەر لە ژێر چاوەدێری بەکرێگیراوەکانی ساواک دا بوو، هەتا ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لەلایەن ئەو هێزانەوە قۆڵبەست کراو خرایە بەندیخانەی ڕژێمی پاشیەتییەوە و تا ساڵی ١٣٤٠ لە زیندان دەسبەسەر بوو. مامۆستا دوای ئازادبوونی لە زیندان بەردەوام لەژێر چاوەدێریدا مایەوە، بەڵام بیروباوەڕی ئەو زۆر لەوە پتەوتر بوو کە بە زیندان و ئەشکەنجە چاوترسێن بکرێ و وازبهێنێ، بەڵکوو مکووڕتر لە جاران درێژە بە خەبات دەدا و وەک کادێریکی لێهاتوو لە چەندین پۆستی جیاوازدا ئەرکی نیشتمانی و حیزبیی خۆی بە سەرکەوتوویی ڕادەپەڕێنێ. ناوبراو ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی بۆ جاری دووهەم دەسبەسەر دەکرێ و ڕەوانەی زیندانەکانی ئەو ڕێژیمە دەکرێتەوە و بۆ ماوەی ٩ ساڵی دیکە لە چەندین بەندیخانەی جۆراوجۆری ئەو ڕێژیمەدا بەسەر دەبا، مامۆستا تەنانەت لە زیندانیش دا هەر درێژە بە خەبات و چالاکیەکانی دەدا، هەتا ساڵی ١٣٥٣ لە زیندان ئازاد دەبێ و بە گشتی مامۆستا نزیکەی ١٢ساڵ و نیو، لە تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی داگیرکەراندا بەسەر دەبا. مامۆستا، دوای ئەوەی کە لە زیندان ئازاد دەبێ، ڕێژیمی پاشایەتی لە بارودۆخێکی ئاڵۆز دا دەبێ کە بەرەبەری دەسپێکی شۆڕشی گەلانی ئێران دەبێ و ئەو هەلومەرجەش بۆ شۆڕشگێڕێکی وەک مامۆستا گەورەترین خەڵاتی خوایی دەبێ و بەبێ هیچ ڕامانێک دیسان دێتەوە مەیدانی خەبات و دەست بە کار و چالاکی و هوشیارکردنەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکاتەوە و لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرێ بۆ هاندانی خەڵک دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی حەمەڕەزاشا. مامۆستا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، وەک کەسایەتییەکی خاوەن ڕابردووی سیاسی، لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەی پیرانشار ڕێز و متمانە و پلەوپایەیەکی تایبەتی دەبێت و خەڵکی ئەو ناوچەیە بە هێمای خۆڕاگری و قەڵای ورە دەیناسن و وەک بەرپرسی شۆڕای ئەو شارە هەڵی دەبژێرن. دوای ئەوەیکە حیزبی دێموکرات شار و گوندەکانی بەرەو چیا سەربەرزەکان بەجێهێشت و دواتریش بە ناچاری بەرەو دەشتی کۆیە بنکە و بارەگاکانی گواستەوە، زۆرێک لە هاوسەنگەرەکانی مامۆستا ڕوویان کردە تاراوگە یان ژیانێکی ئاسایی، بەڵام مامۆستا، هەر بەو گەرموگوڕییەی جاران درێژەی بە ڕێگا پڕ لە هەوراز و نشێوەکەی خەبات دا و هەتا دوایین هەناسەکانی ژیانی پێبەندی ئەو سوێندە بوو کە لەیەکەم ڕۆژی بوون بە ئەندامی کومەڵەی ژ.ک وە خواردبووی و ئەو سەنگەرەی چۆڵ نەکرد. لە ئاکام دا مامۆستا مەلا عەبدوڕەحمانی لاهیجانی، لە ڕۆژی ٦ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨١ هەتاوی لە تەمەنی ٨٢ساڵیدا لە بارەگاکانی حیزب لە شاری کۆیە بە ویژدانێکی ئاسوودەوە ماڵئاوایی لە گەل و نیشتمانەکەی کرد و قەڵایەک لەورە و دنیایەک لە باوەڕی بۆ هاوسەنگەرەکانی بەجێ هێشت و لە کۆڕێکی بەشکۆ و ئاپۆڕای هاو خەباتەکانیدا ئەسپەردەی خاک کرا.

هەکبەی شاخ و شۆڕش

## لەپەراوێزی دێکۆمێنتارەکەی «کویسنجق»دا



برایم چووکەڵی

دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە (شبکە مستند)ی خۆیدا فیلمێکی لە ژێر ناوی «کۆیسنجق»دا بڵاو کردەوە. فیلمەکە باس لە سنووربەزاندنی کۆماری ئیسلامی و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا. وەک لە فیلمەکەشدا هاتووە ئامانج لەو هێرشە زەبرلێدان لە حیزبی دێموکرات و ڕێگرتن لە چالاکییەکانی ئەو حیزبە لە نێوخۆی وڵات و خۆیان گوتەنی سەقامگیرکردنی هێمنی لە کوردستان بووە.

لە کەس شاراواوە نیە کە کۆماری ئیسلامی هەر لە ڕۆژی دامەزرانیەوە تا ئێستاش ماکەی سەرەکیی هەموو نائارامییەکە لە کوردستان. کوشتوبڕی خەڵکی شارەکانی سەقز، سنە، بانە و نەغەدە و کۆمەڵکوژییەکان لە چەندین گوندی وەک قارنێ، قەڵاتان، سەرووکانی، سۆفیان، حەسەنلۆلان و هتد، ئاوارەکرانی هەزاران بنەماڵە و دوور خستنەوەیان لە کوردستان و، وێرانکردن و سووتاندنی دەیان گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا گۆشەیەکی بچووک لە جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمەن کە تا ئێستاش لە شێوەی نەرم و زبری خۆی لە کوردستان درێژەی هەیە.

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەو دێکۆمێنتەدا دەیەوێ هێزی شان و باهۆی بە ڕووی دژبەرانیدا پیشان بدا و بڵێ لە قووڵایی وڵاتێکی دی ئۆپەڕاسیۆنێکی ئاوا دەکا، بەڵام هەر لەو کاتەدا سەدان و بگرە زیاتر لە هەزار پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵاتدا بوون، کەچی ڕێژیم نەیدەوێرا خۆ لە قەرەیان بدا. چونکی دیبوویان کە چۆن لە شەڕگەی شەڕە نابەرامبەرەکاندا لمبۆزی فەرماندە پڕ ئەستێرەکانیان لە عەرزی دەدرێ و چۆن گوردان و گروهان و گرووپە زەربەتەکانیان زەبوون و چووک لەبەردەم هێزی پێشمەرگەدا بەچۆک دادێن.

باسەکە چیە؟ باس ئەوەیە کە ڕووداوەکانی کوردستان و حەماسەخوڵقێنیی هێزی پێشمەرگە و بەردەوامیی شەڕ و پێکدادانەکان لە دوای کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق لە کوردستان وادەکا سپای پاسداران لەلایەن ناوەندە دەسەڵاتەوە فشاری زیاتریان بخرێتە سەر.

شوورای نیزامیی سپای پاسداران لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیار دەدا فەرماندەیەکی نوێ بنێرێتە کوردستان هەتا جێی عەلی قومی، چەمران، لاجوەردی و مەحموود کاوە بگرێتەوە کە بەدەستی ڕۆڵەکانی کورد بەسزای تاوانەکانیان گەیشتبوون. ئەو بڕیارە لە کاتێکدا درا کە ڕێژیم لە نێوخۆ دەیان و سەدان تەرحی عەمەلیاتیی بە دژی حیزب دادەڕشت و هەموو جارێ زەبری گورچکبڕی لێ دەکەوت؛ بۆ قەرەبووکردنەوەی خەسار و زیانەکانیشیان ئەوەی لە دەستیان دەهات و پەنایان بۆی دەبرد تیرۆری کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بوو لە باشووری کوردستان. لەو نێوەشدا ناسەقامگیریی باشووری کوردستان هەل و بەستێنێکی لەباری بۆ تۆڕە سیخوڕی و تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ڕەخساندبوو.

بەڵگە نهێنییەکان دەریدەخەن کە کۆماری ئیسلامی فشارخستنەسەر هێزەکانی باشووری کوردستانی وەک تاکەڕێگەی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبەر دەم خۆی داناوە، بە تایبەت لە سەردەمێکدا کە شەڕی نێوخۆیی لە باشووری کوردستان دەرفەتی لەبارتری بۆ دەستدرێژی و تەڕاتێنی کۆماری ئیسلامی لە خاکی هەرێمدا بۆ ڕێژیم ڕەخساندبوو.

عەمەلیاتی هێرش بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە قووڵایی ٢٥٠ کیلۆمیتریی خاکی باشووری کوردستان بە جوڵاندنی زیاتر لە دوو هەزار هێزی چەکداری تەیار بە ١٥ قەبزە تۆپی ١٣٠، ١٠ قەبزە کاتیوشا و موشەکی ٢٤٠ دەستی پێکرد. ڕێژیم ڕۆژی ٥ی گەلاوێژی ١٣٧٥ هێزەکەی بەرەو بنکەکانی حیزب خستەڕێ و وەک لە دێکۆمێنتارەکەشدا دەردەکەوێ لە هەموو ماوەی ئەو ڕێ بڕینەدا لە ترسی پەلاماری هێزەکانی حیزبی دێموکرات هەدایان نەداوە.

سەرەنجام لەکاتژمێری ٦ی بەیانی ڕۆژی ٧ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی تۆپخانەی سپای پاسداران کە لە گوندی سماقوڵی داندرابوو، یەکەم تۆپ و کاتیوشاکانی بەڕێ کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات. لە ئاوایی «کامووسەک»یش ڕا دوو موشەک ڕوو بە بنکەکانی حیزب گەرابەندی کران و فەرماندەی هێزەکانی ڕێژیم لە سەر چیای هەیبەت سوڵتان بەدووربینەوە شەڕگەیان خستە بەرچاو.

ئاگربارانی بنکەکانی حیزب بۆ ماوەی ١٢ سەعات بە بەردەوامی درێژەی هەبوو، بەڵام بەهۆی ژیری و لێهاتوویی حیزب لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە کەلەلایەن ستادێکی فەرماندەیی پێنج کەسییەوە ئیدارە دەکرا، تاکە یەک پێشمەرگە خوێنی لە لووت نەهات و کەس شەهید و بریندار نەبوو.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو عەمەلیاتە ناچاربوو سنووری وڵاتێکی دی ببەزێنێ، پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان نادیدە بگرێ و لەشکەرکێشییەکی گەورە وەڕێ بخا، بەڵام ئەوەی دەستی کەوت سەرشۆڕی و شکست بەولاوەتر نەبوو. لەو فیلمەدا ناوەندە ئەمنیەتییەکان دەیانەوێ بڵێن کە گرێبەستێکیان لە نێوان خۆیان و حیزبی دێموکراتدا ئیمزا کردوە، چەواشەکارییەک کە تەنیا خۆیان دەزانن چەندەی فڕ بە ڕاستییەوە هەیە. بەتایبەت کە دوای ئەو دەستدرێژییەش نە کوردستان هێزی پێشمەرگەی لێ بڕا، نە کوورەی خەباتی حیزبی دێموکرات ساردی و سڕیی تێکەوت، نە کوردستان بووە ئەو پارووەی بە گەروویانیدا بکەن.

ڕێژیم دەیەوێ بڵێ مەبەست لە عەمەلیاتەکەی «کویسنجق» جێگیرکردن و سەقامگیرکردنی ئەمنیەتیە لە کوردستان، بەڵام کێ هەیە نەزانێ دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ لەو ڕووداوەش تەنیا هۆکاری نائەمنی لە کوردستان هەر خودی کۆماری ئیسلامییە. کێ هەیە نەزانێ ئێستاش ئەو بەناو ئەمنیەتە لە کوردستان بە پۆستاڵ و زەبروزەنگ و سەرکوتە کە ڕاگیراوە و ئەمنیەت لە کوردستان بۆ ڕێژیم تەنیا مانای زەوتکردنی ماف و ئازادییەکان، کپکردنی دەنگی نارەزایەتی و بەگژداچوونەوەی شوناس و مافخوازیی خەڵکی کورد دەدا کەس سەرەڕای تێچووی زۆری بۆ ڕێژیم قەت نەیتوانیوە تێیدا سەرکەوتوو بێ.

وەک باس کرا ئامانجەکانی ڕێژیم لە دەستدرێژییەکەی ڕۆژی ٧ی گەلاوێژ بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات زۆر و فرەڕەهەند بوون کە یەک لەو ئامانجانە بەرەوڕووکردنەوەی هێزەکانی حیزبی دێموکرات لەگەڵ هێزی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بوو. کە دیارە بە خۆشییەوە بەهۆی وردبینیی و ئاسۆی فراوانی بیرکردنەوەی ڕێبەرانی کورد ئەو پیلانەش بۆ ڕێژیم سەری نەگرت.

٢١ ساڵ دوای ئەو هێرش و پەلامارە و بڵاوبوونەوەی دێکۆمێنتارەکەی سپای پاسداران لە ٢١ ساڵەی ئەو شکانەدا پێمان دەڵێ: حیزبی دێموکرات و خەباتی کورد لە ئێران قەڵایەکی لەشکان نەهاتوویە....

## هەڵسەنگاندنی لیبڕاڵیزم لە ڕوانگەی سۆسیالیستییەوە(٣-٣)

### سۆسیالیستەکان و دێمۆکراسیی لیبڕاڵی



د. کامران ئەمین ئاوە

بە پێی لێکدانەوەکانی سەرەوە ئەم پرسیارە دێتە پێش، ئایا هێزێکی سۆسیالیست لە وڵاتێکدا کە تەنانەت دێمۆکراسی و ئازادیی لیبڕاڵیش بوونی نیە، نابێ تا گەیشتن بە سۆسیالیسم، بۆ وەدەسهێنانی دێمۆکراسی تێ بکۆشێ و دروشمی کاتی و درێژخایەنی تەنیا لە چوارچێوەی گەیشتن بە سۆسیالیسمدا قەتیس بمێنێتەوە؟ بێگومان پێش هەموو شتێک پێویستە ئێمە بە چەشنێکی میکانیکی کۆمەڵگەی خۆمان لەگەڵ ئوورووپا بەراوەرد نەکەین، ئەو شتانەی کەساڵیانی ساڵە لە ئوورووپادا بۆتە بەشێک لە ژیانی ئاسایی خەڵک، بۆ ئەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆریی ئۆلی و نائۆلییان تێدا زاڵە، بۆتە ئاواتێکی مەزن و جاروبار تەنیا لە چوارچێوەی خەیاڵدا دەگونجێ. لەم وڵاتانەدا خەبات بۆ وەدەستهێنانی دێمۆکراسیی بۆرژوایی بەشێک لە ئەرکەکانی چەپ و بزووتنەوەی سیستەمی زاڵی ئایینی لە ئێران، کە کۆمەڵگەی کردۆتە زیندانێکی گەورە و هەرچەشنە بانگێکی ئازادی بە بەندیخانە، ئەشکەنجە و کوشتن وڵام دەداتەوە قۆناخێکی گەورە و ئەرێنییە.

#### کورد و دێمۆکراسیی لیبڕاڵی

حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێ لەبەرچاوگرتنی دروشمی کاتی یان درێژخایەنی [فیدراڵی، کۆنفیدراڵی یاخود سەربەخۆیی] بۆ بردنەسەرەوەی ئاگایی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی خەڵک و ڕێکخستنیان لە نێو پێکهاتە جۆراوجۆرە سیاسیی و مەدەنییەکاندا پێویستیان بە بارودۆخێکی ئازاد و دێموکرات هەیە تا کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە ژیانی ڕۆژانەی گەڵەکەیاندا هەبێ. چارەسەریی کێشەی نەتەوەیی و گەیشتن بە ئاواتی لەمێژینەی کورد واتە سەربەخۆیی ڕێگەیەکی ساف و بێ لەمپەر نیە و لە کورتەخایەندا وەدی نایە. پێویستە بۆ تا ئاستی جیایی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ. بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە نەتەوەی کوردە کە بڕیاری ئاخری خۆی دەدا، هەر ئەو جۆرەی کە خەڵکی سکاتلەند بە پێی بەرژوەندیی خۆی ئازادانە دەنگی بە مانەوە لە بریتانیادا دا، کوردیش دەتوانێ لە وڵاتێکی ئازاد، بە پێی بەرژوەندیی خۆی دەنگ بە مان یان نەمان لەو وڵاتانەدا بدا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کردوە، بەڵام نەبوونی ئازادی، دێمۆکراسی و میکانیزمی قانوونی بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەی نەتەوەیی، هەروەها درێژەپێدانی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی دەسەڵاتی ناوەندی، تەنیا دەبێتەوە هۆی ئاڵۆزتربوونی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتانە و ڕادیکاڵیزەبوونی هەر چی زۆرتری بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد.




کرێکارییە و پێویستە دێمۆکراسی بورژوای وەکوو دەرفەت و بەربواری پەرەسەندنی دێمۆکراسی بە قۆناخێکی بەرزتر و مسۆگەرکردنی یەکگرتوویی تەواوی ویستە دێمۆکراتییەکان لە بواری پێوەندیی نێوان جنسەکان، ڕەگەزەکان، کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەیی و فەرهەنگی و دیموکراتیزە کردنی ئابووری، پاراستنی ژینگە و بەربەرەکانی لەگەڵ بیرۆکراسی دەزگا دەوڵەتییەکان لەبەرچاو بگیرێ.

ژیان و خەباتی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی دروشمی هەموو یان هیچدا ناگونجێ و ئەمە تەنیا لە تاقیکردنەوەکانی فیزیۆلۆژیدا باوی هەیە. دێمۆکراسی بورژوای بە تایبەتی لە وڵاتێک وەکوو ئێران و کوردستان و هتد بواری دروستکردنی ئەنجومەن و یەکیەتیی پیشەیی و هونەری، ڕێکخراوەی بەرگری لە مافی ژنان و منداڵان، بەشداری و دەنگدانی خەڵک لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵگە، خەباتی پارلەمانی، ئازادی دەربڕینی بیرورا لە ڕێگەی گۆڤار و ڕۆژنامە و هتد، کورتکردنەوەی دەسەڵاتی مزگەوت و هێزە ئایینییەکان لە دادوەری و کاروباری ژیانی ئاسایی خەڵک، پێکهێنانی چوارچێوەی قانوونی دژ بە توندوتیژی لەگەڵ ژنان و منداڵان و تەنانەت بواری پێویست بۆ وەدیهێنانی مافی ڕێژەیی نەتەوەکان [بۆ وێنە بە پێی دروستبوونی وڵاتێکی فێدراڵ یان نەناوەندی] و هتد ... پێک دەهێنێ. تەواوی ئەمانە یاریدە دەدا بەجێگیربوون و خۆڕاهێنانی دێمۆکراسی و ئازادی لە کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی گشتیی خەڵک لە تەواوی بوارەکانی ژیان و یەک لەوان ئاگایی نەتەوەیی. دێمۆکراسی بورژوای بە بەراوەرد لەگەڵ گەیشتن بۆ ئەم ئامانجە بارودۆخی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکرێ تا خەڵکی بە ئاستێک لە ئاگایی نەتەوەیی بگەن کە بتوانن بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاش باکوور گەورەترین بەشی کوردستان بە پێ پانتایی وڵات، ڕێژەی دانیشتوان، ڕەنگاوڕەنگی ئایین و زاراوەی زمان، هەروەها ئاستی ئاگایی نەتەوەیی و یەکنەبوونی پێشینەی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ناوچە جۆراوجۆرەکان لە ورمێوە تا دێهلۆرانە، هەروەها تێکەڵاوبوونی سنووری جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ نەتەوە دراوسێیەکان، بە تایبەتی ئازەرییەکان یەکێک لە کێشەکانی شایانی بیرکردنەوەیە. ئەم ڕاستییە ئەمەمان پێ دەسەلمێنێ کە هەڵبژاردنی دروشمی شیاو، شێوەی خەبات و چالاکی هێزێکی پێشکەوتنخواز بۆ چارەسەری کێشەی کورد، پێویستە هاوئاهەنگی لەگەڵ بارودۆخی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانیی هەبێ تا بتوانێ بیروڕای گشتی و پشتیوانی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بەرەو خۆی ڕابکێشێ. کێشەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە چەشنێکی خۆویستانە چارەسەر ناکرێ و پێویستە هێزێکی بەرپرس قۆناخ بە قۆناخ ئەم ڕێگایە ببڕێ. قبووڵی ئەم ڕاستییانە بە مانای پاشگەزبوونەوە لە ئامانجی درێژخایەن واتە سەربەخۆیی نیە. کێشەی نەتەوەیی کورد تەنیا کاتێک بە یەکجاری چارەسەر دەکرێ کە کورد دەوڵەت و کیانی خۆی ببێ، ئەم مەسەلەیەش پێویستە لە پرۆگرامی حیزبێکی سۆسیالیست لە کوردستاندا ڕەنگدانەوەی هەبێ. ئەرکی کوردی سۆسیالیست، گرێدانی خەباتی نەتەوەیی و چینایەتییە بەیەکەوە، هەروەها بەرگریکردنە لە مافی چارەی خۆنووسینی کورد

**سەرچاوەکان**

١. مقدمەای بر ایدئولوژیهای سیاسی « اثری از مجموع آثار «رابرت اکلشال»، «ریچارد جي»، «وینسنت گیگن»، «ایین مکنزی»، «ریک ویلفورد» و «مایکل کنی»، ترجمە محمد قائد، تهران ١٣٨٥، نشر مرکز

٢. سە چهرەی دموکراسی، سی. بی. مک فرسن، ترجمە مجید مددی، نشر دیگر، ١٣٨٢، تهران

٣. آیندەی سوسیالیسم، (مجموعەی مقالات)، ترجمەی ناصر زرافشان، تهران ١٣٨٠، نشر آگاه

٤. سە مفهوم دربارە آزادی: لیبرالی، دموکراتیک و سوسیالیستی، استفانو پتروچیانی، برگردان : ب . کیوان، .

٥. مسئلە آزادی از دیدگاە مارکس: رابطە دیالکتیکی آزادی مثبت و منفی، استفانو پتروچیانی، برگردان : ب . کیوان

٦. برابری و مسئلە های آن، دومنیکو لوسوردو ، برگردان : ب . کیوان

٧. مفهوم عمومی انسان در سنت لیبرالی و سۆسیالیستی، دومنیکو لوسوردو، برگردان : ب . کیوان،

٨. «حقوق بشر» و «حقوق شهروند»: دیالکتیک جدید برابری و آزادی، اتین بالیبار، برگردان : ب . کیوان ،

٩. تناسخ دیالکتیک برابری بە عقیدە مارکس، برنارد شاوانس، برگردان : ب. کیوان،

١٠. آیا آزادی و برابری با هم سازگارند؟ ژ. آ. کوهن، برگردان : ب. کیوان،

١١. علاقە بە آزادی، توجیە بردەداری، سە نظر در مورد لیبرالیسم، لوسین سو، ترجمە باقر جهانبانی، لوموند دیپلوماتیک فارسی ژوئن ٢٠١٣

١٢. دموکراسی و سیر تکامل تاریخی آن، احسان طبری، نوشتەهای فلسفی و اجتماعی جلد دوم، انتشارات حزب تودە ایران، چاپ دوم ١٣٨٦

١٣. سە مفهوم آزادی، اسفندیار طبری، خرمگس نشریە فلسفی و اجتماعی، شمارە ٢، مارچ ٢٠١٤، اسفند ١٣٩٢

١٤. سوسیالیسم و لیبرالیسم: همسوئیها و ناهمسازیها، گفت وگو با سعید رهنما، نشریە خبری سیاسی الکترونیک ایران امروز ٢٠١٤

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر حوکمی ئێعدامی ڕامین حوسەین پەناهی




**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**ئازادیخوازانی ئێران!**
**کۆڕ و کۆمەڵەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ!**

بەپێی ڕاگەیاندنی پارێزەر حوسەین ئەحمەدی نیاز و بنەماڵەی حوسێن پەناهی، دوێنێ پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ ژانویەی ٢٠١٨ی زایینی، بەناو دادگای شۆڕش لە شاری سنە، حوکمی سێدارەی بۆ ڕامین حوسەین پەناهی دەرکردووە. ئەو حوکمە لە کاتێکدایە کە تەنیا یەک دانیشتنی دادگا گیراوە بۆ ڕامین و بە وتەی پارێزەرەکەی ئەو حوکمە زۆر لەپڕدا و هاوکات چاوەڕواننەکراو بووە. بەپێی قسەکانی خودی ڕامین و پارێزەرەکەشی، ناوبراو بۆ سەردانی بنەماڵەکەی چۆتەوە کوردستانی ئێران و بە هیچ شێوەیەک بەشداریی لە تێکهەڵچوونی چەکداریدا نەبووە، لەلایەکی دیکەوە بە قسەی خودی رامین، ناوبراو چەندین مانگ لە ژێر ئەشکەنجەدابووە، بۆیە بە لێکدانەوەی هەموو ئەوانە و بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامیش ناوبراو شیاوی حوکمی سێدارە نیە. ئێمە وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەو حوکمە نامرۆڤانە و نایاسایی دەزانین و پێمانوایە دادگا بە تەواوی لەژێر سێبەری بار و دۆخی سیاسیدا ئەو حوکمەی داوە و لەڕاستیدا بۆ تۆڵەکردنەوەیە لە کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات کە لە مانگەکانی ڕابردوودا چەندین جار خۆپێشاندان و کۆبوونەوەی گەورەی جەماوەرییان پێک هێناوە. داواکارین کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان، کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوە کوردستانی، ئێرانی و نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ لەمەڕ ئەو حوکمە نادادپەروەرانەیە بێدەنگ نەبن، ئەرکە لەسەر هەموومان و بە تایبەت لەسەر چالاکانی نێوخۆی وڵات کە نیشانی بدەن دژی ئەو حوکمە و بە گشتی حوکمە سیاسییەکانن کە لە کوردستان زۆر زیاتر لە شوێنەکانی دیکە بەڕێوە دەچن و کۆماری ئیسلامی دەستی قورسی خۆی هەموو کات لە کوردستان دەوەشێنێ. بێ دەنگ بوونی ئێمە ڕادە و ژمارەی ئەو کارەساتانە زیاتر دەکا و هەر ڕۆژ دەبێ شاهیدی ئێعدام و لەنێوچوونی زیاتری ڕۆڵەکانمان بین.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

**٢٦ی ژانویەی٢٠١٨**

**٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٦**

## لەهەر باخەی گوڵێک

# بە قاقای پێکەنینم خەمنامەت دەگێڕمەوە ئەی نیشتمان!



هەیاس کاردۆ

هەتا بیر لە نیشتمان و بەسەرهاتەکانی دەکەمەوە بوغزێکی خنکێنەر گەرووم دەگرێ و خەریکە لەپێم بخا. دەگەڵ چرکە بە چرکەی وەردانەوەی خەمنامەی ئەم کوردستانە سەت جار دەمرم و دەژێمەوە. ئازارەکانی وەبیرهێنانەوەی ئەو هەموو ڕووداوە تاڵ وجەرگبڕانە هێندە بەژانن ئاراوقاراویان لێ بڕیوم. نازانم ڕوو لەکام گۆشەی وڵاتەکەم بکەم هەتا تۆزێک، تەنیا تۆزێک هەست بە ئارامی و حەسانەوە بکەم. هیچ شوێنێک لەم وڵاتە پان و بەرینە شک نابەم مەلی خەیاڵەکانمی تێدا وەهەڵفڕین بخەم. نە دۆڵێک شک دەبەم بم حاوێنێتەوە، نە دەشتێک هەیە سوکناییم بداتێ، نە لووتکەیەک کە ئازارەکانم لەبیر باتەوە. ڕوو لە هەر کوێ دەکەم تەنیا خەمە و بۆسووی هەڵقرچانی دڵەکان و هەڵوەرینی فرمێسکی چاوەکان. سەیرە، ئەو بەسەرهاتانەی بەسەر وڵاتەکەم و گەلەکەم دێ زۆر وەک داستانی ئەو سێریالە تێلویزیۆنیە پڕ ماجەرایانە دەچێ کە دوای تەواوبوونی هەر ئەڵقەیەک چاوەڕوانی ڕووداوی ناخۆشتر و پڕ کارەساتتری. لێرە، لەم کوردستانە ڕۆژ نیە گوێبیسی کارەساتێک نەبم، یان ماڵوێرانی و جەستەی دەخوێندا سووربووی کوڕان و کچانی کورد نەبینم. سەرم سوڕ ماوە ئەوە چ چارەنووسێکە بەنسیبی ئەم گەلە بوە و خوڵقێنەری ئەم چارەنووسە کێیە؟ لێی حاڵی نیم بۆ دەبێ ژان و ئازار و برین لەم هەرێمە دوور نەکەوێتەوە؟ بۆ دەبێ منداڵانی بێبەش لەهەموو خۆشییەکانی ژیان، برسی و دەربەدەر و بێ باوک و دایک بمێننەوە؟ کێ وەڵامدەری ئەو هەموو بەڵایەیە کە ڕۆژانە بەسەر خەڵکی لێقەوماوی کورد دێ؟ کوا مرۆڤایەتی، لە کوێیە ئینساندۆستی، چ مانایەکی هەیە هاوپێوەندی؟ کوان ئەوانەی لاق شکانی مەلێک دڵیان وەژان دێنێ؟ بۆ دیار نین ئەوانەی بۆ ڕزگارکردنی گیانی حەیوانێک خۆیان بە ئاو و ئاگردا دەدەدن؟ لەکوێن ئەو لایەنگری مافی مرۆڤانەی فرمێسکی منداڵێک ئازاریان دەدا؟ بۆ هەموو ڕوویان لەم خەڵک و لەم وڵاتە وەرگێڕاوە؟ مەگەر ئەوانەی لێرە ڕۆژانە و بە کۆمەڵ قڕ دەکرێن بەشێک لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی نین؟ ئای لە دوو ڕوویی ئینسانەکان! کتێبی خەمنامەی کورد تەنیا بوارێک ناگرێتەوە. هێرشی دوژمنان و وەڕێخستنی جۆگەی خوێن لە خەڵکی بێدیفاع و سووتاندنی شار و گوندی ئەم کوردستانە تەنیا بەشێک لەو داستانە تراژیدییە پێک دێنێ. ئەوەی دوژمن دەرحەق بە کورد دەیکا هەرچەند زۆر دڕندانە و بی ئینسافانەیە بەڵام بەجۆرێک سوکنایی بەخشی دڵەکانە، چونکە دوژمن خۆی لەبەرامبەر کێوی خۆڕاگریی کورددا دەبینێ. هەر بۆیە بۆ لەپێ خستنی ئەو کێوی ورە و باوەڕە ناچارە هەموو دڵڕەشی و بێڕەحمییەکانی خۆی بەکار بێنێ. بەڵام سەرتۆپی تراژێدییەکانی بەسەر کورد هاتوون و دێن لەنێو ماڵی خودی کورد دایە. ئەو برینەی کورد لە لەشی خۆی دەکا قەت سارێژ نابێتەوە. ئەو ئازارەی ڕۆڵەی کورد لە خوشک و برای خۆی چێشتوویەتی زۆر بەسۆیە، لەپێ خەرە. لەڕاستیدا بەشی هەر گرینگ و دڵتەزێنی خەمنامەی کورد، هەر بەدەستی کورد نووسراوەتەوە و هەر کورد خۆشی دەی خوێنێتەوە. بڵێم چی هاوڕێم، هاوسەنگەرم، هاوخوێنم، خوشکم، برام چۆنت تێ بگەیەنم؟ ئێمە لێک ناحاڵین، لە زمانی یەکتر تێ ناگەیەن. هەر کاممان ڕوومان لە قیبلەیەکە و کەسمان لەکانیاوی یەکتر ئاو ناخواتەوە. هەموو لێک نەبانین، خەنجەری دەستمان ڕوو لەپشتی برامانە. چاومان بە دیداری یەک هەڵنایە، دایمە پێمان خۆشە لەپشتەوەڕا برای خۆمان سەیر بکەین. ئەو خەنجەرەی لەحاند دوژمن هەمیشە دەکالان دایە، بۆ کونکردنی پشتی برا ئامادەی وەشاندنە. ئەوەیە بەشی هەر تراژیدیی داستانی کورد. ئەوەیە فرمێسکمان لەچاوان نابڕێ و قەت پشتمان ڕاست ناکاتەوە. بەڵام هیچ چارمان نیە و ڕێگامان تەنیا ڕێگای درێژەی خەباتە. هەتا ئازارمان زیاتر بێ خۆڕاگرتر دەبین. هەتا زیاترمان خوێن لەبەر بڕوا بە بڕشتتر و چوست وچالاکتر دەبین. بارتەقای هەموو ماڵوێرانی و ئاوارە بوونمان هێز وەر دەگرین و دیسان تێ هەڵدەچینەوە. ئێمە ڕێبواری ڕێگایەکین پڕ کەند و لەند، پڕ کارەسات. هیچ ڕێگایەک بێ کۆتایی نیە. ڕاستە لەدرێژەی ئەم ڕێگایەدا کتێبی خەمنامەی نەتەوەییمان هەر دێ و قورستر دەبێ، بەڵام هەموو چاوەکانمان لەو نوورە کزەیە کە دەبێ بیگەینێ. ڕێگایەکی زۆرمان بڕیوە، زۆر کوێرە ڕێ و هەوراز و نشێومان تاقی کردوونەوە، لەزۆر چۆمی خوڕێن پەڕیوینەتەوە. ئامانجێک کە وەدووی کەتووین گەڕانەوە لێی محاڵە. لەو ڕێگا سەخت و ناهەموارەدا زۆرمان ئەزموون وەسەر یەک ناوە. با لەو ئەزموونانە بەباشی کەڵک وەر گرین و هەوڵ بدەین درێژەی ڕێگاکەمان کەم مەترسیتر و ئاسانتر بێ. دە دڵم چەقیوە دەگەڵ قاقای پێکەنینەکانم خەمنامەی دووروودرێژی کوردتان بۆ دەخوێنمەوە...




# لە هیچیان ناچێت...

ئەو لە هیچیان نەدەچوو!
بەژنی پڕ بو لە یاقوتی ژیان، چاوەکانی لە خەیاڵی ئەرخەوانی،
وشەکانی لە نەبات،
هەنگاوەکانی لە بەفرێکی گەرم گەرم!
سپێدەی لە مەستی خۆرەتاو
ئێوارەی لە یاسەمین
ئەو لە هیچیان نەدەچوو، نا...
هات سێبەری هەر هەموو سەوزاییەکانی ڕاو کرد
بۆنی عەتری باخەڵی هەر هەموو ئێوارەکانی ئەم شارەی
خستە فەقیانەکەی
چرپە چرپی باخچەی کۆکردەوە ژێر چەترەکەی
بێزاری بەسەر شانی مردندا
لار کردەوە
لە هیچیان نەدەچوو ئەو!
هێندە جوان و گەرم بوو
دەتگوت تەوارە خەم لێنیشتوەکەی نیشتیمانی منە
لە باوەشی خەیاڵدا ون دەبوو...
ئەو چەندە جیاواز بوو
جیاواز!
لە فڕیندا ڕەنگی لە هیچ پاسارییەک نەدەچوو
شەقەی باڵی دڵی دەلەرراندەوە
گیانی دەخستە سەما
ئەو لە هیچیان نەدەچوو
لە تارمایەکی سپی دەچوو ئەو
بەسەر هێشووەکانی ئەویندا
چاوی دەتروکاند
وەک شەوێکی تەنها و درێژ!
لە سێبەری بایەکی پر نمە باران دەچوو
لە فرمێسکی ڕوانینێکی نەرم
ئەو بۆنی مەراقی من و تۆ و دایکم
دەخاتە جانتاکەی
پڕدەبێ لە شەکری پیکەنین
ئەو!
شەو تا سپێدە هێشووی نوور دەهۆنێتەوە
بەناو بەلەمە شکاوەکاندا
خەیاڵی دۆزینەوە ژیان دەبینێ
ئەو لە هیچمان ناچێ و لە هەر هەموومان نزیک!
لەگەڵ هەر هەموو بێدەنگیەکاندا
لە هیچیان ناچی لە نۆژن بونەوەدا
لەماڵی هەتاودا هەمیشە خەم دەتوێنێتەوە
نائومێدی بە ڕێژنەی باو
غەریبی بە سەراب دەسپێرێ
لە هیچیان ناچێت...

# سەمای سەربەستی

لە سەرەتای وەرزێکی سپی و
لە نێو جەرگەی وڵاتێکی
سپی سپی سپی دا،
تاجەگوڵێکی سپی لە سەر نابوو،

جووتێک کەوش و
کراسێکی ئاودامێن و
تارایەکی گوڵ سەهۆڵی
سپی سپی سپی لەبەردا بوو.

بەسەر شەقامێکی کافووریدا و
بەسواری ئەسێکی
سپی سپی سپی،
هات

هێور هێور
خەرامان خەرامان،

زێڕەو شانی دەکرد
بە وردە ئەڵماسی سپی
ئاسمانیش،

هەزاران چاو مۆلەقی ڕێی
تامەزرۆی دیداری،


هەزاران دڵ
مەستی سەمای سەربەستی بوون،

هەر چوار چراکەی چوار چرا
بە دەم هەناسەی بایەکی نەرمەوە،
کەوتنە سەما،

بە سەر فەرشێک لە ڕۆحی سپی و
ئەشقی سپی و
سروودی سپیدا هەنگاوی نا و
لە نێوەڕاستی ئاپۆڕەی خەڵکەکەدا
قنج ڕاوێستا،
ئەسپەکەی،
هەزاران کۆتری سپی چەپڵە،
هەزاران هاواری سپی شادی
دایان لە شەقەی باڵ و
فڕین فڕین فڕین،
ئاسمانیان سپی سپی داگیڕا،

قازیش،
بەدڵێکی بێگەردی سپییەوە،
دەستی گرت و
داییەزاندە سەر کورسییەکی،
سپی سپی سپی و
خاکێکی سوور سوور سوور،
بووکی ئازادی.

**قادر عەلیخا**



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 719 4 february 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی



# پوورم ئەگەر سمێڵی هەبا پێم دەگـــوت مامـە!

مەنسوور مروەتی

قسەکانی حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ئێران لە سی و نۆیەمین ساڵڕۆژی هاتنەوەی خومەینی بۆ ئێران کە ڕێک لە سەر قەبری خومەینی کردنی لە چەند لایەنەوە گرینگە، ئەوەش بە دوو هۆ: یەکەم ئەوەی کە ئەو قسانە بیر بۆچوون و لێکدانەوەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی نین کە بگوترێ خەونی نەمان و ڕووخان و لە ڕاستیدا خەونی گولی بە کۆماری ئیسلامییەوە دەبینن، یان قسەی کەسێکی وەک مەحموودی ئەحمەدی نژاد نیە کە قسەکەی بە جیددی وەرنەگیردرێ و بەرپرسانی ڕێژیم بڵێن ئەحمەدی نژاد کەسێکی لات و سەرسەرییە. ئەو قسانە، قسەی سەرکۆمارێکە کە خۆی هەر لە سەرتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە لە کەسانی نێو ئەڵقەی تایبەتیی دەسەڵات و ساڵانێکی زۆر بەرپرسی « شورای بەرزی ئەمنیەتی نیشتمانی «بووە.

حەسەن ڕووحانی لە سەر گۆڕی خومەینی گوتی ڕێژیمی پێشووی پاشایەتی کاتێک دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵکی بیست کە ئیتر درەنگ بوو و لە گیانەڵڵادا دەنگی شۆڕشی خەڵکی بیست. ڕووحانی کە لە ڕاستیدا ڕووی قسەکانی لە خامنەیی و هەستەی ئیستبدادی ڕێژیم بوو، زۆر بە ئاشکرا گوتی کە ئەگەر دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵک نەبیستن چارەنووسی کۆماری ئیسلامیش هەر هەمان چارەنووسی ڕێژیمی پاشایەتی پەهلەوییە.

پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێین لە هیندێک سیستمی سیاسیدا زۆر جار ئەو کەسانەی کە کار و کردەوەکانیان ڕەخنەی لێ دەگیردرێ و دەدرێنە بەر تانە، لە جیاتی وەرگرتنی بەرپرسایەتی و وڵامدانەوە بۆ خۆشیان دەچنە ڕیزی ڕەخنەگرانەوە و هەر هەمان قسەی ڕەخنەگران بە دەنگێکی بەرزتر دەڵێنەوە کە لە ڕاستیدا ئەو کارە زۆر جار بۆ بەتاڵکردنی دەستی ناڕازییان و ڕەخنەگران دەکرێ، هەر بۆیە ئەو قسانەی حەسەن ڕووحانیش دەبێ لەو خانەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێ. چونکە ئەوە یەکەم جار نیە کە ڕووحانی قسەی ئاوا سەرنجڕاکێشی لەم بابەتە دەکا، بەڵام لە ڕاستیدا کاتێک چاو لە ڕەفتار و بڕیار و کردەوەکانی خۆی و دەوڵەتەکەی دەکرێ؛ قسە و کردەوەکانی ڕووحانی بە هیچ کلوجێک لە گەڵ یەکتر نایەتەوە و دنیایەک مەودایان لە گەڵ یەکدی هەیە. حەسەن ڕووحانی تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کە دەورەی دووهەمی سەرکۆمارییەتی، هیچ کام لە وادە و بەڵێنییەکانی کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دەیکردن جێبەجێ نەکردوە و کێشە و گرفتەکانی خەڵکیش لە هەموو بوارەکاندا نەک هەر لە جێی خۆیانن، بگرە لە پێشوو زیاتر بڕستیان لە خەڵک بڕیوە.

لـــەوە بـتـــرازێ هـــەر وەزارەتــــــی ئـیـتـڵاعـاتـەکـەی نـاوبـــراو لـەم خۆپیشاندانانەدا بۆ سەرکوتی خەڵک لە سپای پاسداران ڕۆڵی زۆر خراپتری گێڕا و چەندین کەس لە شارە جۆربەجۆرەکانی ئێران پاش گرتنیان لە زیندانەکانی ئیتڵاعاتدا وەکوو گیراوانی زیندانی کەهریزەک تەرمەکانیان بە مردوویی ڕادەستی بنەماڵەکانیان کرایەوە.

لەلایەکی دیکەوە قسەکانی حەسەن ڕووحانی لەو ڕووەوە جێگای لێ وردبوونەوەیە کە ئەوە یەکەم کەسە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتدا کە بە ئاشکرا باس لە نەمان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەکا، دەنا بێ گومان کاربەدەستانی دیکەی کۆماری ئیسلامیش هەستیان بەو مەترسییە کردوە و دەنگی لێ دەرناهێنن؛ بەڵام سەرباقی ئەوەش وڵامدانەوە بە ویست و داواکارییەکانی خەڵک لە قامووسی کۆماری ئیسلامی ئێراندا نیە و کۆمەڵگەی داڕووخاوی ژێر دەسەڵاتی ئەوان تازە بەو مودیلە حکوومەتە ئیدارە ناکرێ و ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر بوون دەڕوا.

ڕووحانی لە قسەکانیدا لە سی و نۆیەمین ساڵڕۆژی گەڕانەوەی خومەینی بۆ ئێران بەراوردی کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی دەکا و دەڵێ ئەوانیش پێیان وابوو کە حکوومەتەکەیان تا سەر و بۆ هەتاهەتایە دەمێنێ و دەنگی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکیان نەبیست، بۆیە ئەگەر دەنگی ناڕەزایەتیی خەڵک نەبیسرێ دواتر درەنگ دەبێ و لە دەست دەردەچێ. بەڵام ئەو ئەمما و ئەگەرانەی ڕووحانی هیچکات نە لەلایەن خۆی و دەوڵەتەکەی و نە لە لایەن خامنەیی و بەیت و دارودەستەکەیەوە وڵام نادرێنەوە؛ چونکە: ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێک نیە کە چەند ساڵێک لە تەمەنی گوزەرا بێ و پێویست بێ ماوەیەکی دیکەش دەرفەتی تاقیکردنەوەی بدرێتێ هەتا سیستمەکە بەرەو دیموکراسی و دۆخی خەڵکیش بەرەو چاکە و چارەسەر بەرێ. لەو سیستمانەدا کە وڵات بە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت بەڕیوە دەبرێ و دیکتاتۆری بە سەر وڵاتدا زاڵە و گەڕانەوە بۆ دەنگ و ڕەوایەتیی خەڵک بوونی نیە، هیچکات وڵامی داواکارییەکانی خەڵک بە ئاراستەی چاکە و چارەسەردا نادرێتەوە، چونکە ئەگەر وابێ ئەوە ئیتر ئەو ڕێژیمەی پێشوو نیە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیشدا کە ڕێک وەها دەسەڵاتێک حوکمی وڵات دەکا بێ گومان نە ئەگەرەکانی حەسەن رووحانی گوێی بۆ ڕادەگیردێ و نە جوابی دواکارییەکانی خەڵک دەدرێتەوە. چونکە ئەگەر وابایە ئیتر کۆماری ئیسلامییەک نەدەما.بەڵام ئەو قسانەی ڕووحانی ڕاستن و لە جێی خۆی دان کە لە ئێراندا شۆڕشێکی دیکەی هاوشێوەی ساڵی ٥٧ بەڕێوەیە و چارەنووسی ئەو حکوومەتەش هەمان چارەنووسی حکوومەتی پاشایەتی پەهلەوییە.

ئـەمما و ئـەگـەرەکـانـی حـەسـەیـن ڕووحـانـی هـاوشـێـوەی ئـەو پـەنـدە کوردییەیە کە دەڵـێ: «پـوورم ئـەگـەر سمێڵی هەبا پێم دەگـوت مامە.»

# ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان لە دەرەوەی وڵات

### بریتانیا



ڕۆژی شەممە، ٣٠ی بەفرانبار سیمینارێک بە بەشداریی کوردانی دانیشتووی بریتانیا و ژمارەیەک کەسایەتی و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان لە شاری لەندەن بەڕێوە چوو.

ئەم سیمینارە کە لە ژێر ناوی "کۆمار و پرسی بە دەوڵەتبوونی کورد" دا بوو، لە لایەن کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاری مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێک خرابوو.

لەو سمینارەدا د. سەعید شەمس لە ڕوانگە فەلسەفەی مێژووییەوە ڕخنەی لەو دوو خوێندنەوەیە گرت کە بۆ پرسی سەربەخۆییخواز بوون یان خودموختاری خواز بوونی کۆماری کوردستان دەکرێ. سەعید سەمس ئاماژەی بەوەدا ئەو دوو خوێندنەوەیە بۆ کۆماری کوردستان زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیان و لەو روانگەیە خوێندنەوەیان بۆ کۆماری کوردستان کردوە. سەعید شەمس بە ئاماژە بەم دوو خوێندنەوە دژ بە یەکە بۆ کۆمار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لە نێوان ئەو دوو خوێندنەوەیەدا خوێندنەوە و ڕوانگەیەکی دیکەش هەیە.

### نۆڕوێژ



ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندان لە ژێر ناوی «ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بازنەی ڕووداوەکانی ئێستا و داهاتووی ئێراندا» سمینارێکی سیاسی و تەشکیلاتیی بۆ کاک خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کاک خالید عەزیزی لەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان و مێژووی دەوڵەتی کوردی کە ٧٢ ساڵ لەمەوبەر لە لایەن پێشەوای کوردان قازی محەمەد دامەزرێندرا و ئێستاش دەتوانین کەڵک لە ئەزموونە باشەکانی ئەو کۆمارە ساوایە وەرگرین، باسێکی پێشکێش کرد.

بەڕێزیان لە باسەکەیدا ئیشارەی بەو ڕووداوانەی کرد کە لە مێژووی کوردا هاتوونەتە پێش و ئێمە وەک کورد نەمانتوانیوە کەڵکی باشیان بۆ سەرکەوتنی گەلەکەمان لێ وەرگرین، ناوبراو بەڕوونی باسی لە درز تێکەوتن و لەگەل یەک نەسازانی هۆی شکەست هێنانی ئەو دەسکەوتانەی کە کورد لە مێژوودا بەدەستی هێناوە زانی .

دوای باسەکانی بەڕێز کاک خالید عەزیزی، بەشداربووانی سمینارەکە بە تایبەتی نوێنەران و ئەندامانی لایەنە سیاسییەکان پرسیار و تێبینی خۆیانیان باس کرد و دواتر لە لایەن کۆڕگێڕەوە وڵامدرانەوە.

### فینلاند




کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند، ئێوارەی ڕۆژی ٣٠ی بەفرانبار بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان سمینارێکی بۆ کاک حەسەن ڕەستگار پێک هێنا.

کاک حەسەن ڕەستگار بە ئاوردانەوەیەک لە هەلومەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان و هەروەها بەربەستەکانی سەررێی ئەو کۆمارە، لەو بارەوە کۆمەڵێک خاڵ و فاکتی گرینگی لە ڕوانگەی مێژوویی و سیاسییەوە لەبارەی کۆمار و هەروەها دەورو نەقشی پێشەوا قازی محەممەد خستەبەرباس.

برگەیەکی دیکەی سمینارەکە تەرخان کرا بۆ کاک سەعید بێگزادە کەوڵامی پرسیاری بەشداربوانی دایەوە.

### سۆئێد



کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سۆئێد ڕۆژی شەممە، ٧ی ڕێبەندان بەبۆنەی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان سمیناڕیکی بۆ کاک خالید عەزیزی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لەو سمینارەدا پەیامی کۆمیتەی سۆئێدی حیزب لەلایەن نەبەز عەلیدووست خوێندرایەوە و فیلمێکی دیکۆمێنتاری لەسەر کۆماری کوردستان پیشان درا.

کاک خالید عەزیزی لە باسەکەیدا بە چاوی خەسارناسییەوە باسی لەو هەل و دەرفەتانە کرد کە لەو سەردەمەدا بۆ بەڕێوەبەرانی کۆمار هاتنە پێش و هاوکات ئەو گرفت و کێشانەشی خستنە ڕوو کە چ لە لایەن هێزە دەرکییەکان و هەم لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە بەرەو ڕووی کۆمار کرانەوە.

بەڕێزیان لە تەوەرێکی دیکەی باسەکەیدا وێڕای ئاورێکی خێرای لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو دواییانەی ناوچەکە تیشکی خستەسەر چۆنیەتی هەوڵ و تێکۆشان بۆ سەرخستنی خەباتی کورد و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بۆ کورد لە هەر بەشێکی کوردستان و لەو پەیوەندییە دا باسی لە کەمتەرخەمی و ئاوڕنەدانەوە لە هۆکارەکانی شکست و نسکۆکان کرد.

### دانمارک



کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک ڕۆژی شەممە، ٧ڕێبەندان ڕێوڕەسمێکی تایبەت بە یاد و بیرەوەریی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێک هێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی کۆمیتەی حیزب لە لایەن کاک خالید ڕەواندووست، بەرپرسی کومیتەی گشتی حیزب لە وڵاتی دانمارک خوێندرایەوە.

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیام و برووسکە پیرۆزبایی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانی میوان و بڕگە هونەرییەکان بەشەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

### ئەمریکا



کومیتەی واشینگتۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٧ی ڕێبەندان ڕێوڕەسمێکی بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ساڵیادی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد.

لەو کۆڕەدا سەرەتا کامران باڵنوور، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەمریکا باسێکی کورتی لەسەر کۆڕیادەکە کرد و دواتر د. ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لەسەر کۆماری کوردستان پێشکەش کرد. بەڕێزیان پاشان تیشکی خستە سەر چالاکییەکانی ئەو دواییانەی حیزب و لێکدانەوەی بارودۆخی ئاڵۆزی ئێران و ڕۆڵی ئامریکا و زلهێزان لە گۆڕانکارییەکانی جیهان و ناوچەکە.

لە برگەیەکی دیکەی یادەکەدا خاتوو سینەم محەممەد، نوێنەری باکووری سووریە لە ئامریکا دوای پیرۆزبایی ٢ی ڕێبەندان وتارێکی لە سەر بارودۆخی عەفرین و پێویستیی یەکگرتوویی کورد بە گشتی پێشکەش کرد.